# مناڵێك


# لە گوندەکەوە



سيد قطب

وەرگێڕانی : فهمی شریف

Scanned with CamScanner




› pdf کتێبخانەی

CLOSED GROUP · 122K MEMBERS

Announcements Photos Events Files Albums

Write something...

LIVE

Scanned with CamScanner

# مناڵێك

# لە گوندەكەوە



## سید قطب

وەرگێرانی : فهمی شریف

Scanned with CamScanner






Scanned with CamScanner

# مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ وەرگێڕ

ناوی کتێب: منالێک لە گوندەکەوە

بابەت : ڕۆمان

نووسینی: سەید قوتب

وەرگێڕانی: فەهمی شەریف

تایپ: ڕیاز کاکە مەحموود

نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە: شەهرام عبدللە

ساڵ و نۆرەی چاپ : ٢٠١٢ ز – چاپی دووەم

چاپخانە ی ڕێ نویَ

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکـــان

ژمارە(١٩٥٦)ی ساڵی (٢٠١٠) پێدراوە



Scanned with CamScanner

## پێشکەش

**بە تۆ پێشکەشە ئەزانم یەکسەر ئەزانیت و ئەڵێی تۆ منم**



Scanned with CamScanner

# پێشەکی

ئەم وێنانەی ژیانی گوند لە ماوەی چارەکە سەدەیەکدا لەگەڵ منداڵیمدا ژیان،بێجگە لە گواستنەوە لە پەڕەی یادگاوە بۆ پەڕەی تیانوس هیچی ترم نەکردوەو نەنوسیوە، ئێستا کەمێك لەم وێنانە لاچون و وێنەی نویٚ شوێنی گرتونەتەوە .... تۆمارکردنیشیان لێرەدا پارێزگاری کردنە لە ژیانی جڤات و مێژوی نویٚ لە تۆمارگەی هونەردا، زۆرێك لەم وێنانە هێشتا ئەژین،بەڵام خەڵکی شار زۆر خۆشگوزەرانن ئەستەمە نە لە دونیای بویەردا و وە نە لە دونیای خەیاڵدا باوەڕ بەمە بکەن ......

تۆمارکردنیشیان لێرەدا بۆ ئەوەیە کە نەوەی نویٚ وێنەکانی جڤاتی لادێیی بە باش و خراپەوە بخوێنێتەوە، بەو ئومێدەی راوبۆچونێکیان هەبێت لەوەی کە پێویستە بمێنێتەوە و لەوەش کەنەمێنێتەوە.

سەید قوتب



Scanned with CamScanner

# ١

# دێوانە

زیاتر لە چارەکە سەدەیەك بەسەر ئەم ڕووداوانەدا تێپەڕی بەڵام ئەو ئەمڕۆ ناتوانێ وێنەیان بکێشێ بێجگە لەوەی کە لە جەستەیدا هەستی پێ دەکات و وەکو موچرکەیەك لە بێدەنگی دا ئێسقانەکانی دەبزووێنێ هەروەك ئەوەی کە خوێنی لەناو ئاوێکی بەستوودا بێت و لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر بگۆڕدرێ.

پیاوە قژ بڕۆ جل و بەرگ دڕاوەکە کە هەندێ جار ئەوەشی لەبەر نەبوو کە جەستەی بپۆشێ گەڕۆك بە کووچەو کۆڵانی گوندەکەدا وە گالۆکێکی بەدەستەوە بوو کە پێی ئەدا لە هەموو شتێك و لە هەموو کەسێك دەنگێکی تێکەڵ و پێکەڵی ترسێنەری دەردەکرد یان بە دەنگێکی بەرزی تۆقێنەر قاقای لێ دەدا!

ئەو منالێکی کەمتر لە شەش ساڵان بوو کاتێ کە خەڵکەکە لە گوندەکەدا دەستیان کردە چرپە چرپ دەربارەی (شێخ نەقیب) ، بیستی ئەڵێن: کە (قومێك)ی هەڵداوە و زۆر لەسەری قورس بووە...

(قوم).؟ ئەو زۆر باش ئەزانێ چیە تا ئێستاش بیرییەتی کە ڕۆژێك تاگرتی ئەو شلە مەنییە تاڵ و تام و بۆن ناخۆشەیان پێ نۆشی بە هەموو ڕێگەیەکی هەڵخەڵەتاندن و هەڕەشە ئینجا دوای ئەوە چی ئەبێ با ببێ.!



Scanned with CamScanner

بەڵام ئەم پیاوە(شێخ نەقیب) ئەو (قومە) چی بووە ئاوا ئەیکات بە شەیتانێکی سەرگەردان و ترسناك لەژێری داماڵراو خەیاڵ بردوو کردار نامۆ ئەوە چ (قومێکە) کە ئاوا (کردارانێك) بە خەڵکی دەکات..؟!
پیاوەکە جل و بەرگەکانی پچڕ پچڕ دەکردو لەقوڕا خۆی ئەتلاند یان خۆڵی ئەکرد ەبە سەرو جەستەی خۆیدا تاوەکو پێستی خۆی بە جل و بەرگێك لەخۆڵ و قوڕ دادەپۆشی جیا لە جل و بەرگە دڕاو و دەکەنراوەکەی. لەکوچەکانی گوندەکەدا بۆی دەرئەچوو بە دەنگێکی تیژی ترسناك هاواری ئەکرد: الله الله یان هەنگاوی بەهێزی ئەناو نرکەو ناڵەی لێوە دەهات و لەخۆیەوە دەیوت: بەڵێ. بەڵێ. بەڵێ.. یان سنگی پڕ لە هەوا دەکرد وە سکی بچووك دەکردەوەو خۆی سەرەوخوار ئەکردو ئەیوت: حەی حەی حەی هەروەها زۆر جار ئەچووە لای (شۆستەیەك) یان سووچێك سەری ئەکرد بەناو جلەکانیدا لە بێدەنگی دا خۆی مت ئەدا وەکو (بەنج کراو) بەهیچ جۆرێك جەستەی نە ئەبزواندو وە هیچ چاویشی نە ئەترووسکاند.. هەندێك جار چەند کاتژمێرێك بەو جۆرە دەمایەوە. ئاخۆ ئەو (قومە) چی بووبێت جا هەموو ئەمە لە دەروونی منداڵە بچووکەکەدا بوو!
دواتر تێگەیشت کە ئەمە (قومی سۆفی گەرییە)! وە پیاو چاکە گەورەکان بە سەرکردایەتی (قوتب غەوس) لەسەر چیای قاف کۆ ئەبوونەوە. ئیتر ئەیان ڕووانییە بارو گوزەرانی جیهان وە بە ویستی خۆیان تێیدا دەمانەوە! هەروەها فێر بوو لەو یاساو ڕێسایانەی کە هەیان بوو دابەش



Scanned with CamScanner

كە هەڵبژاردنەكەی بۆ دەرنەچی كەسەی ئەو بەسەر بوو كردنی (قوم) خوادا. جارێك (قورعەكە) بۆ پیاوێكی باش لەنێوان بەندە هەڵبژێراوەكانی و بە ئەمەك دەرنەچوو وە جارێكیش بۆ پیاوێكی خراپ و دڵ رەق دەرنەچوو ئیتر یان ئەم یان ئەوی (دێوانە) دەكرد. یەكەمیان قومەكەی ئارام بەخش ئەبو ماوەی بەسەر بردنی (دێوانە بوونی) لەسەر ئاسان ئەكرد ئیتر بە سەلامەتی ئەیگەیانـدە پلەی (وەلایـەت) بەڵام دووەم قومەكەی توند ئەبوو ئیتر بۆ بەسەر بردنی ئەم ماوە قورسە تووشی سەختی ئەهات تاكو دەروونی پاك ئەكردەوەسروشتی نەرم ونیان دەكردو رۆحی پاك ئەكردەوە، ئا بەو جۆرە ئەگوێزرایەوە بۆ قۆناغی دووەم ئیتر ئارام دەبوویەوەو دڵنیا دەبوو!

هەروەها لێكدانەوەیەكی تریشی بۆ قورسی و سووكی قومەكە بیست:

ئارامی و شڵەژان ئەگەڕێتەوە بۆ بڕی (قومەكە) جاری وا هەیە قومەكە گەورەیە خاوەنەكەی بە هەوڵدان و شڵەژانەوە وەری ئەگرێ چونكە لە رادەبەدەری هێزی خۆیەتی ئیتر ماوەیەكی زۆر لە گەشكەو گیانەلانـدا ئەمایەوە. جەستەی پەرت پەرت دەبوو هێزی دەشێوا تاوەكو خەدا لەكۆتایی دا سەلامەتی پێ دەبەخشی جا ئیتر ئەو لە پلەیەكی بەرزی دیوانی ئەولیاكاندا بوو!

وە جاری وا هەبوو قومەكە بچووك بوو لە وەرگرتنیدا خاوەنەكەی ڕووبەڕووی هەوڵدان و نارەحەتی نەئەبوویەوە وە ماوەی شێت بوونیش



Scanned with CamScanner

زۆری نەدەخایاند هەر ئەوەندە کاتێک کە قومەکە جێگیر دەبوو ئارامی دەگرت. وە خاوەنەکەشی وەلی بوو بەڵام لە دیوانەکە لە پلەی دواوە دەبوا!

**********

بەڵام هەزارو یەك لێکدانەوە بەس نەبوون بۆ هێورو دڵنیا کردنەوی دڵی منالە بچووکەکە. جارێکیان هەر خۆی یان لەگەڵ هاوڕێکانی ڕێگایان دەبڕی نەیان زانی لەکوێوە (شێخ نەقیب)یان بۆ پەیدا بوو!

بەڵام هەر ئەوە ئەزانیٚ کە تفی دەمیان وشك ئەبوویەوە پێکانیان لە زەوی گیر دەبوون کاتیٚ کە لە سەرەتای ڕێگاکەوە (ئەیقیڕاند) بەسەریاندا. هەر چەندە نێوانی ئەو و ئەوان دەیەها مەتر بوو.. پێکانیان لە جووڵە دەکەوتن و چاویان بێ تروکاندن ڕێك تێی بڕی بوو دڵیان لە ترس و پەشۆکاوی دا لێی ئەدا بەڵام نەئەجووڵان، ڕێك لەو باڵندە داماوە ئەچوون کە لە بەرانبەر ماردا وەستابن کە دڵنیایە ناتوانیٚ بفڕێت و یەکسەر قوتی ئەدا. یان هەر لەو مشکە ئەچوون کە لە بەردەم پشیلەدا بوو کە فریوی ئەدا پێش ئەوەی هێرشی بەرێتە سەر و ڕاوی کات.

ئەمەش هەر لەبەر ئەوە بوو کە ئەیانزانی هەوڵی ڕاکردن هیچ سوودێکی تیا نییە. ئەوان پێیان وترابوو کە شێخ (هەنگاو ئەنیٚ) وە کاتێك داوای لێکدانەوەی ئەم (هەنگاوانەیان) کردبوو ئیتر تیٚ گەیشتبوون کە بە یەك هەنگاو لەڕۆژی هەینیدا لە گوندەکەوە ئەڕۆ بۆ کەعبە لەوێ نوێژی هەینی لەگەڵ ئەولیاکان و پیاو چاکاندا ئەکات و پاشان ئەگەڕێتەوە!



Scanned with CamScanner

وە ئەوان ڕێگەی دوورو نارەحەتی حەجیشیان بیستبوو کە ئەو ڕۆژانەش حەج بە وشتر ئەکرا پاش پەڕینەوە لە (دەریاری سوێز)..

بەلاّم ئەوەتا ئێستا شێخ بە یەك هەنگاو ئەم هەموو ڕێگا سەخت و دوورو درێژە ئەبڕێت یەك هەنگاو بۆ ڕۆشتن و یەك هەنگاویش بۆ هاتنەوە..

جا ئیتر ڕۆشتن و هەڵهاتن چ سوودێکی هەیە لەکاتێکدا کە (لە چاوترووکانێکدا) ئەیانگاتێ..؟

هەروەها بیستبوویان کە گۆپاڵە ترسناکەکەی دەستی شێخ چۆنی بویێ درێژ ئەبێت و کورت ئەبێتەوە. وە هەروەها هەر کاتێك بیەوێ بە ئارەزووی خۆی دەستی ئەگاتە دوورو نزیك.

جا ئیتر ڕاکردن و هەڵهاتن چ سوودێکی هەیە..؟

کاتێك کە گاڵۆکەکە پشت و پەراسوویان تێك ئەشکێنێ وە پیاوەکەش پێویست ناکا یەك هەنگاویش بنێ بەدوای هەنگاوە کورتەکانیاندا! نەخێر بەڵکو بیستبووشیان کە ئەتوانێ هەر لە شوێنی خۆیاندا (شەویان بەسەردا بهێنێ) ئەگەر بیەوێ جنۆکەیەکی سەرسەخت هەبوو کە ئەویش لە یەکێك لە ڕێگاکانی گوندەکەدا خەڵکی ئەترساند وە ئەو جنۆکەیەش هەتا بەرەبەیان شەونخوونی دەکرد ئیتر دواتر دەستی بە پاڕانەوە لە شێخ دەکردو داوای لێخۆش بوونی دەکرد. وە بەڵێنی پێ ئەدا کە گوندەکە بەجێ بهێڵێ و خەڵکەکەش تووشی زیان نەکات.. وە شێخیش بەری ئەدا تاوەکو پەیمان و بەڵێنی لێ وەرگرت وە هەرەشەی چارە ڕەشیشی لێ کرد

ئەگەر سەرپێچی بکات... هەر لەو ڕۆژەو ئیتر جنۆکەکە بە دەر نەکەوتەوە
لەو شوێنەدا..؟!
ئایا ئەوان لە جنۆکەکان خێراترو بەهێزترن..؟
بێ سوودە.. بێ سوودە.!
خەریك بوو دڵیان داکەوێ وە زمانیان لە گۆ بکەوێ وە تفیان بە یەك جاری وشك بوو بوویەوە هێندی پێویست لە دەمیانا نەمابوو بۆ جووڵانی زمانیان هەر ئەوەندە تفیان هەبوو کە کۆیان ئەکردەوە بۆ پاراوکردنی قوڕگیان لەو وشك بوونەوەیە..
وە چاوەکانیشیان ئەبلەق بڕیبوویە ئەو پیاوە زەبەلاح و ترسناکە.!
پاشان ئەکەوێتە ڕێ
یان لا ئەدا پێش ئەوەی بیان گاتێ لە یەکێك لە ڕێگا پێچاو پێچەکانی گوندەکەدا... ئیتر ئەو کاتەش هەناسەیەکی قووڵ هەڵئەمژن و ئەو هێزەی کە پێیان ماوە دووبارە کۆی ئەکەنەوە. پاشان هەوای سنگیان بە تەوژمێك بەر ئەدەنەوە کە گەواڵە هەورەکان ئەجووڵێنێ وە لە تاو ترسێکی مرێنەر تینوێتی زۆری بۆ ئەهێنان. وە یان پێیان ئەگەشت. ئیتر ئەوانیش کۆمەڵ کۆمەڵ کۆ ئەبوونەوە سەریان ئەکرد بەناو یەکدا هەروەك ئەو مشکە بچووکانە کە پشیلەیەك هێرشی دەهێنایە سەریان پاشان لێی نزیك ئەبنەوەو مەرایی بۆ ئەکەن و داوای دەست ماچ کردنی ئەکەن وە چاویان بەرزو ئەبڵەق ئەبڕیە گاڵۆکە ترسناکەکەی دەستی.. جارێ سڵاویان لێ ئەکردو جارێکیش.. چێژیان لە ڕەنگە پاکەکەی گاڵۆکەکەی دەبرد..!



Scanned with CamScanner

چونکه له گەورەکانیان بیستبوویان که ئەم گاڵۆکه هی دارێکی بەهەشتە.
ئەوانیش هەر بەو داره ڕووتەڵەی دار خورمایان دەبینی کە خۆیان
ئەیناسن. یان حەوت جار لە ئاوی زەمزەم هەڵکێشراوە هەرکەسێکیش
لێدانێکی ئەم گاڵۆکەی بەر کەوێ ئەوا خۆشبەختی خۆشبەختە. وە تەنها
ئەدرا لە نەخۆش – کە ئیتر خاوەنەکەی هەستی بە نەخۆشی نەدەکرد
وە هەرکە گاڵۆکەکەی بەر دەکەوت ئیتر لە هەموو نەخۆشییەك پاك
ئەبویەوە! هەندێ پیاویان ئەبینی کە لە ڕێگەدا تووشی شێخ ئەهاتن
شەڕیان پێ ئەفرۆشت هەتا ئەوروژا تاوەکو بەو گاڵۆکە چەند لێدانێك بەر
پشتیان بکەوێ سەرو دەم و چاویان لە پێکان ئەپاراست! پاشان بە
ڕەزامەندییەوە ئەڕۆیشتن وە بەو ئازارەوە دەسووڕانەوە کە هەستیان پێ
ئەکرد تاوەکو بڵێن کە هەروەکو لێدانی حەسحەسێکی بەهەشت هەستی
پێ ئەکەن! بەڵام ئەوان چاك تامی ئەم حەسحەسە ئاسمانییە ئەزانن!
پێستیان لەژێر ئەم گاڵۆکە نەفرەتییەدا گرژ ئەبێت هەوڵیان ئەدا هەروەکو
پیاوەکان خۆیان پیشان بدەن بەڵام نەیان ئەتوانی!

سیمای ئەم پیاوەو جووڵەو دەنگەکانی خۆی بۆ خۆی ترسی ئەخستە
دڵییانەوە. وە مناڵەکەش بە شتێکی تر سەرسام بوو جیا لەوەی کە
پیاوەکان باسیان لە تام و نەرمی گاڵۆکەکە دەکرد. کە ئەویش ئەو پیاوە
زۆربەی کاتەکانی بە ڕووتوقوتی بەسەر دەبرد. قژی جەستەو سەری چوو
بوو بە یەکا . لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ناتەواوییەکی لەم پیاوە بەدی نەدەکرد
وە هیچ ژنێکی بەدی نەئەکرد کە شەرم بکا لەم پیاوە جەستە ڕووت و



Scanned with CamScanner

پێست چڵکنە ! وە ئەوەیش هەمیشە پرسیاری ئەکرد وە پێشی وترابوو:
بێدەنگ بە. ئەو ئیتر مرۆڤێکی وەکو ئێمە نییە تەکلیفی لەسەر هەڵگیراوە!
ئەو ئێستا تەرخان کراوە بۆ ولایەت! ئەو چیتر لەو جیهانەی سەر زەوی
نییە کە ئێمەی تیا ئەژین!

*************

پاشان نەخۆش کەوت ... ئەو یارییەکی ئەکرد کە پێویستی بە جەستەیەکی نەرم هەبوو وە ملی بۆ دوواوە ئەسووڕاند ئیتر جومگەکانی ملی تووشی لادان هاتن سەری بۆ لای شانێکی لار بوویەوە ئیتر وای لێ هات کە تەنها بۆ یەک لا ئەیتوانی ملی بجووڵێنێ وە ئەگەر بیوستیایە سەیری لایەك بکات ناچار ئەبوو کە هەموو جەستەی بجووڵێنێ هەورەکو کەمتیار! نەخۆشییەکە درێژەی کێشا ( (داو دەرمانەکانیش)) زۆر بوون ئیتر کەس و کارەکەی تەواو نیگەران بوون کەوا دیار بوو ئەم نەهامەتییە ئیتر بەردەوامە منداڵە هاوڕێکانی لە سەرەتاوە بەزەییان بە حاڵی دا ئەهاتەوە.. بەڵام پاش ماوەیەك ئیتر چاویان لێدا ئەکرد وە کاتێ کە ئاگای لێ نەئەبوو لاسایی سیما نا ئاساییەکەیان ئەکردەوە پاشان پێ ئەکەنین، ئای ئەگەر بە هەر نرخێك ئەبوو چارەسەرێکی بۆ ئەم ئازارە ئەدۆزییەوە.
ئافرەتێك هاتە ماڵیان و چاوی پێکەوت ڕووی کردە دایکی و قسەی لەگەڵ کردو وتی: ئەرێ ژنەکە چۆن ئاوا بێدەنگ ئەبی کە ئەم کوڕە ئاوا بێ..؟
بە هەستێکی زۆر قورسەوە وتی: دەی چی بکەین.؟ زۆر هەوڵماندا بێ سوود بوو.



Scanned with CamScanner

وتی: من تاکە چارەسەرێکت پێ نیشان ئەدەم.

دایکی بە حەسرەتەوە سەیری کرد – هەروەها منداڵەکەش سەیری کرد –

وتی: یەك شەو لای شێخ نەقیب بهێڵەرەوە!

دایکی تێ نەئەگەشت – ئەویش لە سەرەتاوە تێ نەئەگەشت – بەڵام ژنەکە هەموو شتێکی ڕوون کردەوەو وتی: یەکێك لە خێزانەکەتان شوێن پێی شێخ هەڵئەگرێ تا بزانێ لەکوێ ئەخەوێ ئیتر منداڵەکە لە تەنیشتی دائەنێ و تا بەیانی بەجێی ئەهێڵێ ئیتر باش ئەبێتەوە!

چی؟ کاتێ کە ئەم پێشنیارە ترسناکەی بیست مووی سەری ڕاست بوویەو موچرکەیەك بە لەشیدا تێپەڕی کرد ئایا ئەو یەك شەوی تەواو لای ئەو پیاوە سەیرە ئەمێنێتەوە..؟ مەگەر بۆ ئیتر نەڕوا بۆ کونی مارەکان یان بێشەلانی شێر... بەڵکو ئەی بۆ نارِوا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی جنۆکەکان..؟ مەگەر ئەو شێتە..؟!

لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز هەستی بەدرووستی ئەم قسەیە نەئەکرد بەڵام ژنەکەش سوورە لەسەر قسەکەی!

هەرچەندە بە بیری بێ هەرگیز وەکو ئێستا ترس نەچوّتە گیانییەوە وەکو ئێستا کە ئەم گاڵتە هیچ و پووچەی بیست..!

لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیا بوو کە ئەم پێشنیارە جێ بەجێ ناکرێ هەر چەندە ئەگەر چەند جارێکیش هەوڵبدەن زیاتر لەوەش کە لە کاتی هەڵدانی (قومەکە)دا بە هەڵخەڵەتاندن و پەیمان دان پێیان کرد....



Scanned with CamScanner

چاوی بڕی بوویە لێوی دایکی هەروەك ئەوەی کە چاوەڕێی حوکمی سێدارە یان پاکێتی بکات.

تفی قوت داو بە هێواشی هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا.. دایکی ئەیوت: نا نا مەگەر من شێت بووم کوڕەکەم لای دێوانەیەك بخەوێنم..؟ کارەکە ئەدەمە دەستی خودا ئەو ئاگای لە هەموو شتێکە!

بێجگە لە خێرو باشە هیچی تر نەبوو.... بەڵام بەردەوام ئەو ساتەی لەیادەو لەبیری ناچێتەوە هەرچەند چەند ساڵێکیشی بەسەردا بچێ..



Scanned with CamScanner

# ٢

## ئەفسەری جومباز

لەخێزانێکدا گەورە بوو زۆر دەوڵەمەند نەبوو بەلاّم دیارو هەڵکەوتوو بوو... لەکاتی خۆیدا زۆر دەوڵەمەند بووە بەلاّم سامانەکەی دابەش کرابوو سامانەکەش بەهۆی میرات گرییەوە کەم بوو بوویەوە هەندێك بۆ باوکی مابوویەوە کە خراپ نەبوو بەلاّم هەمیشە کەمی ئەکرد.. باوکی بوو بوویە ڕاگری ڕاسپێردراو بۆ پاراستنی ناو چەقی خێزانەکەی وە لە کاتێکیشدا تەنها بەشێکی سنووورداری لە میرات بەرکەوتبوو ئەوەی پێ ڕا نە ئەپەڕی کە سامانی خێزانێکی فراوان ڕای ئەپەڕێنیّ لە هەمان کاتیشدا نەیئەتوانی کە هیچ شتێك لەوانە کەم بکات کە لە گوندەکەدا پێی ناسراوە.

وە ئەویش کەسێکی دەس کراوەو میوان دۆست بوو ئەمەش زیاتر باری قورس کرد کە سامانەکەی بەرگەی نەدەگرت. بەلاّم تا دوا ساتیش پارێزگاری لەناوبانگی خێزانەکەی دەکرد!

وە دایکیشی هاوشێوەی ئەو یان ڕەسەن تر بوو ڕێك ئەوەی بەسەر هاتبوو کە باوکی بەسەریا هاتبوو.. بەلاّم سەرباری ئەوەش دوو خاڵیشی نێردرابوون بۆ ئەزهەر لە قاهیرە هەروەك لە منالاّنی زۆرێك لە خێزانە دەوڵەمەندە گوندییەکان. ئا بەم جۆرە ئەویش لەخێزانەکەیدا بەجۆرێك



Scanned with CamScanner

لەجۆرەکان لە پلەو پایەیەکی زانستی دا گەورە بوو شان بە شانی ناوبانگی گوندی. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا باپیری لەدایکییەوە لەگەڵ ژنەکەیدا بەشێکی زۆری ژیانیان لە قاهیرە بەسەر برد کاتێک کە گەڕایەوە بۆ گوندەکە خانوویەکی درووست کرد کە تا ڕادەیەك لە خانووەکانی پایتەخت ئەچوون لەڕووی ڕێساو ڕێك خستن و مۆدو ئاستەوە وە سەروەت و سامانیشی هاوکاری بوو لە بەدەست هێنانی ئەوەی کە دەیەوێت. ئەو لەم ژینگەیەدا ژیا وە هەموو ئەوانەی کە لە دەورووبەری بوون وا هەستیان پێ دەکرد کە ئەو لەنێوەندێکی تردایە نەك نێوەندی گوندەکە. کاتێك کە تەمەنی گەیشتە شەش ساڵی ئیتر کەس و کاری بیریان لەوە کردەوە کە دەست بە ژیانی فێربوونی بکات.

بۆچوونەکان بوون بە دوو بەشەوە: دەستەیەك پشتگیری ئەوەیان دەکرد کە بچێت بۆ (حوجرە) تاوەکو قورئان لەبەر بکات هەتاوەکو سەرفراز بێت بەو بەرەکەتەی کە ئەو کەسانە سەرفراز ئەکا کە کتێبەکەی خوا لە دڵیانا هەڵئەگرن ! وە دەستەیەکیش پشتگیری ڕۆشتنیان ئەکرد بۆ قوتابخانەی سەرەتایی چونکە پێشکەوتوو ترو خاوێنترە هەروەها شان بە شانی زانستەکانی تریش قورئانیش فێر ئەبێ..

لەسەر ئەو گفتووگۆکە درێژەی کێشاو ئەویش ئاگای لێ نییە... لەکۆتاییدا دەستەی قوتابخانە سەرکەوتن ئیتر فەرمانیشی جێگیر بوو وە ئەویش ئەم بڕیارە ئاگادار کرایەوە یەکسەر قبووڵی کرد بەڵام بەبێ دەرخستنی هیچ پەرۆشییەك ئەو بەلایەوە ئەوە باشتر بوو بۆی کە لە



Scanned with CamScanner

ماڵەوە بمێنێتەوە لەگەڵ خوشکەکەیدا یاری بکات کە کەمێك لەو گەورەتر بوو وە لە دەرەوەش لەگەڵ منداڵە هاوتەمەنەکانی یاری بکات.
تا رادەیەك نازدار بوو چونکە تاقانەی دایك و باوکی بوو لەگەڵ دوو کچدا کە ئەو ناوەنجیان بوو را نەهاتبوو لەسەر ئەو ئەرکانەی کە بێ گومان خۆ لادانیمان لێ نەبوو لەکاتی فێرکردندا نەخوازەڵا ئەوەشی لەخەڵك ئەبیست کە حوجرە (نوقرچ) لەمناڵ ئەگرێ واتە تەندروستیان لاواز ئەکات وە پەکی گەشەیان ئەخاتن بەڵام قوتابخانە شتێکی تری دەربارەی ئەبیست بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئەو بێ ترس نەبوو!
چەند رۆژێك تێ نەپەری ئامادە کرا بۆ قوتابخانە و منێستێکیان بۆ هێنا کە لەوەو پێش کلاوێکی ئەکردە سەری قۆنەرەیەکی تازەشی بۆ کڕرا لەبری قۆنەرە (نیوداشتەکانی) و کراسێکی جوانیان بۆ دووری لە بری کراسە پان و پۆرەکەی وە ئەمەش پۆشاکێکی نوێ بوو کە لە قوتابخانەدا سەردەمی نەهاتبوو ئەمانەی بۆ هێنرا بۆ ناز کێشان و هەڵنانی.
هەموو ئەمانە کاریگەرییەکی یەکجارەکیان هەبوو لە ئاراستە کردنی بۆ قوتابخانە ئەم هەمو رێزو شکۆیە بەهۆی ئەمەوە بوو.
بۆ یەکەم بەیانی باوکی لەگەڵ هاورێیەکی بردیان بۆ قوتابخانەکە...
وە بۆ ئەم قوتابخانەیەش مێژوویەك هەبوو:
لەپێشدا (حوجرەکان) تەنها خانەی فێرکردن بوون تاوەکو ئەنجوومەنی بەرێوەبەری ئەم قوتابخانەیەی کردەوە. وە فەرمانی فێرکردن تیایدا سپێردرا بە فەقییەك و عەریفێك فەقییەکە خەڵکی گوندێکی دراوسێ بو

قورئانی لەبەر بوو هەروەك قورئان خوێنەکانی تر. پاشان ئامادەی چەند وانەیەك بوو کە وەزارەتی ژمێریاری و زانیاری گشتی ڕێکی خستبوو بە هاوکاری پەروەردە پاشان بە (فەقی) بۆ قوتابخانەکە دامەزرێنرا. بەڵاك عەریفەکە یەکێك بوو لەوانەی کەقورئانی لەبەر بوو لە گوندەکەدا وە خاوەنی حوجرەیەك بوو تیایدا. وە ئەنجوومەنی بە عەریف دایمەزراند هەرچەندە ژمارەیەك تەواو لە پەیمانگای مامۆستایانی سەرەتایی دەرچوو بوون بۆ جێگرتنەوەی فەقی و عەریفەکان.

ئەم عەریفە جێگەی متمانە بوو لای خەڵکی گوندەکە باوکی مامۆستای شێخەکانی حوجرەکەی بوو هەمیشە ناوی بە نموونەی توندو تیژی و دڵسۆزی ئەبرا وە توندو تیژیش لەگەڵ منالدا جێگەی متمانە بوو لای باو باپیران. کاتێ کە باوکی مرد ئەو و براکەی بەڕێوەبەرێتی حوجرەکەیان گرتە ئەستۆ هەمان هەڵس و کەوتی باوکیان جێ بەجێ دەکرد تیایدا.

کاتێکیش کە هەڵبـژێردرا بـۆ قوتابخانەکە مانگانەیەکی بـۆ بڕرایەوە کە بڕەکەی سەدو بەنجا قرش بوو کاروباری حوجرەکەی بە براکەی ڕاسپارد ڕۆشت بۆ قوتابخانە بۆ ئەوەی دەستکەوتی قوتابخانە کۆ بکاتەوە بۆ حوجرەکە وە ئەگەر هەندێ قوتابییشی لە دەستدا بێت ئەوا لە قوتابخانەکە کۆیان ئەکاتەوە بەو پێیەی کە شتێکی نوێیە!

قوتابخانەکە هیچ کاریگەرییەکی نەکردە سەر کاری حوجرەکان چونکە تەنها ئەو کەسانە ئەچوون بۆ قوتابخانە کە لە حوجرەدا سەرکەوتوو



Scanned with CamScanner

نەبوون لە لەبەرکردنی قورئاندا وە گەشتبووشنە ئاستی هەرزەکاری یان تێشیان پەڕاندبوو...

کاتێکیش قوتابخانە کرایەوە کەس و کاریان ناردنیان بۆی یان خۆیان ئەیان هێنان بۆ زیاتر دڵخۆش کردنیان یان بۆ دووبارە هەوڵدانەوەیان لەگەڵ هیوایەکی کزدا ! وە لە کاتێکدا کە قوتابخانەکە پێویستی بە ڕاگیر کردنی دڵی خەڵکی و قوتابییەکان بوو ئیتر پەیڕەوی ڕێسایەکی زۆر سەیری کرد لە دابەشکردنی قوتابییەکاندا:

پلەی زانست و زانیاری پێوەر نەبو لە دانانی قوتابییەکان لە یەکێك لە گرەوپەکاندا بەلاّم تەمەن دەست نیشانکەری گرووپی گونجاو بوو بۆ قوتابییەکان . قوتابییە درێژەکان هەڵبژێررا بوون بۆ پۆلی چوارەم هەرچەند کە سمێڵیشیان هێڵی دابوو پاشان ئەوانەی کە لەمان بچووکتر بوون بۆ پۆلی سێیەم ئیتر بەو جۆرە تا ئەگەشتە ساڵی ئامادەکاری کە قوتابی ئامادە دەکرد بۆ ساڵی یەکەم.

بەلاّم هەمیشە ئەم یاسایە جێ بەجێ نەدەکرا چونکە منالّەکانی خێزانە ناسراوەکانی گوندەکە کورسی خۆیان لە گرووپە بەرزەکاندا داگیر دەکرد هەرچەندە کەجەستەیان بۆ ئەم قۆناغە نە ئەشیا.

تەنانەت بە دەگمەنیش ڕێك نەئەکەوت کە باوکی قوتابییەك بێت و شوێنی کوڕەکەی لە ساڵی یەکەمدا دەست نیشان بکات لە کاتێکدا کە کوڕی فلاّن کەس لە پۆلی دووەمەو وەئەویش لەڕووی سامان و دەسەلاّتەوە هیچی لەو کەمتر نییە ئیتر دەست بەجێ داواکەی جێ بەجێ دەکرا ئیتر کوڕەکەی



Scanned with CamScanner

دەگوێزرایەوە بۆ ئەو پۆلەی کە داوای کردووە تاوەکو شەرەفی خێزانەکەیان لەکەدار نەبێ!

بەپێی ڕەچاو کردنی یاساکان نەئەکرا – منالەکە – هەر لە یەکەم ڕۆژییەوە بخرێتە پۆلی چوارەم هەرچەندە کوڕی پووری لەو گرووپە بوو وە وای بە باش ئەزانی کە لەگەڵ ئەو دانیشێ تا پێی دڵخۆش بێ!

بەلام بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دڵخۆش بوو بە شتێك لە زانست و زانیاری باوکی ئیتر بە ڕاشکاوی دەستی کرد بە قسەکردن لەگەلی و بۆی ڕوون کردەوە لە بەرژەوەندی منالەکەیە کە لە سالی ئامادەکارییەوە دەست پێ بکات لەگەڵ منالەکاندا تاوەکو بە هەنگاوە سرووشتییەکاندا بڕوات و سوود وەربگرێ... بۆیە قایل بوو ئیتر بەجێی هێشت بۆ فەقی و بۆ عەریفەکە کە زۆر لای منالەکە ئاشنا بوون چونکە لەمانگی ڕەمەزاندا ئەو لەمالی ئەوان قورئانی ئەخوێند!

*******

باوکی و هاوڕێکەی پاش ئەوەی ئەویان بە قوتابخانە ڕاسپاردو لەگەڵ ئامۆژگاری پێویست ئیتر بەجێیان هێشت ئامۆژگارییەکی وەها کە هەستی بە کاریگەرییەکەی کرد بە هۆی ڕووخۆشی فەقییەکەو گرنگی پێدانی عەریفەکەوە گرنگی پێدانێك کە گەیشتە ڕادەی ناز.

بەجێیان هێشت تا نزیکی کاتژمێر دە بگەڕێنەوە بۆلای جۆرەها خواردن و شیرینی بۆ بهێنن کە دایکی بەگرنگی پێدانەوە ئامادەی کرد بوو.. ئەو



Scanned with CamScanner

ماڵە ئەو ڕۆژە هەستاوو دانیشتووی هەمووی مشور خۆر بوو هەروەکو ئەوەی شتێکی نوێی پێدا تێ ئەپەڕێ!

بەڵام کە دەگەڕێنەوە دەبینن لە قوتابخانە نییە وە لە هیچ شوێنێکیش نییە ! بەڵام بۆ ئەمە بوو نهێنییەکەی لای ئەفسەری جومباز بوو!

هەبێ و نەبێ چیرۆکێکی تر هەیە دەربارەی ئەفسەری جومباز!

ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرێتی هەمیشە تەواوی یاساکانی پەروەردەی پەیڕەو نەئەکرد! وە کاتێکیش کە یارییە وەرزشییەکان بەشێکی جیا نەبووەی پـەروەردەن وە نەشـنەکرا کـە قوتابییـەکان ئـەنجامی نـەدەن.. بـەڵام فەقییەکـەو عەریفەکـە وەکـو یـەك هیـچیان نـە ئـەزانی لـەم یارییـە وەرزشـییانە... ئـا لێـرەوە ئەنجوومـەنی بەڕێوەبـەرێتی چارەسـەرێکی سـەرکەوتووی و دڵخۆشـکەری نیـشاندا.. بـەوەی کـە سـەکێك لـە سەربازەکانی سوپای کۆن بە مامۆستای یارییە وەرزشییەکان دابمەزرێنێ بۆ هەموو قوتابخانەکانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرێتی!

جا ئـەم ئەفسەرە – هـەروەك وا نـاو دەبرا – لەسـەری پێویـست بـوو کە بگـەڕێ بەسـەر هـەموو قوتابخانـەکانی گونـدە پـەرژو بڵاوەکـانی بەڕێوەبەرێتی بەدرێـژایی ساڵ ساڵێ جارێك ڕێك دەکەوت کە سەردانی قوتابخانەکە بکات وە یان وەها ڕێك دەکەوت کە هەر سەردانی نەکات.

لەکاتێکدا کـە گونـدی مناڵەکە باشـترینی گونـدەکانی دەورووبـەری بـوو چـەندین خێزانـی تێـدا بـوو کـە ناسـراو بـوون بـە میـوان دۆسـتی وە ئـەم (ئەفـسەرەش) لـەکاتی هاتنیـدا بـۆ گوندەکـە میوانداریيـەکی بـاش ئـەکرا

بەدرێـژایی ڕۆژ وە خەڵکەکـەی بـەجوانترین شـێوە پێـشوازیان لێ دەکـرد.
تەنها لەبەر ئەوەی کە (ئەفسەرە)رو لـە بەندەرەکەوە هاتووە بەجۆرێك کە
ئەو ڕۆژەی ئەو لەگوندەکە بوو شێوازێکی تایبەتی وەردەگرت... ئەمەش
وای لێ کرد کە سەردانەکانی بۆ قوتابخانەکە لە ساڵێکدا دوو جار یان سێ
جار دووبارە بکاتەوە ! چەند جووڵـەو بزووتنێکـی دیاری کـراو هـەبوو کە
بە قوتابییـەکانی دەکـردن ئـەوانیش: (سـەغادون) واتـە بـۆلای ڕاسـت وە
(سولادن) واتە بۆ لای چەپ وە (مارش) واتە بۆ پێشەوە بڕۆ پاشان (بیـر)
واتە بەرز کردنەوەی هەردوو دەست تا لای سنگ. وە(هیك) واتە دەست بۆ
سـەرەوە وە (ئیچ) واتـە دەسـت بـۆ لای تەنیشت وە ئەمەش پێـی ئـەوترا
مەشـقی یەکـەم... وە سـێ مەشـقی تـریش هـەبوون لـە یارییـە سـویدییە
ناسراوەکان ئەم ئاماژانەی یەك لەدوای یەك جێ بەجێ دەکرد: ( بیـر هیك
ئیچ ) ! جا بەدبـەختی بـۆ ئـەو قوتابییـەی کـە لـە یـەکێك لـەم جووڵانـەدا
هەڵەیەکی بکردایە... ئەو گاڵۆکە حەیزەرانەی کە بەدەستییەوە بوو پشتی
و لا تەنیشتی ئاگر تێ بەر ئەدا !

جا ئەو پیاوە لە خەیاڵی ئەو قوتابییە گوندییانە وەکو شەیتانێك ئەهاتە
بەرچاوە لـەخێرایی جووڵـەیی و ئاسان بازدانی و جوان یاری کردنـی لـە
(جومبـــان)دا ئەمـــەش لەگـــەڵ ســـام و ترســـی بەســـەریاندا وە دان
جیرکردنەوەی بۆیان و وە ئەو گاڵۆکەی کە بە دەستییەوە ڕای ئەوەشاند
ئەی ترساندن. هەموو ئەمانە هۆکاری ترس و تۆقاندن بوو تەنانـەت ڕۆژی
ئامادە بوونی لایان وەکو ڕۆژی حەشر بوو مناڵەکان لەتاو ترسی سەریان



Scanned with CamScanner

سپی ئەبوا بەهۆی ئەوەی کە کوڕی پوورەکەی قسەو باسی دەربارەی ئەم شەیتانە - ئەفسەری جومباز - ئەدایە بەرگوێی ئیتر ئەمەش یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کە ڕێگر بوو لە ڕۆشتنی بۆ قوتابخانە

سەرەڕای هەموو هاندانەکانیش. باروودۆخی خراپ وای ویست کە ڕۆژی ڕۆشتنی بۆ قوتابخانە هاوکاتی ڕۆژی ئامادە بوونی ئەم یاریزانە بوو.

ئەوەی کە پێشتر دەربارەی ئەی بیست بەس بوو بۆ وروژاندنی ترس لەدڵە بچووکەکەیدا بەڵام قوتابییە شەیتانەکان تازەیی ئەو و نە شارەزایی ئەویان لەم بارە قۆستەوە ئیتر دەستیان کرد بە ترساندنی بەجۆرێك کە مێشکی بەرگەی ئەم زیادەڕەوییەی نەئەکرد... ئەم ئەفسەرە هەر بەوەوە ناوەستێ کە بدا لەو کەسەی کە هەموو جووڵە قورس و ئاڵۆزەکان جێ بەجێ ناکا بەڵکو بە قاچی هەڵی ئەواسێ بە داری قوتابخانەکەوە وە ئاوا بۆ ماوەی یەك کاتژمێر بەجێی ئەهێڵێ وە بەگوێی یان بە قژی بەرزی ئەکاتەوە..و لە زەوی ئەیبڕێ پاشان بەری ئەداتەوە ئیتر ئاوا بۆ چەند جارێك... وە بە بەردی بچووك توند بە بە پەنجەکانی گوێی ئەپروێنێ.. تا کۆتایی هەموو ئامرازەکانی سزادان کە هەندێکیان بەڕاستی بەکاری ئەهێنان و هەندێکیشیان زادەی خەیاڵی مناڵەکان بوون.

لەکاتێکدا کە ئەو هیچی نەئەزانی لە چوار مەشقە سەرنج ڕاکێشەکە بەڵکو (سەغادون سولادن مارش)ی نەئەزانی ئیتر دڵنیا بوو کە دەرچوونی نییەوە ئەو سزایەی هەر چەشتوە کە بەرگەی ناگرێ.

وە لە کاتێکدا کە ئەو لە ژینگەیەکدا گەورە بووە کە لێدان یەکێك نەبووە لە ئامرازەکانی پەروەردە تیایدا وە تا ڕادەیەکی زۆر خۆشگوزەران و نازدار بوو لەماڵەوە ئیتر ئەویش هەرگیز ئەوەی بەبیردا نەئەهات کە بەرگەی ئەم سزایە بگرێ. جا کەواتە چاکترو باشتر وایە کە هەڵبێت لەم دۆزەخە ... هەر کە زەنگ لێدرا پاش وانەی دووەم – پێش دەست پێکردنی چوار مەشقەکە – قوتابخانەی بەجێ هێشت و بەمەبەستی ماڵەوە. بەڵام ڕێگەی ماڵی نەئەزانی... قوتابخانەکە لەلایەکی گوندەکە بوو وە ماڵیشیان لەناوەڕاستی گوندەکە بوو وە ئەویش مناڵێك بوو کە کەمێك شەش ساڵی تێ پەڕاند بوو وە وە وازیشی لێ نەئەهێنرا کە لە کوڵان یاری بکات و وەکو مناڵەکان شارەزای ڕێگاکانی ببێ ئەمەش بۆ پارێزگاری لە جل و بەرگە خاوێنەکەی لە پیس بوون وە پاراستنی لە بەدڕەوشتی و دەم پیسی مناڵانی گوندەکە... هەر کە قوتابخانە بەجێ ئەهێڵێ و چەند هەنگاوێك ئەڕواو ڕووبەڕووی دوو ڕێیەك لە دوو ڕییانە زۆرەکان بوویەوە زانی کە ون بووە وە بەبێ نیشان کرد ڕێگای ماڵەوە نازانی.

تەنها چارەسەری شیاو ئەوە بوو کە بگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە چونکە لێیەوە نزیك بوو وە باوکیشی پێی وتبوو کە کاتژمێر دە ئامادە دەبێت... بەڵام بیرو هۆشە بچووکەکەی بەرگەی ئەمەی نەئەگرت.. ئیتر ئا لەو کاتەدا چەکی مناڵانی وە بیر هاتەوە... دەستی کرد بە گریان بەدەنگی بەرز...

یەکێك لە پیاوەکانی گەڕەك پێی گەشت و پرسیاری ناوی لێ کرد هەر کە زانی کوڕی فلاّن کەسە ئیتر بە نازەوە خستییە سەر شانی و بردییەوە بۆ



Scanned with CamScanner

نزیکی ماڵ پاش ئەوەی کە دڵنیا بوو کە ڕێی ماڵ دەزانێ ئیتر بەجێی هێشت .. وە کاتێ کە ئەم هاوڕێیەمان لەدۆزەخەکە ڕزگاری بوو وردە وردە دەستی کرد بە هێوربوونەوەی مێشك و دەروونی ئیتر هەستی کرد کە چ نا بەجێییەك لەم کارەیدا هەیە – ئەو لەگەڵ بچووکی تەمەنی دا هەست بە نابەجێیی ئەم کارە دەکات – ئیتر بەم کارەی نەیئەتوانی ڕووبەڕووی کەس و کار ببێتەوە – نەك لە ترسان چونکە زۆر لەلێدان بێ ترس بوو – بەڵام شەرم دایئەگرت بۆ ئەم کارەی! وای بە باشتر زانی کە خۆی لەوان بشارێتەوە وە بۆ خۆی بچێتە (کادانەکەوە) کە لە پاڵ ماڵە گەورەکەیانەوە بوو بەڵام دەرگایەکی سەربەخۆی هەبوو لەسەر خۆی دایخست لەسەر (کا)کە ڕاکشاو خەوی لێ کەوت ...

باوکی سەرسام بوو– ڕۆشتبوو بۆ قوتابخانەو خواردن و شیرینی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو– بەوەی کە لە قوتابخانە ڕایکردبوو ئیتر گەڕایەوە بۆ ماڵ تووڕە بو بۆ ئەو (خۆرگیرانە) کە ڕووبەڕووی بوویەوە.. گەڕایەوە بۆ ماڵ بەڵام کەس ئاگادار نەبوو بە ئامادەگی منداڵە هەڵهاتووەکە. بەڵام کاتێك کە نەیدۆزییەوە وە هیچ هەواڵێکیشی لەبارەوە نەزانی ئیتر تووڕەییەکەی گۆڕا بە نیگەرانی بۆ چارەنووسی نادیاری نیگەرانی سەروپای کەس و کاری ماڵەکەی پڕکرد باوکی ڕۆشتە دەرەوەو لەکوچەو کۆڵانەکانی گوندەکەدا بەشوێنیدا ئەگەڕا چەند کەسێکی تری نارد تا بەو ڕێگایانەدا بگەڕێن کە بەرەو قوتابخانەکە دەڕۆن پرسیاریان لە هەمو کەسێکی گوندەکە ئەکرد هەتا یەکێکیان چاوی کەوت بەو پیاوەی کە



Scanned with CamScanner

تالای ماڵ هاوڕێیەتی کردبوو ئیتر هەواڵەکەی پێدان و تا ڕادەیەک دڵنیابوون ! لەکاتێکدا لە دەرەوە ئەگەڕان دڵی دایک دایکی بەرەو حەشارگەکە برد بینی کە لەوێ خەوتووە لە باوەشی گرت و بە سۆزێکی دیارەوە خستییە سەرشانی ..

ئەویش لە خەو هەستا بەڵام نەیئەتوانی چاوی بۆ بەرز بکاتەوە.

سەری خستە سەر سنگی و دەستی کرد بە گریان و هەنسک لێدان..

یەکسەر دایکی هەوڵی دا کە ڕێگر بێت لە درکاندنی نهێنی هەڵهاتنی لەقوتابخانە نەبادا یەکێک لە کەس و کاری ماڵەکەی گاڵتەی پێ بکات کاتێک کەدان بنێ بەوەی کە لە (ئەفسەری جومباز) ئەترسێ!



Scanned with CamScanner

# ٣

## قوتابخانە پیرۆزەکە

مانگێك و چەند ڕۆژێك تێپەڕی بەسەر هەڵهاتنەکەیدا لەترسی (ئەفسەری جومبان). دایکی هەمیشە خەمبار بوو چونکە ڕێبازو ڕێچکەی قوتابییەکانی نەگرتە بەر هەروەك کە چاوەڕێی لێدەکرد ئەو لەدڵی خۆیدا چەندین هیواو ئاواتی گەورەی بۆ هەڵگرتبوو هەمووشی بەستبووەوە بە سەرکەوتنی کوڕەکەیەوە لەقوتابخانەی سەرەتاییدا تاوەکو ببێتە سەرەتایەك بۆ گەشتەکەی بۆ قاهیرە بۆ تەواو کردنی خوێندنەکەی لای خاڵی ئیتر ئەو کات هەموو ئەم هیواو ئاواتانە بەدی دەهاتن کە بە منداڵ بچووکەکەیەوە هەڵی واسی بوون..!

برا گەورەکەی – کە برای شیری نەبوو – هەمیشە گاڵتەی پێ ئەکرد کە لە قوتابخانە هەڵهاتبوو وە ئەم گاڵتە پێکردنەشی بریتی بوو لە ڕق و کینە هەتاوەکو وایان لێهات کە بوێرن بە هەموو جۆرێ گاڵتەی پێ بکەن بەوەی کە پەنای بۆ هەڵهاتن بردووە...!

وە باوکیشی هیچ ڕووبەڕووی نەئەوەستایەوە ئەمەش وای لێ کردبوو کە زیاتر سووکایەتی بە براکەی بکات. لەکۆتاییدا بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەکە بەڵام ئەمجارەیان بەبێ ڕێوڕەسم و هەراو هوریا وە بەبێ ئامادەکاری و بیر لێ کردنەوەیەك ...



Scanned with CamScanner

بەیانییەکیان زوو لە خەو هەستاو جل و بەرگە تایبەتییەکانی لەبەر کرد! بەرەو ماڵی پووری کەوتە رێ بانگی کورەکەی کردو پێی وت کە ئەمڕۆ لەگەڵی ئەڕوا بۆ قوتابخانە .. عەریف و فەقی قوتابخانەکە (کە ئەو کات پێیان ئەوترا چاودێر) پێشوازیان لێکرد وە پرسیاری لێ کرد سەبارەت بە دیار نەبوونی بۆی دەرکەوت کە نهێنییەکەی زۆر قورسە بەڵام پێی وت... ترسی لە (ئەفسەری جومبازە)!!

چاودێرەکە کەسێکی زۆر دانا بوو دەستی کرد بە هێوکردنەوە لەم بارەوە تاوەکو بەڕاستی هەستی بەدڵنیایی کرد وە زانی کە ئیتر بێ ترسە لەم شەیتانە دڕندەیە تاوەکو فێری مەشق و ڕاهێنانەکانی ببێت وە ئەویش بچووکە دەبێ ماوەیەکی زۆری بۆ تەرخان بکرێ بۆ فێربوونی..

پاشان – لە هەموی گرنگتر – چاودێری قوتابخانەکە ئەفسەرەکە لەمە ئاگادار ئەکاتەوە کاتێ گەیشت . ئیتر ئەو کابوسە لەسەر سنگی نەما..وە کاتێ کە نیوەڕۆ گەڕایەوە پاش نیگەران بوونی هەموویان بۆی بەدایکی وت کە چی کردووە ئیتر خۆشی بە هەموو جەستەیدا بڵاو بوویەوە بە هەموو هێزو سۆزییەوە بەسنگییەوە نووساند ئیتر چاوەڕێ بوو تا باوکی کورەکە بگەڕێتەوە تا ئەم هەواڵە خۆشەی پێ بدات هەرچەند کە خۆشی و شادی دڵی باوکی داگرت بە زانینی ئەم هەواڵە بەڵام وا خۆی دەرخست کە گوێی لێ نییە وە بە سوعبەتەوە وتی: خانم دە وازمان لێ بێنن بە خۆت و کورەکەتەوە!!!

*******



Scanned with CamScanner

قوتابخانەکە لە سێ هۆڵ پێکهاتبوو وە لەبەردەمیاندا بەدرێژایی قوتابخانەکە حەوشە بوو وە دەروازەیەکیشی هەبوو.

وە پێنج پۆل قوتابی تیا بوو کە بەم شێوەیە دابەش کرابوون بەسەر هۆڵەکاندا: پۆلی چوارەم – قوتابییە گەورەکانی تیا بوو کە هەبوو بیست ساڵی تێپەڕاند بوو – لەگەڵ پۆلی سێیەم – کە کەمێک قوتابییەکانی بچووکتر بوو – لە یەک هۆڵدا بوون و بەڕێوەبەری قوتابخانەکە وانەی پێ دەوتن. وە هەردوو پۆلی یەك و دوو لە یەك هۆڵدا بوون مامۆستایەکی تر وانەی پێدەوتن وە پۆلی ئامادەکاری لە یەك هۆڵی سەربەخۆدا بوون وە ئەمانیش .... ئیبراهیم... سەرپەرشتیاری ڕۆشنبیری و پەروەردەیان بوو. کە تاکە کارگوزاری قوتابخانەکە بوو !

بەڵێ! ئەو گسکی قوتابخانەکەی ئەداو و بە کوپەو مەرکانەی ئاو گۆزەکانی پڕ ئاو دەکرد کە قوتابییەکان ئاویان لێ دەخواردەوە وە تەختە ڕەشەکانی پاك ئەکردەوەو تەباشیری بۆ دەهێنان پاشان ئەبوو بە پەروەردەکار و سەرپەرشتی تازە پێگەیشتووانی دەکرد لەخانەی ئامادەکارییدا ! تەنها ئەم کارە بەس بوو بۆ ئەوەی کە منداڵەکە لەساڵی ئامادەکارییدا نەمێنێتەوە. هۆکارێکی تریش ئەوە بوو کە کوڕی پوورەکەی لە پۆلی چوارەم بوو.. وە ئەم ئارەزووەشی بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی دەربڕی پاش مشت و مڕێك کە عەریفی قوتابخانەکە بەشداری تێداکرد بڕیار لەسەر ئەوە درا کە لە – پۆلی یەکەم و دووەم – دابنرێ کە عەریفەکە وانەی پێ دەوتنەوە وە هەندێ جاریش ئەڕۆشت بۆ

پۆلی چوارەم تا لە پاڵ کوڕی پوورەکەیدا دابنیشێ بەڵام کاتێ کە سەرپەرستیار دێ دەبێ لەپۆلی ئامادەکاری دابنیشی هەتا ئەو لەوێ بێ! عەریفەکەو بەڕێوەبەرەکە زۆر نەرم و نیان بوون لەگەڵی ئەمەش جێی سەرسوڕمان نەبوو چونکە هەمیشە چاو شەکری بۆ ئەهێنان کە ئیبراهیم بۆی ئامادە دەکردن و لەپشوویەکدا لەپاش نانی نیوەڕۆ دەیان خواردەوە وە باوکیشی بۆ هەمیشە جار نا جارێك میوانداری ئەکردن هەموو ئەمانە وای لێ کردبوون کە لەناو پۆلدا زیاتر گرنگی پێ بدەن لەکاتی وانە وتنەوەدا بەنووسینەوەی پیتە ئەبجەدییەکان پاشان وشەو پاشان ڕستە لەناو دەفتەرەکەیدا وە وازیان لێ دەهێنا تا بەراوردیان بکات ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێش دەکەوت ئەو زانستی لەشێوەی وانەی تایبەتی وەردەگرت هەروەك ئەو ژمارە کەمە قوتابییانەی کە کوڕی دەوڵەمەندەکانی گوندەکە بوون کە چاودێری دەکران و نازیان دەکێشرا !

لەکۆتایی ساڵدا ئامادە بوو کە بگوێزرێتەوە بۆ پۆلی یەکەم تا لە شوێنی سرووشتی خۆی دانیشێ. کاروباری قوتابخانەکە ڕام بوو وە ئەویش بوویە قوتابییەکی ڕاستەقینە.

**********

بۆ ساڵی دووەم قوتابخانەکە هەنگاوێکی تری بڕی ماموٚستایەکی تری بۆ دامەزرێنرا بەوەیش ئیبراهیمی کارگوزار لە کارە ڕوٚشنبیرییەکەی بەخشراو لەکارەکەی خۆیدا سەربەخۆ بوو! خشتەکەش بەشێوەیەکی نوێ دابەش کرا بەڕێوەبەرەکەو دوو ماموٚستا وانەیان بە سێ پۆلە پێنج



Scanned with CamScanner

گرووپییەکە دەوتەوە. گۆڕانێکی تریش ڕووی دا پۆلی ئامادەکاری و یەکەم لە یەك پۆلدا دانران وە گرووپی دووەم و سێیەم لە پۆلێکدا وە گرووپی چوارەمیش تەنها خۆی لە پۆلێکدا کە (دۆلابێک)ی بەڕێوەبەرەکەی تیابوو کە چیرۆك و قەڵەم و کتێب و پەراوی تێدابوو.

بەڵام ساڵی دواتر – کاتێك کە منداڵەکە گوێزرایەوە بۆ بۆ پۆلی دووەم – هەڵگەڕانەوەیەکی گەورە ڕووی دا کە بە یەك جاری گوندەکەی هەژاند.

ڕێژەی مامۆستایان لەلای ئەنجوومەن زۆربوون ئیتر یەکێك لەو مامۆستایانە شوێنی شێخی حوجرەکەی گرتەوە کە ئەم بڕوانامەی نەبوو وە هیچی لە ژمێریاری و بابەتە ڕۆشنبیرییەکانی تر نەئەزانی!

وە کاتێك ئەم هەنگاوەش جێ بەجێ کرا ئیتر دەنگی واتەوات بەرز بوویەوە و زۆر بە توندی گوندەکەی هەژاند.. حوکمەت ئەیەوێ قورئان نەهێڵێ بەوەی کە لەبەرکردن لە قوتابخانەکاندا ناهێڵێ... مەگەر باشترین بەڵگەش ئەوە نییە کە شێخ ئەحمەدیان دەرکرد کە قورئانی بە منداڵانی قوتابخانەکە دەوت ئەو کەسەی کە لێی دڵنیا بوون و منداڵەکانیان ئەناردە لای؟! ئەم دەنگۆو واتە واتانە هەروەك ئاگری دەشتێکی وشکی پڕ لە پووش و پەڵاش بڵاو ئەبوویەوە وە شێخیش ئاگرەکەی خۆش ئەکرد وەك تۆڵە سەندنەوەیەك لە قوتابخانەو بازاڕ گەرم کردنی حوجرەکەی کە ئەگەڕێتەوە بۆ فێرکردن لەوێ.. ئیتر ژمارەیەکی زۆری قوتابیان قوتابخانەیان بەجێ هێشت بەهۆی فەڕو بەرەکەتی (گەورەکەیان شێخ ئەحمەد)و حوجرەکەی و بەرەکەتی کتێبەکەی خوا، وە ڕاکردنیش بوو لە



Scanned with CamScanner

قوتابخانەی کوفرو گومڕایی کە تێیدا حوکمەت دینیان ئەدزێت بەبێ ئەوەی هەست بە خۆیان بکەن!

وە ئەم (گەورەیەشمان) هەر بەلای باوکی منداڵەکەدا تێدەپەڕێ ئیتر هەواڵەکەی پێ ئەڵێ وە ئاگاداری ئەکاتەوە لەوەی کەکوڕەکەی لەقوتابخانە بمێنێتەوە وە هیوای خۆی بۆی دووپات دەکاتەوە کە دەبێ هەر سبەینێ بگەڕێتەوە بۆ حوجرەکە وە هەر ئەبێ فێر بوونی ئەو منداڵە بگرێتە ئەستۆ چونکە باوکی ئەم فێربوونی باوکی منداڵەکەی لە ئەستۆدا بووە ! وە باوکی زۆر لەوە زاناتر بوو کە ئەم واتە واتە کاری لێ بکات خوێنەری ڕۆژنامەش بوو کە هاوبەش بوو لەڕۆژنامەیەکدا وە ئەندامی پارتی نیشتمانی بوو لە گوندەکەدا.. بەڵام کەسێکی شەرمن و قسە شیرین بوو جا بۆیە نەیئەویست هەستی (سەیدمان) – کوڕی سەیدو گەورەی خۆی – بریندار بکات هەر بۆیە بەڵێنی پێدا کە هەر لە بەیانییەوە منداڵەکە لە (حوجرە) ئامادە ئەبێ.

لەماڵەوە بۆ ئەم هەڵگەڕانەوەیە گێژەڵووکە هەڵی کرد.. دایکی سوور بوو لەسەر هێشتنەوەی کوڕەکەی لە قوتابخانەدا چونکە کلیلی هەموو ئاواتە بڵندو فراوانەکانی بوو کە بە کوڕەکەیەوە پەیوەستی دەکردن بەڵام باوکی تازە بەڵێنی داوە وە پیاویش نابێت هەرگیز لە پەیمانی خۆی پاشگەز بێتەوە ! هەرگیز نەئەکرا کە فەرمانی باوکی جێ بەجێ نەکاو لە بەیانییەوە نەچێ بۆ حوجرە.. هەرگیز بە بیری دا نایەت کە دڵە بچووکەکەی ڕۆژێک لە ڕۆژان وەکو ئەو ڕۆژە هەستی بە خەم وخەفەت



Scanned with CamScanner

كردبێت. شێخ ئەحمەد بە ڕووخۆشی و بزەو زەردەخەنەوە پێشوازی لێكرد لە ئەنیشت خۆیەوە لەسەر ئەو فەروەیە دایینیشاند كە خۆی لەسەری دائەنیشت، لەكاتێكدا كوڕەكانی تر لەسەر حەسیر یان لەسەر ئەو سەكۆیە دائەنیشتن كە لە هەر چوار دەوری ژوورەكەدا درووست كرابوو بەڵام هەموو ئەمە دڵی ئەمی نەئەكردەوە...

ئەو وا ڕاهاتبوو كە لە بەیانیاندی ئەو بینا جوان و خاوێنە پێشوازی لێ بكات كە پۆلەكانی گەچكاری كرابوون و حەوشەكەشی بە لم ڕاخرابوو وەها ڕاهاتبوو كە لەسەر كورسیەكانی قوتابخانە دابنیشێ و لە بەرامبەریدا كتێبخانەیەك هەبێ كە كتێب و كەرەستەوە كراسەو تەختەی جوانی تێدا بێت.. بەڵام لێرە لە حوجرەكە نە كورسی و نە كتێبخانەو نە پۆل و نەزەنگ نەریزو نە كتێب و نە كەرەستەو نە پەڕاو... بەڵكو تەنها پلیتێكی لێ بوو كە قوتابییەكان بە و مرەكەبە لەسەریان ئەنووسی كە لەگوڵی ششتن یان لە (ڕەشایی) چرا درووست كرابوو یان شتێك كە لەو ئەچوو ئەوان بۆ هەر كوێیەك بڕۆشتنایە كەرەستەو قەلەمەكانیان لەگەڵ دەستی خۆیان دەبرد وە كاتێك كە شێخ نووسراوی سەر پلیتەكەی بۆ دەخوێندنەوە وە دڵنیا دەبوو لەوەی كە لەبەریان كردووە ئیتر فەرمانی پێ دەكردن كە بیسڕنەوەو ئایەتی تری قورئان بنووسن لەسەری، بەڵام شێوازی سڕینی تەختەكە شێوازێكی قێزەون بوو كە ئەویش قوتابییەكان تفیان لێ ئەكردو پاشان دەستیان پیا ئەهێنا وە بە سووچێكی جل و بەرگەكەیان ئەیان سڕی ئیتر هەمیشە جل و بەرگەكانیان چڵكن دیار بوو.

شتێك ئەوی تۆقان ئەویش کاتێك کە شێخ بە (مەرەکەب)ی سوور نووسراوی سەر پلێتەکەی ڕاست دەکردەوە تێبینی ئەوەی کرد کە کاتێك شتێکیان بە هەڵە دەنووسی ئەوا خۆی پێش هەموویان بە زمانی وشە هەڵەکانی دەلێیەوەو وە بەدەستی ئەی سڕینەوە تاوەکو لە پاشیان وشە ڕاستەکان بنووسێ. پاشان ئەگەر قوتابییەك بۆ ڕاپەڕاندنی پێویستییەك مۆڵەتی وەربگرتایە کە بچێتە دەرەوەی حوجرەکە ئەوا پەنجەی وەکو قوتابییانی قوتابخانەکە بەرز نەئەکردەوە بەڵکو پەنجەی شایەتومانی ئەنووشتانەوە بەسەر یەنجەکانی تریداو بانگی ئەکرد: گەورەمان گەورەمان وە کاتێك کە شێخ لای بۆ دەکردەوە ئیتر هەموو پەنجەکانی دەنووشتانەوە ئەیوت: (دەستوور)! وە ئەگەر مۆڵەتی چوونە دەرەوەی پێ بدایە ئەوا هەندێ جار تا کۆتایی نەئەگەڕایەوە.

بە هەر حاڵ زۆر بێزار بوو لەوەی کە لە دەورووبەریەتی وە وا هەستی ئەکرد لەسەر شۆڕی و نامۆ بوونێکی تاڵدایە... وە کاتێك کە گەڕایەوە بۆ ماڵ ئیتر نەخشەیەکی داڕێژا کە ئیتر بۆ هەمیشە نەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنە پیس و ناپاکە ئەگەر چی ڕووبەڕووی هەڕەشەو لێدانیش ببێتەوە ئەم ئارەزووە ترسناکەی بەنهێنی بەدایکی وت ئەویش لە سۆزی ئەودا هەر دوو چاوی پڕ فرمێسك بوون.

بۆبەیانییەکەی باوکی و هەروەها شێخیش وایان زانی کە بۆ حوجرە ئەڕوا بەڵام بەنهێنی و بەڕاکردنەوە ڕێگەی قوتابخانەی گرتە بەر هەروەك ئەوەی کە لە کەسێك بترسێ شوێنی کەوتبێ بەیانی زوو گەشتە ئەوێ نە



Scanned with CamScanner

کەس لەوێ بوو نە کارگوزار.. هێشتا دەرگاکەی داخرابوو ئیتر لە بەرامبەری دانیشت و دڵنیاو هێور بوویەوە هەروەك پەنای بۆ شوێنێکی خۆشەویست و قەڵایەکی بەهێز و پتەو برد بێ!

پاش کەمێك قوتابییەکان زۆر بوون هەندێکیان پرسیاریان لێ کرد کە بۆ دوێنێ ئامادە نەبوو چونکە ئەو ڕۆژە تەنها ڕۆژێ بوو کە ئامادە نەبوو بوو لەو ڕۆژەوەی کە هاتبووە قوتابخانە ئیتر دەستی کرد بە باسکردنی کە چۆن ڕۆشتووە بۆ حوجرەکە کە چەند شوێنێکی پیسەو ئەو بەرگەی ئاگرێ وە بۆی باسکردن کە چەندە لە قوتابخانە جوانەکەیان جیاوازە...

لە پڕ بوو بە بانگخوازێك دژ بە حوجرەکە هەرچەندە نەیئەزانی بانگەشەو بازاڕ پەیدا کردن چییە!

وە کاتێك کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە پرسیاری لێ کرد سەبارەت بە ئامادە نەبوونی ئیتر دەستی کرد بەگێڕانەوەی ئەم بارە ناهەمووارەو فرمێسکیش لە چاوەکانییەوە دائەبارین.. بەڕێوەبەرەکە دڵنیای کردەوە لەسەر مانەوەی لە قوتابخانە وە بەڵێنیشی پێدا کە هەر ئەمڕۆ ئەڕوا بۆ لای باوکی و بۆ ئەوەی قایلی بکات کە لە قوتابخانە بمێنێتەوە.

ئیتر بە تەواوەتی ئاسوودە بوو هەستی کرد ئێستا بەشێوەیەکی سرووشتی هەناسە ئەدا وە کاتێ کە کاتی ڕۆشتنەوە بوو ڕۆشت بۆ لای بەڕێوەبەرەکە تا بەڵێنەکەی وە بیر بهێنێتەوە وە پێی وت کە هەر ئێستا دێت... لەگەڵ مناڵەکە گەشتەماڵەوە و باوکیان قایل کرد بەوەی کە



Scanned with CamScanner

کوڕەکــەی لــە حــوجرەدا دەفــەوتێ وە ئــەویش قوتابیــەکی زیــرەك و سەرکەوتووە ئومێدی داهاتوویەکی گەشیان پێی هەیە لە قوتابخانەدا.

بەو پێیەی کە ئەوان خەڵکی گوندەکە نەبوون بەڵکو میوان بوون ئیتر ناچار بوو کە تکاکەیان قبووڵ بکات وە زۆر داوای لێبوردنی لە شێخ کرد کە بۆ جاری دووەم هاتە لای ئیتر ئەویش بەجێی هێشت و بەدەم وتنی: (لاحول ولا قوه الا بالله) وە پەنای بەخوا دەگرت لە نێردراوانی بێ باوەڕی و گومڕایی. لەو ڕۆژەوە ئیتر قوتابخانەکە پیــرۆزی خۆی بۆی گەڕایەوە هەروەك میحرابەکانی نوێــژ کـردن وە پلـەو پایـەی زۆر بـەرزو بڵنـد بـوو لەچاوی ئەودا وە لە خۆی ڕائەبینی ببێ بە بانگخوازێکی قوتابخانەو تێ بکۆشێ دژی (حوجرەکە).

بیـانووی گـەورەی حوجرەکـە لەبـەر کردنــی قورئـان بـوو لەکاتێکـدا کـە قوتابخانـە وازی لێهێنـاوە وە قوتابخانـە هـەرگیز نـاتوانێ تـا دەرچـوونی قورئان بە یـەك قوتـابی لەبـەر بکـات.. هـەر بۆیـە ئـەویش ڕووی کـردە گرنگی دان بە لەبەر کردنـی قورئـان تـاوەکو ئـەم بیـانووە نـەهێڵێ.. ئیتر جەستەی شەکەتی خۆی زۆر مانـدوو دەکـرد هـەتا نیوەشـەو شـەونخوونی دەکـرد هـەتا هـەموو شـەوێ ئـەو قورئانـەی کـە پێـشتر لەبـەری کـردووە دووبارەی بکاتەوە ئەمەش شان بەشانی وانەکانی تر.. ساڵ تەواو نەبوو سێیەکی قورئانی زۆر بە باشـی لەبەر کـرد وە شـانازی بـەوەوە دەکـرد کـە کەسێ گرەو یان پێشبڕکێی لەگەڵ بکات !

پاشان بەرەیەک لە قوتابییان پێک دەهێنێ بۆ دژایەتی کردنی کوڕانی (حوجرەکە) بەرەیەک بۆ شانازی کردن بە هەموو شتێکەوە وە بە لەبەرکردنی قورئانیشەوە.. هێمای ئەمەش (پاڵفتە) بوو واتە هەندێ قوتابی پاڵفتە دەکرد بۆ هەندێ لە ئایەت و سوورەتی قورئان تا لە لەبەر کردندا تاقیان بکاتەوە وە ئەمەش بە شێوەی پێشبڕکێی پێ دەکرد لەنێوان ئەمان و ئەواندا وە زۆربەی جار قوتابخانە سەر دەکەوت ئیتر بەم سەرکەوتنەش هەستی بە خۆشییەکی ئیجگار زۆر دەکرد...

گرووپی قوتابخانە شانازییان بە چەندین شتەوە دەکرد.. بینای قوتابخانە جوان و پاکەکەیان بەرامبەر بە بینا کۆن و پیسەکەی حوجرەکە وە حەوشە فراوان و جوانەکەیان کە دوو درەختی سێبەری لێ بوو وە گوڵە جوانەکانی کە تەنانەت لە هەموو گوندەکەشدا هاو وێنەیان نەبوو: (گوڵە پاشا)ی بۆنخۆش وە ئەو کتێبخانەیە کە لە تەختەی بە یەکدا چوو درووست کرا بوو کە دوو قاتی گەورەی ئاسنی تیا بوو وە لە ژێر ئەوەشدا (دوو گۆزەی) خاوێنی تیا بوو بۆ خواردنەوەی ئاوی ئەفەندییەکان وە ئەفەندی -بەشێخ- دەوترا کە پێک هاتبوون لە مامۆستایانی قوتابخانەکەو بەڕێوەبەرەکەی، قوتابییەکان وخەڵکی گوندەکە ئەم ناوەیان لێ ئەنان تا جیایان بکەنەوە لە شێخەکانی گوندەکە کە قورئانیان لەبەر بوو.



Scanned with CamScanner

لەفەندییەکان جل و بەرگیان خاوێن بوو وە مووچەکەیان لە ئەنجومەنی بەڕێوەبەرێتییەوە خەرج ئەکرا نەك لە (پێنج شەمانە)ی منالآنەوە کە ئەوانەی حوجرە لە پێنج شەمانەدا پارەیان بۆ ئەبردن!

پاشان کورسییەکانی و کتێبخانەکانی بە تایبەتی ئەو کەرەستانەی کە ساڵانە بۆیان دەهات چوار دەفتەرو چوار قەڵەم هەروەها قامیشێکی سووریش لەکاتێکدا کە منالآنی حوجرەکە لەسەر پلێت شتیان ئەنووسی بە قەڵەمی سپی . پاشان ئەو وشك کەرەوەیەی کە لە سڕینەوەی دەفتەرەکاندا بەکار دەهات لەکاتێکدا منالآنی حوجرەکە خۆڵیان بەکار دەهێنا بۆ وشك کردنەوەی بۆردەکانیان هەروەها تفیان بەکاردەهێنا بۆ سڕینەوە لەگەڵ قوڵیاندا جار جارەش زمانیان بەکار دەهێنا ! قوتابییەکان زۆر شتیان هەبوو کە جێی شانازییان بوو... شتێکی تریش هەبوو کە هیچ شتێکی تری پێ نەدەگەشت ئەویش ئەو (لافیتە)یە بوو کە بەسەر دەرگای قوتابخانەکەوە هەڵواسرا بوو.. تاکە مۆرکی قوتابخانەکە بوو کە هاوشێوەی نەبوو لە هەموو گوندەکەدا کە لە بەندەرە هێنرا بوو!

بەلآم چیرۆکی لافیتەکە لەڕاستی دا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی دواتر کاتێك کە منالەکە هاتە پۆلی سێهەمەوە لە ئەنجوومەندا ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی دەرچوو بەڕێسایەکی نوێوە هاتنە ئاراوە – ئیتر – دوان لەوان بۆ قوتابخانەکە دامەزران یەکێکیان بوو بە بەڕێوەبەر لەبری بەڕێوەبەرە کۆنەکە کە بە مامۆستایی گوێزرایەوە بۆ گوندێکی تر ئەوی تریشان مامۆستا بوو لە قوتابخانەکەدا تەنها عەریفێك مایەوە ئەویش



Scanned with CamScanner

پاش مانگێک گوێزرایەوە بەمەش قوتابخانەکە پلەیەک بەرز بوویەوە وە هەموو تایبەتمەندییە دەستوورییەکانی تەواو کران وە قوتابییە گەورەکانیش پاڵفتە کران - بە دەربڕینێکی درووست تر پیاوە سمێڵ دارەکان - وە گرووپی ئامادەکاری هەڵوەشێنرایەوە وە قوتابخانەکەش دابەشکرا بۆ چوار گرووپی گونجاو.

وە بەڕێوەبەرە نوێکە ڕێسایەکی نوێی هێنایە قوتابخانە پێشنیاری کرد کە لافیتەیەک بەناوی قوتابخانەکەوە هەڵبواسرێ هەروەک قوتابخانەکانی بەندەر وە داوای لە قوتابییەکان کرد کە هەرچەندێکیان پێ هەڵدەسووڕێ هاوکاری بکەن لە کڕینی لافیتەکەدا پاش ئەوەی کە پێی وتن لافیتەکە بیست و پێنج قرووشی تێ دەچێت.

هاوڕێکەیان بۆ ئەم پرۆژەیە زۆر بە پەرۆش بوو ئەم لافیتەیە شانازییەکی تری نوێیە کە ئەچێتە سنووری شانازییەکانی تری قوتابخانەوە کەشانازی پێوە بکەن لە بەرامبەر قوتابیانی حوجرەکەدا...

لەکاتێکدا کە هەندێک لە قوتابییەکان (مولیم)ێک یان دوانیان دەهێناو منالآنی خاوەن سەرمایەکان قرشێک یان زۆر بە دەگمەن قرشێکیان ئەهێنا ئەویش تەنها بە هەوڵی خۆی لە ماڵەوە پەنجا (مولیمی) هێنا!

وە کاتێک لە بەندەر نووسینی سەر لافیتەکە تەواو بوو بەدەرگای قوتابخانەکە هەڵواسرا ئیتر خەریک بوو لە خۆشیاندا بفڕێ!!

******



Scanned with CamScanner

لەکۆتایی ساڵی چوارەمیدا بە تەواوی قورئانی لەبەر کرد... کە ئەمەش یەکەمین موعجیزەی قوتابخانەکە بوو کە دەم کوتی بانگخوازە درۆزنەکانی حوجرە و قوتابییەکانی کرد... بەڵام هێشتا منال بوو کە خوێندنی لە قوتابخانەکە تەواو کرد نزیکی دە ساڵان بوو...وە چەند هاوڕێیەکی تریشی هەبوو کە پێشتر لە حوجرە قورئانیان لەبەر کردبوو پاشان چوونە قوتابخانە کاتێک کە گەیشتنە پۆلی چوارەم تەمەنیان لە پانزە ساڵ تێپەڕی کردبوو ئەوانیش بەمەوە سێ کەس بوون لەکۆتایی ساڵدا توانیان لە قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە بەندەر پێشکەش بکەن و وەرگیران...

ئەمەش ڕووداوێکی تازە بوو گوندەکەی هێنایە هەژان چونکە پاش چەند ساڵێک ئەو سێ کەسە ئەبنە سێ (ئەفەندی) وەکو ئەفەندییەکانی قوتابخانەکە کە ئەمان لەژێر دەستی ئەواندا دەرچوون!

ئەو پێشتر ئاواتە خواز بوو کە چاوی بنووقێنێ و بیکاتەوە خۆی لە تەمەنی ئەواندا ببینێتەوە تاوەکو قوتابخانەی مامۆستایان وەری بگرێت بەڵام ئاخۆ کەی ئەم خەونانەی بێنە دی؟!

ئەو بۆ ئەفەندییەکان جۆرە هەستێکی پەرستنانەی هەبوو...

یەکەم ئەوان بەشێکن لە قوتابخانە پیرۆزەکە دووەم ئەوان زانان و ئەزانن بەڵام ئەم نازانێ هەست بە شتانێك ئەکەن کە ئەم نایکات وە توانای زۆر شتیان هەیە وە ئەوان ژیانێکی تایبەتیان هەیە تەنانەت ئەو بە خەیاڵیش ژیانی وەهای نەبوو! ئەو ئێستا پاش تێپەڕ بوونی بیست و پێنج ساڵ



Scanned with CamScanner

ئەو ڕۆژەی لە بیرە پاش گۆڕانی هەموو ئەو کاروبارانە جارێکیان نێردرا بۆ ئەو ماڵەی کە لە گوندەکەدا نیشتەجێ بوون تیایدا کە خاوەنەکەی پیشکەشی کردبوون لەبەر خاتری ڕێزو گەورەییان لایان... جوان لەبیریەتی کە یەکێکیان کاتژمێرەکەی لە بیر چوو بوو لەبەر ئەوەی متمانەی بەم دەکرد کلیلەکەی دا بە دەستییەوە تا کاتژمێرەکەی بۆ بهێنێ – چونکە ئەمیش بە دەست پاکی ناسراو بوو لە قوتابخانەکەدا – بیریەتی کە بە ترس و سامەوە چووە ژوورەوە هەروەك ئەوەی بچێتە میحرابێکی پیرۆزەوە یان بچێتە ماڵێکی تەلیسماوی بە هەناسە بڕکێوە هەنگاوی دەنا، بەسەر پلیکانەکاندا سەر ئەکەوت دەرگای حوجرە پیرۆزەکەی کردەوە دەستی برد بۆ کاتژمێرەکە پاشان دەرگاکەی داخست پاشان گەڕایەوە هەروەك (شاتر حەسن)ی ناو گەنجینە تەلیسماوەیەکە! دووبارە ئاواتی خواستەوە کە بگاتە قوتابخانەی مامۆستایان هەروەك کە ئەوان پێی گەیشتوون...

بەڵام تەمەن ڕێگر بوو لە بەردەم ئەو و ئەوەی کە دەیویست... ئاخۆ کەی بێ کە قوتابخانە بەجێ بهێڵێ و کەسێکی تر بێتە شوێنی...

بەڵام ئای چەند تامەزرۆ بوو کە ئەم نیشتمانە بچووکەی بەجێ بهێڵێ وە دوور بکەوێتەوە لەو هاوڕێ و منداڵانەی کە خۆشیان ئەوێ و خۆشی ئەوێن ... ئای چەند قورس بوو لای مامۆستاکان کە ئاوا لێی کەمتەرخەم بوون وە بیانووشیان ئەوە بوو کە بۆ دەرچوونی لە قوتابخانە لەبەر کردنی قورئان بوو.. ئای چەند ئازا بوون لە چاوبەست کردنی پاش تێپەڕ بوونی



Scanned with CamScanner

مانگێك لەساڵی دواتر ناویان لەپۆلی چوارەم تۆمار کرد بەو پێیەی کە ئێستا ئامادە بووە.
ئیتر بەو جۆرە گەڕایەوە بۆ قوتابخانە خۆشەویستەکە تاوەکو لەنێوان دیوارەکانیدا ساڵێکی تر بەسەر بەرێ ... ئەمیش بچێتە پاڵ ساڵە جوان و پڕ خەندەکانی.

*******

چارەکە سەدەیەك تێپەڕی لەو ماوەیەدا گەشتی کرد بۆ قاهیرە خوێندنی باڵای تەواو کرد چەندین پۆستی گرتە دەست... بەڵام ئەمڕۆ هەر کە ئەگەڕێتەوە بۆ گوندەکە یەکسەر سەردانی قوتابخانە پیرۆزەکە ئەکات ئێستا کە پلەیەکی بڕیوە هەست بە گەورەیی قوتابییەتی و ملکەچی بۆ ئەو پەرستشە دەکات... وە ئەگەر پرسیاریان لێ بکردایە کە خۆشترین ئامانجی چییە ئەوا وەڵامی ئەدایەوە کە ئاواتە خوازە کە ببێتەوە بە قوتابی لە قوتابخانە پیرۆزەکەدا وە بەرگری لێ بکات لە حوجرەو کوڕانی حوجرە !
دەیەها وێنەی جوان و سەیر ئەهاتنە نێو خەیاڵدانیەوە لەنێو دونیای یادەوەرییەکانیدا سەمایان دەکرد هەروەك ئەمڕۆ لەگەڵیاندا بژی هەنگاوی بەرەو پلە پیرۆزەکانی دەنا.

********

ئەو ماوەیەی جوان لە یادە کە قوتابخانەکە گوڕرا بۆ نیمچە دوورگەیەك کە ئاو لە سێ لاوە دەورەی دەدا تەنها لای چوارەم دەمایەوە بۆ هاتووچۆ...



Scanned with CamScanner

ئەو ڕۆژانە زریانی نیل هەڵی ئەکرد کە زەوی و زاری گوندەکە بۆ ماوەی دوو مانگ لەساڵێکدا دادەپۆشرا وە مانگەکانی تر سازو ئامادە بوو بۆ کشتوکاڵ! وە قوتابخانەکەش بەو پێیەی کە کەوتبووە لایەکی گوندەکەوە لەسنووری ئەو کێڵگانەدا بوو کە ئاوی زریانەکە دایدەپۆشین لەماوەی ئەو دوو مانگەدا تەنها یەك ڕێگەی هەبوو.

جوانی ئەو دوو مانگە ڕۆژانی شەممەی هەموو هەفتەیەك بوو... چونکە ئەفەندییەکان کە هەندێکیان هی بەندەو هەندێکی تریان هی گوندەکانی دەورووبەر بوون بەدرێژایی هەفتە دەمانەوە ڕۆژانی پێنج شەممەو هەینی ئەڕۆشتن بۆ بینینی کەس و کاریان پاشان لە بەیانیانی شەممەدا ئەهاتنەوە. بەڵام لە ڕۆژە ئاساییەکانی ساڵدا گوێ درێژیان دەگرت و ئەگەشتنە جێ پێش لێدانی زەنگ لە بەرەبەیانی شەممەدا بەڵام لەڕۆژانی زریاندا ئەوا بەلەم و یەختی چارۆکەداریان دەگرت ئەمەشیان هیچ ڕێساو کاتی دیاری کراوی نەبوو هەندێك جار خۆر بەرز دەبوویەوەو نزیکی کاتژمێر دە پاش تێپەڕ بوونی دوو وانە دەگەشتن وە هەندێ جار لە شەممە جوانەکاندا هەتا نیوەڕۆ نەدەگەشتن!

قوتابییەکان لەسەر لافاوەکە دەوەستان و یان هەندێ جار بەرەو کۆڵانە نزیکەکانی گوندەکە دوور دەکەوتنەوە وە یان لە حەوشەی قوتابخانەکەدا هاتوو هاواریان دەکردو باز بازێنیان دەکرد بە ئارەزووی خۆیان و بەبێ هیچ کۆتێك ئەڕۆشتنە پۆلەکانەوەو ئەهاتنە دەرەوە وە زۆر حەزیان بەم ڕۆشتنە ژوورەو هاتنە دەرەوەیە دەکرد مێزو کورسییەکانیان بەبێ



Scanned with CamScanner

دەکردەوە لە پەنجەرەکانەوە دزەیان دەکردە ناو زریانەکەوە... وە هەندێ جار ورە بەرزی پاڵی بە هەندێکییانەوە دەنا کە جلەکانیان داکەنن و لە پەنجەرەکانەوە خۆیان هەڵدەنە ئاوەکەوەو مەلەیان دەکرد پاشان ئەگەڕانەوە بە پەنجەرەکاندا هەڵئەزنان تا جلەکانیان بدۆزنەوەو یان هەندێ جار نەیان ئەدۆزینەوە چونکە هەندێ لە هاوڕێکانیان ئەم هەلەیان دەقۆستەوە و جلەکانیان دەشارتەوە وە یان دووریان ئەخستنەوە بۆ شوێنێکی دوور منالەکەش بە ڕووت و قووتی بە هەموو شوێنێکی قوتابخانەکەدا بە شوێنیاندا دەگەڕا تا لە کۆتاییدا ئەیدۆزینەوە!

ئەم هەرا خۆشە بەردەوام دەبوو تاوەکو بەلەمێك لە پانتایی لافاوەکە نزیك دەبوویەوە ئەترسان کە یەکێك لە (ئەفەندییەکان)ی تێدا بێ (ئەوان جیا جیا دەگەشتن بەپێی ئەو بەلەمانەی کە هەریەکەیان لە گوندەکەی خۆیەوە پێی دەهات) هەر لە چاو تروسکانێکدا هەموو قوتابییەکان لەسەر مێزەکانیان دادەنیشتن و کتێبێکیان دەخستە بەردەمیان و دەیان خوێندەوە ئیتر ڕێسا دەگیرایەوەو هەموو دەنگەکانیش کپ بێجگە لە چرپە چرپی دەنگی خوێندنەوە هیچی تر نەدەبیسترا کە نیشانەیەك بوو بۆ چوونە ناو قووڵایی خوێندنەوەوە!

ئەمە ئەگەر یەکێکیان لە بەلەمەکەدا بووایە ئەوا هەموو شتێك ئارام و قوتابییەکانیش هەموویان لەشێوازێکی ڕێسایی تەواو دان! بەڵام ئەگەر بەلەمەکە خاڵی بووایە ئەوا جارێکی تر فوو ئەکرایەوە بە کەڕەناکەدا هەراو بەزمەکە لەجاری پێشوو توندتر ئەبوو ئیتر دەستیان ئەکردەوە بە



Scanned with CamScanner

بـازدان و خـۆ هەڵـدان بـۆ نـاو ئاوەکـە لـە پەنجەرەکانـەوە وە یـان بـەرەو وشکانییەکان بەڕێ ئەکەوتنەوە... وە ئەمەش بەدرێژایی زریانەکە هەموو ڕۆژانێکـی شـەممە دووبـارە ئەبوویـەوە. وە هـەموو ئەمـەش بە هـەوڵ و تێکۆشانی (سەید عبدالله)مانەوە بوو.

سـەید عبـدالله، ئیبراهیمـی کـارگوزار بـوو خـەڵکی گوندەکـە بـوو کـە بە کـارگوزاری لـە قوتابخانەکـە دامـەزرابوو کـە پێـشتر عـەریف بـوو لـە (حوجرە)،لەبەر ئەوەی کە مووچەکە جێگیر بوو – بڕەکەی ئەوەند قرش بوو لـە مانگێکدا – کـە مووچـەکەی لـە حوجرەکـە ڕۆژانـی پێـنج شەممە لەلایـەن منـاڵانی حوجرەکـەوە وەری ئـەگرت حەفتانـە نەدەگەشتە پێنج قـرش! لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە بـوو بـە کـارگوزار بـەڵام پارێزگـاری لـە ناو کۆنەکەی (سەید عبدالله) کرد.

***********

هێشتا (سەرپەرشتیارەکەی) لەیادە هەرچەندە کە یادگارییەکی ترسناک بەڵام ئێستا خەندە ئامێزێکی بە چێژە:

دوو سەرپەرشتیاری پیر سەردانی قوتابخانەکەیان دەکرد یەکێکیان لە ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرێتی و ئەوی تریان لە وەزارەتی مەعارف بوو. هەر کە یەکێکیان ئامادە دەبوو تفی قورگی هەموو مناڵەکان وشك دەبوو ترس و تـۆق دەچـوویە دڵیانـەوە. سـەرە ڕای ئـەوەش مامۆسـتاکان و قوتابخانەشیان دەهەژاند بەجۆرێك کە تارمایی و کەشێکی خنکێنەر باز



Scanned with CamScanner

دەسەپاند سەرپەرشتیاری وەزارەت زیاتر لەسەر پەرشتیاری ئەنجوومەن جێی ترس بوو!

پیاوێکی درێژی ڕەشتاڵە بوو دەم و چاو گرژو چاو لە قین بوو وا هەستت دەکرد کە هەمیشە لە شتێک ڕقی هەڵگرتووە هەمیشە لە تووڕەییدا دانی ئەکرۆشت... جا سەرپەرشتیاری وەزارەت وەکو سەرپەرشتیارەکەی ئەنجوومەن هێندە گرنگی بە سەردانەکانی نەدەدا ! جا هەر بۆیە زیاتر بە سام تر دیار بوو زۆر توندو تیژ بوو لە جووڵەو گوتەو ئاماژەکانیدا. کەواو چاکەتەکەی بەسەر لاشە درێژەکەیەوە شۆڕ بووبوونەوە سام و ترسیان زیاتر دەکرد. بۆ ماموستاکان زیاتر جێی ترس بوو ڕقی قوتابییەکانیشی بەوان دەڕشت. ئەو کاتژمێرانەی کە ئەو لەوێ بوو وات دەزانی سەردەمێکی دوورو درێژە هەروەك ئەوەی کە کات بە هێواشی تێ بپەڕێ .

بەڵام تەنها ڕووداوێك کە لە یادی ناکات ئەم ڕووداوەیە:

قوتابخانەکە وەکو هەمیشە بە سانایی و هێواشی بەڕێوە دەچوو کۆتایی ساڵ بوو کەش و هەوا زۆر گەرم بوو بوو قوتابییەکان خەواڵ و بوون ماموستاکە کەواکەی سەر شانی باری گران کردبوو دایکەندو خستییە سەر کورسییەکە وە عەمامەکەشی بە هەمان شێوە باری گران کردبوو بە نەرمی لە سەرەکەیەوە لێ نەوی بۆ ئەوەی تێك نەچێ و خستییە سەر مێزی یەکەم قوتابی بە ئاسوودەیی لەسەر کورسییەکەی دانیشت قاچی بلاو کردەوە جل و بەرگەکەی لێك ترازا (بەنەخوێنی) شەرواڵەکەی بەدەرکەوت کە شۆڕ بوو بوویەوە...



Scanned with CamScanner

لە کاتێکدا کە کات تێ ئەپەڕی و دونیاش زۆر بێدەنگ بوو هەموانیش لە خەوە نووچکەیەکی بەچێژدا بوون هەر لە پڕ خێوێکی درێژ لە پەنجەرەکەوە باز ئەدات و هەر لە ساتێکدا خۆی ئەگەیەنێتە ژێیان!

قوتابییەکان ڕۆحیان چوو خوێن لە جەستەیان وشک بوو چاویان ئەبلەق ئەیانڕوانییە خێوە خۆ هەڵزنەکە هەموویان لە ترسان دەستیان کرد بە هات و هاوار مامۆستاکە شڵەژاو هەستاو عەمامەکەی بەدەستێکی گرتبوو هەوڵی ئەدا بەدەستەکەی تری کەواکەی لەبەر بکات بەڵام نەیئەتوانی....

خێوەکەش بە زەردەخەنەیەکی مونەوە ئەیڕوانی بە گاڵتە جاڕییەکی تاڵەوە زمانی هاتە گۆو سەری ڕائەوەشاند: ما شاالله ما شاالله...

ئەمە چی بوو؟

سەرپەرشتیارەکەیە – سەرپەرشتیارەکەی وەزارەت بوو– ئەو گوێدرێژەی کە هەمیشە لە بەندەرەو پێی دەهات بۆ گوندەکە ڕێک لەژێر پەنجەرەکەدا ڕای وەستاندبوو بەبێ دەنگی سواری بوو بوو لەسەری ڕاوەستا بوو لە ڕێکی پەنجەرەکەدا، ئینجا لە پڕ پیایدا هەڵزنی بوو تا هەموو شتێ ببینێ. وە ئەمەش شێوازێکی نوێی پشکنین بوو!!!

*******

وێنەیەکی تریش کە ئەویشی لەیاد ناچێ:

کاتێک کە بەڕێوەبەرو مامۆستاکان بەدواداچوونیان دەکرد بۆ قوتابخانەو قوتابییەکان بەهۆی گواستنەوە ئاساییەکانی ساڵەوە ئەو کاتە ئەو لە پۆل



Scanned with CamScanner

چوار بوو بەڕێوەبەرەكە مامۆستایەكی پیری دامەزراند كە لە ئەزهەر خوێندبووی ئینجا پەیوەندی كرد بە ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرێتییەوە.
پیاوێكی پیر بوو سەری ڕووتابوویەوە تەنها شێوە بازنەیەك نەبێت كە قژی پێوە بوو وە عەمامەكە ئەم سەر ڕووتاوییەی دادەپۆشی بەڵام هەر كە عەمامەكەی لادەبرد بە تەواوەتی هەمووی دیار بوو.
ئەم سەر ڕووتانەوەیەش جێی پێكەنین و گاڵتەجاڕی قوتابییە شەیتانەكان بوو. ڕۆژێكیان قوتابییە شەلاتییەكان پیلانێكیان دانا كاتێ كە مامۆستاكە دانیشتبوو تاقیكردنەوەكانی سەح دەكرد قوتابییەكانیش لەدەوری كۆ بوو بوونەوە ئەو سەرقاڵی كاركردن بوو قوتابییەكان بینیان كە عەمامەی مامۆستاكە لەسەر سەری وردە وردە بەرز دەبێتەوە پاشان لە پڕ بەردەبێتەوە كاتێ كە مامۆستاكە بەتووڕەییەوە هەڵدەستایەوە ئیتر قوتابییەكانیش ئەیانداییە قاقای پێكەنین وە چاوەكانیان پڕ بوو بوون لە فرمێسك لە تاو ئەو پێكەنینە زۆرەی كە شاردبوویانەوە.
یارییەكە پێك هاتبوو لە دەزو لەگەڵ قولاپی ماسی كە لە عەمامەی مامۆستاكە گیر كرابوو وە كاتێك كە مامۆستاكە وە ئاگا دەهات یەكسەر قوتابییەكە دەزووەكەی بەر ئەدا !
ئەم مامۆستایە زۆر حەزی لە ئیعراب كردن(شیكردنەوە) بوو وە قوتابییەكانیش لە قوتابخانەی سەرەتایی هەر نازانن مەبەستی چییە...
قوتابییەكی بانگ دەكرد كە لەسەر تەختەكە بنووسێ چونكە دەست و خەتی مامۆستاكە نەدەخوێنرایەوە هەموو دێڕەكانی شیعرێكی تەواوی



Scanned with CamScanner

پیّ دەنووسی پاشان قوتابییەکانی ناچار دەکرد کە ئیعرابی بکەن بەلاّم ئەگەر نەشیان زانیبایە ئەوا شتێکی باشی هەبوو ئەویش هەر بە لەبەر کردن ئیعرابەکەی پیّ لەبەر دەکردن.

گوێی نەئەدایە کە قوتابییەکان لەو دەستەواژە ئیعرابییانە تیّ ئەگەن یا نا زۆر بە دەگمەنیش ڕێك نەدەکەوت کە قوتابییەکی بچووك ئەم وشانە بزانیّ: (وطني مبتدا مرفوع بالضمة المقدره على ما قبل ياء المتكلم منع من ظهورها اشتغال المحل بحركة المناسبة) یان (إذا ظرف لما يستقبل من الزمان حافض لشرطه منصوب بجوابه).... هتد.

بە هەر حالّ مێشکی قوتابییەکان ئا بەم جۆرە شتانە پڕ بوو بوو.

ڕۆژەکان تیّ ئەپەڕین زاناو خوێندکارانی ئەزهەر لە پشووەکاندا ئەهاتن بۆ گوندەکە یەکێك لە زاناکان خۆ بەخشانە وانەی تەفسیری لە یەکێك لە مزگەوتەکانی گوندەکەدا دەوتەوە.

ئەو وانەیەش لەڕاستی دا بێجگە لە مامۆستا نەدەبوو کەسی تر دابنیشیّ بەلاّم چوار دەوری پڕ بوو لە گوند نشینە نەخوێندەوارەکان مەلزەمەیەکی لە تەفسیری زومەخشەری دەر ئەهێناو بەسەریاندا دەیخوێندەوە تار نا تاوێك بەدەستی چەپلّەیەکی لیّ ئەداو ئەیوت: تێگەیشتن؟ هەندێکیان وەلاّمیان ئەدایەوە: تێگەیشتین... ئیتر ئاوا کات تیّ ئەپەڕی ئەویش ئەوەی لە زومەخشەریدا هەیە لە ڕەوانبێژی و ڕێزمان و ڕاڤەی جۆراو جۆر بەسەریاندا دەیڕشت وە هیچیان لیّ نەئەزانی.



Scanned with CamScanner

منالەکەش ئامادەی ئەم وانەیە دەبوو تاوەکو ببێ بە پیاو! شەوێکیان
مامۆستاکە تەفسیری سوورەتی (کەهف)ی دەخوێندەوە گەشتە ئەم ئایەتە
(ذلك ماکنا نبغ فارتدا علی اثارهما قصصا). جا کە منالەکە زۆر سوور
بوو لەسەر فێربوونی ڕێزمان (نحو) هەستی بەوە کرد کە وشەی (نبغ)
بەبێ هۆیەکی ئاشکرا (حەرفە علەکە)ی لابراوە.
ئیتر پەنجەی بەرز کردەوە هەروەك لە قوتابخانەدا وای دەکرد وتی:
مامۆستا بۆچی پیتی (یا ء)لە وشەی (نبغ)دا لابراوە بەبێ ئەوەی کە
جازمەیەك هەبێ؟
مامۆستاکە بێ گرنگی پێدانێك سەری بەرز کردەوە پاشان هەروەك
لەخوێندنەوەی قورئان بەردەوام بێ ئاوا بەردەوام بوو وتی: (بەڕێزەکەم
(یاء) ە کە لابراوە بۆ (إعتباطاً للتسهيل) بەبێ لێ تێك چوونێك بەردەوام
بوو وە هەر لاشی بەلای منداڵەکەدا نەکردەوە.
منالەکە (إعتباطاً للتسهيل)ی بیست نەیئەبینی کە ئەمە لە ئاستی ئەمدا
بێت.ئەو ئیعرابی (إذ و منادی و پیتە جەزمەکان و پیتە عیللەکان) ئەزانێ
بەڵام (إعتباطاً للتسهيل) ئەوە شتێکی ترەو ئەم نەگەشتووەتە ئەم ئاستە.
ئەمە زانستی ئەزهەرە ئەمیش لێرەیەو لەگوندەکەدایە. لەسەرو هەموو
ئەوەن زانستێکەوە زانایەکی تر هەیە.
چەند ساڵێکی زۆر تێپەڕین بەبێ ئەوەی منالەکە مانای (إعتباطاً) و
(للتسهيل) بزانێ !

*******

پاشان چەندین شتی تری لەیادە کە زۆر گرنگن و لە ناخیدان... لەکۆتاییدا قوتابخانەکە دەرگای والآ کرد بۆ کچانی گوندەکە تاوەکو لەگەڵ کورەکاندا فێر ببن وە ڕێساکەش ئەوە نەبوو کە نیو ڕۆژ بۆ کوڕ نیوەکەی تری بۆ کچان ئەمەش بۆ گوندەکە شتێکی تازە بوو.

هەندێك لە باوکەکان ڕازی بوون کە کچەکانیان بنێرنە قوتابخانە- ئەوەی شایەنی باسە ئەوان زۆر منداڵ بوون تەمەنیان لە دە ساڵ تێ نەدەپەڕی- ژمارەیان لە هەموو قوتابخانەکەدا حەوت کچ بوون... لەگەڵ ئەوەشدا هیچ جیاوازییەکیان نەبوو لەگەڵ کچانی تری گوندەکەدا، وە بوونی ئەوانیش لە قوتابخانەکەدا کەش و هەوایەکی سەرنج ڕاکێشی هەبوو بۆن و بەرامەیەکی تایبەتی بەخشییە قوتابخانەکە... ئەم کەش و بارەش تێکەڵەیەك بوو لە هەستی تیژو ئارەزوویەکی شاراوە بۆ قسە کردن لەگەڵ ئەم ڕەگەزە سەرنج ڕاکێشەی قوتابخانە و لەگەڵ شەرمی ساویلکانەی لادێی وە خۆ پاراستنیش لە بەزاندنی سنوور چونکە هەرکەسێ سنوور ببەزێنێ ئەوا ئەکەوێتە ژێر سزای قوتابخانە و سزای ماڵەوە.

بەلآم هەموو ئەمانە ڕێگر نەبوون لە بەردەم هەندێك لە قوتابییەکان بەتایبەتی گەورەکانیان لەکاتی ڕۆشتنەوەی کچەکاندا قسەو جوولەی سەیر سەیرو دەنگە دەنگیان بۆ دەکردن ... وە مەبەست لەمەش تەنها سەرنج ڕاکێشان بوو!

بەلآم ئەو شەرمە زۆرەکەی و خوو و تەقالیدی خێزانی وای لێ کردبوو کە دوور بێت لەم جۆرە ڕەفتارانە بەلآم ئەمەش مانای وا نەبوو کە ئارەزووی

ئەوەی نەبێ کە سەرنجی ڕابکێشرێ ... بەڵکو ئەم ئامرازی بۆ گەشتن بەمە هەماهەنگ بوو لەگەڵ پەروەردەیدا،لایەنی پارێزگاری کردنی لە کچەکان گرت هەر کاتێك کە بیزانیایێ کە ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبنەوە!

ئەمەش وای لێکرد کە پێگەیەکی بۆ درووست ببێ... ڕۆژێکیان لەماڵەوە بوو بینی هەر حەوت کچەکە لە دەرگایانداو پرسیاریان لێ کرد سەبارەت بە خوشکە بچووکەکەی بۆ ئەوەی لەماڵەوە یاری لەگەڵدا بکەن!

ئەمەش هەر لە خۆیەوە و بێ پێشەکی نەبوو... بەڵکو لەنێو کچەکاندا خوشکی یەکێك لە ئامۆژنەکانی و کچی یەکێك لە مامەکانی ئەو کچەی تیابوو وە ئەمەشیان لە دەروونی ئەمدا تایبەتمەندییەکی تایبەتی هەبوو! قسەکردن لەگەڵ یەکەمیاندا قەدەغە نەبوو بەبێ هیچ بەربەستێك قسەی لەگەڵدا دەکرد. بەڵام دووەمیان بەهۆی دووری خزمایەتییەوە هەر قسەی لەگەڵدا هەبو بەڵام بەسام و هەیبەت و بە شەرمێکی قووڵەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز بانگهێشتی نەدەکردن بۆ ماڵەوە وە نەشی ئەتوانی کە بانگهێشتیان بکات... بەڵام کاتێ کە بەم جۆرە ئامادە بوون کچی یەکەم هێنا بوونی وە کچی دووەمیش شەرمێکی خۆشەویستی زۆر دایگرتبوو... ئیتر لە ناخەوە هەستی بەچێژێك کرد کە پێشتر هەرگیز هەستی وای بەدی نەکردبوو هەستی کرد کە لەم سەردانەدا ئەمیان مەبەستە نەك خوشکە بچووکەکەی! وە هەستی کرد کە کچی دووەم هەمان هەستی ئەمی هەیە هەرچەند کە هیچ قسەیەکیان پێکەوە نەکرد.



Scanned with CamScanner

سەردانەکان بەردەوام بوون بەڵام بێجگە لە یەکتر بینینێکی کت و پڕی هیچی تری زیاد نەکرد بەڵام کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ناخی بەجێ هێشت کە نەدەشاررایەوە.

ئەم کچە دووەمینە ڕەنگێکی سوورکاڵی هەبوو سرووشتێکی تایبەتی هەبوو کە لە دەم و چاوەکانی تردا نەبوو... بەپێی پێوەرەکانی گوندەکە جوان نەبوو دەم و چاو سپی نەبوو لوتیشی بە ئەندازەی پێویست نەبوو هەروەها دەمیشی وا نەبوو کە وەکو (ئەڵقەی سولەیمان) بێت... بەڵام تەنها ئەو لەنێو کچانی قوتابخانەکەو بگرە لەنێو هەموو کچانی گوندەکەدا بەلای ئەمەوە جوان بوو. وە نهێنی جوانیشی بەلای ئەمەوە ئەوە بوو کە خاوەنی سرووشتێکی تایبەتییە! هەرچەند ئەو ئەو کاتە نەیئەزانی واتای سرووشتی تایبەتی چییە.

وە کاتێکیش کە گوندەکەی بەجێ هێشت و ڕۆشت بۆ قاهیرە هەر خەیاڵی لای ئەم دەم و چاوە بوو وێنەی نموونەی جوانی لەبەر چاویا بۆ دەکێشا تا پاش سێ ساڵ گەڕایەوە ژیانی گۆڕابوو ڕۆشنبیری گۆڕا بوو وە جیهانیشی گۆڕا بوو... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکەم پرسیار کە بە وریایەکی زۆرەوە ئاراستەی کرد پرسیار بوو لە چارەنووسی ئەو کچە بچووکە کە هەر یەکەم جار فریوی ئەوی خوارد.

زانی کە شووی کردووە شووی کردووەو لە شوێنێکی دووری گوندەکەدایە. هەستی کرد کە پێویستی بەوەیە تۆزێ لە هەموان دوور بکەوێتەوە ئیتر چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک !!!



Scanned with CamScanner

# ٤

# نێردەیەکی پزیشکی

نزیکی کاتژمێر دەی بەیانی بوو.... دوو وانەی یەکەم و دووەمیان ، قوتابخانەی گوندەکە وەرگرت پاشان ڕۆشتن... لەپۆلەکان دەرچوون هەروەك چۆلەکەی بەند کراو کە لە قەفەسەکەی دەردەچێ پاش ئەوەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر بەندکرابێ دەرچوون بازیان ئەداو ڕایان ئەکرد هەڵەزنان و هاواریان ئەکرد بەبێ هیچ مەبەست و ئامانجێك تەنها بۆ وەدەرخستنی هەستیان نەبێ کە ئێستا ئازادن پاش بەندییەکی دوورو درێژ ! پاشان بۆ ئەوەی گیرفانەکانیان خاڵی بکەنەوە لەو خۆراکانەی کە هەڵیان گرتووەو بیان گوێزنەوە بۆ سکیان کە نزیکەی دوو کاتژمێرە هەڵیان گرتوون بەلاّم (ڕێسا) ڕێی پێ نەئەدان لەکاتی کۆرسەکاندا گیرفانەکانیان خاڵی بکەن ! پاشان بۆ ئەوەی منالاّنی خاوەن سەرمایەکان بەرەو (دووکانەکەی مامە خەلیل) بڕۆن کە نوقل و شیرینی دەفرۆشت تاوەکو هەندێکی لێ بکڕن !

ئەمە هەموو خۆشییەکانی ئەو گەڕانە نەبوو بەڵکو ئەو منالاّنە مەرامی تریان هەبوو لەو ماوە کورتەدا - چارەکێك - قوتابخانەکە کەوتبووە



Scanned with CamScanner

لایەکی گوندەکەوە لەسەر سنووری کێڵگەیەکی فراوان ئەرکی ئەم کێڵگەیە ئەوە بوو کە ڕووەك بڕوێنێ بۆ خەڵکی و وە ئەرکێکی تریشی هەبوو ئەویش بۆ قوتابیانی قوتابخانەکە و هەندێك لە دانیشتووانی گوندەکە ئەویش هەڵئەستا بەکاری سەر ئاوی گشتی !

کەواتە قوتابییەکان دەردەچوون و ئەوەی لەگیرفانیاندا بوو دەیانکردە سکیانەوە وە ئەوەی لە سکیاندا بوو دەیانکردە کێڵگە نزیکەکەوە ....

بەڵام ڕاچڵەکان بەدەنگی زەنگەکە کە لە پێش کاتی دیاری کراودا چەند جارێك لێی دا بۆ وانەی سێیەم. لەگەڵ ئەوەشدا کە کاتژمێریان پێ نەبوو بەڵام لەزانینی کاتدا هەڵەیان نەئەکرد هەستیان پێی بەدەگمەن نەبێ هەڵەی نەدەکرد ! پاش کەمێك ڕیز بوون دەمێك بو ئەو دەنگانەیان نەبیستبوو کە لەسەر بنەمایان هەندێ جووڵەی وەرزشی ساویلکانەیان پێ جێ بەجێ دەکرد: (صغادون) واتە بوڵای ڕاست (سولادون) واتە بوڵای چەپ... وە (مارش) واتە بەرەو پۆل بڕۆن.

ماوەیەك بوو ئەم شتانەیان نەبیستبوو بەڵام هەواڵێکی سەیریان لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بیست کە لەوەو پێش بەرگوێیان نەکەوتبوو... ئەبێ ئێستا بڕۆن بۆ (ماڵی ئاغا) وە بە ڕیز بەڕێ بکەون وە ئەمەش وای لێ دەکردن کە هەموو کوچەکانی گوندەکە ببڕن وە ماڵی ئاغاش کەوتبووە دوورترین لای گوندەکە وە بەڕێوەبەرەکەش ئاگاداری ئەکردنەوە لەوەی کە ڕیزەکە تێك بدەن و لا بکەنەوە بەم لاولادا بەتایبەتی کاتێ کە بە



Scanned with CamScanner

(بازاڕچەی گوندەکەدا) تێ دەپەڕن کە نوقڵ و شیرینی و سێوی نەگەیوی گوندەکەی تیابوو.

بۆ ماڵی ئاغا؟ جا بۆچی؟ ئەوان هەرگیز نەچوو بوونە ئەم ماڵەوە لە ئەڕۆن بۆ ماڵی ئاغا؟ جا بۆچی؟ کەس و کاریان بیستبوویان کە جار جار ئەڕۆن کاتێک کە یەکێك لە ئێشکگرەکان بانگیان ئەکات بۆ دانی پارەی ئێشکگرەکان یان شایەتی دان وە یان بۆ شکاتی هەندێ لە جوتیارەکان... بەلاّم ئەمان...؟ ئەمان قوتابی قوتابخانەن ئەمان هەموو ئەم شتانەیان لەکوێ بوو؟

ئەو تا ڕادەیەك بوێر بوو بەرامبەر بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەو ماموٚستاکانی سەرکەوتوو بوو لەوانەکانی دا لەپێش هەموو ئەمانەشەوە کوڕی پیاوێکی میوان دوٚست بوو کە تاڕادەیەك ناسراو بووزۆ ر تێکەڵ بوو لەگەڵ (ئەفەندییەکان) وە زۆر میوانداری دەکردن جا بۆیە نرخی گەورە بوو. ئەڵێم بوێر بوو بەرامبەر بە (ئەفەندییەکان) بۆیە توانی بپرسێ: بۆچی ئەچین بۆ ماڵی ئاغا؟

پرسیاری کرد ئای خۆزگە نەیپرسیایە! وەلاّمەکە کارەساتێکی زۆر گەورە بوو کە هەرگیز بە خەیاڵی ئەو و هاوڕێکانی‌دا نەهاتبوو... (حەکیم) لەوێیە – واتە پزیشك – وە داوای هەموویان دەکات!

حەکیم؟ ئای لەو بەلاّیە! ئەمڕۆ بێگومان دوا ڕۆژیانە چاویان بەم حەکیمە دەکەوێ کە هەرگیز سەردانی گوندەکە ناکات مەگەر ڕۆژێکی ڕەش و ناخۆش نەبێ ڕۆژێك کە کوژراو لەگوندەکەدا هەبێ ئینجا نوێنەرەکان دەهاتن و حەکیمیان لەگەڵ دا بوو بۆ توێکاری لاشەکە!



Scanned with CamScanner

نوێنەرەکان و حەکیم ئەم دووانە دوو شتی زۆر ترسناکی گوندەکە بوون.
بەڵام لەهۆشی مناڵەکاندا ئەمانە (کەرەستەی خامن) کە شێوە و قەبارەیان نییە خەیاڵی بچووکیان ئەتوانێ هەر چۆنێك بیەوێ بیر بکاتەوە بەڵام نەیئەتوانی ئەم دووانە جیا بکاتەوە وەکو جیاکردنەوەی کەس و شت.
بەڵێ بێجگە لە نوێنەرو حەکیم کەسانی ترسناکی تریش هەبوون وەکو (حەسحەسەکان) ئەمانە سەربازانی پۆلیس بوون کە هەندێ لە شەوانی ساڵ سەردانی گوندەکەیان دەکرد بۆ ئەوەی پاسەوانەکان تاقی بکەنەوە کە بزانن بە ئاگان یان نا. بە ئەرکی خۆیان هەڵدەسان و وە ئەو کەسەیان دەست بەسەر دەکرد کەپاش نیوە شەو بە کوچەو کۆڵانی گوندەکەدا هاتووچۆی بکردایە ...
هەروەها وەکو (یاریدەدەر)و (چاودێر) پاشان (ڕاسپێراو) هەموو ئەمانە تەنها لەگەڵ نوێنەرو حەکیمدا سەردانی گوندەکەیان دەکرد... هەموو ئەمانە هەبوون بەڵام تەنها نوێنەرو حەکیم بەشێوازێکی تایبەتی لە هۆش و خەیاڵی منالأنی گوندەکەدا بوون.
ئێستا ئا ئەوەتا حەکیم داوایان ئەکات تەنها داوای ئەوانیش دەکات ئا خۆ کارەکە چی بێت..؟
ئەوان نازانن بۆ داوایان ئەکات بەڵام دڵنیان لە ناخی دڵیانەوە کە خێر نابێت بەو جۆرەی کە بە سەلامەتی چوونە ژوورەوە ئاوا بە سەلامەتی لەو ماڵە نایەنە دەرەوە.
پیشەی حەکیم چییە..؟



Scanned with CamScanner

مەگەر پیشەی ئەوە نییە کە توێکاری لاشەی مردووان بکات وە سکی نەخۆشەکان هەڵبدڕێ یان دەست و قاچیان ببڕێ تەنها لەبەر ئەوەی کە ئازاری هەیە یان بۆ ئەوەی پشکنین بکات و چێژ لەو پشکنینە بەرێ..؟ وە یان (کووپێك) لە ژەهر دەرخواردی نەخۆشەکان بکات بۆ ئەوەی بمرن تاوەکو ماندوو نەبێ لە چارەسەرکردنیان وە یان بەدەم داوایەکی ئارەزووبازی ئاغاوە دێت و بەرتیلی لێ وەردەگرێ بۆ ئەوەی ڕزگاری بکات لە دوژمنایەتی و ناکۆکی ئەوانەی کە تێوەگلاون بە ڕووداوێکەوە.!

ئەمان لەکوێ و حەکیم لەکوێ..؟

ئەمان کوژراو نین تا توێکاریان بکات وە نەخۆشیش نین تا دەست و قاچیان ببڕێت یان کووپێکیان دەرخوارد بکات بەڵام بۆ چ کارێك بانگیان ئەکات..؟ ترسناکترین شت کە پێیان بکات بریتیە لە (برینداز کردن) کە زاراوەیەك بوو بەکاریان دەهێنا بۆ دەرخواردان (تطعیم) ئەو کردارە ترسناکە بوو کە هەندێ لە یاریدەدەرانی تەندروستی و پەرستاران جار جار پێی هەڵدەستان کە گوندەکەی لە ترسانا دەهەژاند..

هەر کە بانگ ئەدرا کە (حەکیمی بچووك) لەگوندە – بۆ ئەوەی جیا بکرێتەوە لە حەکیمی گەورە کە هەمیشە لەگەڵ نوێنەردا ئامادە دەبوو. هەرگیز بە تەنها ئامادە نەدەبوو_ هەر کە ئەمە ڕائەگەیەنرا گوندەکەی ئەهێنایە ترس و شڵەژان دایکەکان بە هات و هاوارو ترسەوە بەکۆڵانەکانی گوندەکەدا دەردەچوون و منداڵەکانیان کۆئەکردەوە بەخێرایی ئینجا دەرگایان لەسەر خۆیان دادەخست و ئەڕۆشتنە سەر



Scanned with CamScanner

بانەکان بۆ ئەوەی بتوانن باز بدەنە سەر بانەکانی ترەوە وە ئەو شەیتانانەش زۆر لە دەرگایان ئەداو بەهاوکاری پاسەوانەکان دەرگاکەیان دەشکاندو هەرکەسێکیان دەستکەوتایە هێرشیان دەکردە سەری بۆ (بریندار کردنی)!!

ئەوەی کە ئەیتوانی باز بداتە سەر بانەکانی ترەوە ئەوا ڕێگە چارەی هەڵدەبژارد بەڵام ئەوەی کە نەیئەتوانی ئەوا خۆی لە دەشت و دەر یان لە کولانەی مریشکدا دەشاردەوە کە (حەکیم) خەیاڵی بۆ ئەوە نەئەچوو کە لەوێ بێ ! ئەوە ئەو حەکیمەیە کە ئەیناسن... ئاخۆ حەکیمی گەورە چۆن بێت کە لەگەڵ نوێنەردا نەبێت ئامادە نابێت کە کەسی لەدەست دەرناچێت مەگەر بە موعجیزەی خوا کەسێ لەدەستی ڕزگاری ببێ یان بە خێرو فەڕی تەبەڕوکی پیاو چاکێك لە پیاو چاکەکان.!

جومگەکانیان هاتە لەرزە هەواڵێکی پڕ مەترسیان بیستوە ڕەنگیان زەرد بوو هەندێکیان بە هات و هاوار دەنگیان بەرز کردەوە.

(ئەفەندییەکان) هەوڵیان دا کە هێوریان بکەنەوە لە ترسەکەیان و دڵنیاییەك ببەخشنە دەروونیان بەوەی کە لەگەڵیان دێن و بە تەنها جێیان ناهێڵن . لەگەڵیان دێن؟ واتای چییە؟.. ئەوان بۆ لای حەکیم ئەچن ئیتر ئەفەندی و مەفەندی کێیە – ئەمەش لەگەڵ ئەو هەموو ڕێزەی کە هەیان بوو بۆیان کە وایان دائەنا کە ئەوان لە قوڕێکی ترن نەك قوڕی لادێی بەڵام ئەمڕۆ کار کاری حەکیمە نەك کاری مرۆڤ – ئەوە نییە کە مرۆڤەکان پەی پێ ئەبەن؟!



Scanned with CamScanner

*********

كاره‌كه‌ش له توانا ده‌رچوو بوو پێیان وترابوو: هیچ هه‌ڵهاتنێك سوودی نییه هه‌موویان به‌ڕیز له‌ژێر چاودێری پاسه‌وانه‌كانی گونده‌كه‌دا به‌ڕێ ده‌كه‌ون به‌سه‌رپه‌رشتی (ئه‌فه‌ندییه‌كان)... پاشان ناوه‌كانیشیان ڕۆشتووه بۆ حه‌كیم له‌ڕێی تۆمارگای قوتابخانه‌وه جا ئه‌گه‌ر یه‌كێكیان ڕا بكات ئه‌وا هه‌ر ئه‌یگرێت و تووشی سزا ده‌بێت !

كه‌واته هیچ ده‌رچوونێك نییه له‌م قه‌ده‌ره! چی ده‌بێ با ببێ!

به‌ڵام ئایا ڕێیان پێ نادرێت كه به كه‌س و كاریان بڵێن و ماڵ و خێزانیان ببینن پێش ئه‌وه‌ی به‌ره‌و ئه‌م چاره‌نووسه نادیاره به‌ڕێ بكه‌ون؟!

پێیان وترا كه ئه‌مه‌ش قه‌ده‌غه‌یه ... ئیتر ئه‌وه‌نده‌ی تر نائومێد بوون.

*******

گه‌شتنه ماڵه‌كه ته‌نها خوا ئه‌زانێ كه چۆن گه‌شتن به یه‌ك ڕیزی درێژ وه‌ستان سه‌ره‌تاكه‌ی له‌ماڵه‌كه‌و – واته له‌ناوچه ترسناكه‌كه‌- كۆتاییه‌كه‌شی له شه‌قامی به‌رامبه‌ر... له‌لای ڕاست و چه‌پیش پاسه‌وانه‌كان به‌خۆیان و چه‌كه‌كانیانه‌وه و (ته‌پله) درێژه‌كه‌یانه‌وه وه‌ستابوون، وه یه‌كێك له ئه‌فه‌ندییه‌كان له سه‌ره‌تاو یه‌كێكیش له‌كۆتایی ڕیزه‌كه‌وه وه‌ستابوون به‌ڵام به‌ڕێوه‌به‌ره‌كه پێشیان كه‌وتبوو بۆ لای حه‌كیم بۆ ئه‌وه‌ی كه‌مێك دڵنیایان بكات له به‌رده‌میانا به بوێرانه‌و ئازایانه دیار بوو !



Scanned with CamScanner

ڕیزبەندی ڕیزەکە بەپێی درێژی بوو قوتابییە گەورەکان پێش کەوتبوون ئینجا بە دوایاندا بچووکەکان یان کورتەکان. ئا لەم ساتەدا تەنها کورتی نیعمەتی هەرە گەورەی نیعمەتەکانی خوا بوو!

ئەوانەی کە پێش کەوتبوون خوا نەبێ کەس هیچی نەئەزانی دەربارەیان بەڵام ئەوانەی کە لە دواوە بوون هەوڵیان ئەدا بزانن و هەمیشەش نیگەران بوون چاوەڕێیان دەکرد کەچی بەسەر یەکەمینەکاندا دێت تا جۆری ئەو چارەنووسە بزانن کە کەمێکی تر چاوەڕێیانە!

لە پڕ هەندێك لە گەورەکان هاتنە دەرەوە لەکاتێکدا کەهێشتا بچووکەکانی تر لە ڕیزە درێژەکەدا بوون... پرسیارو قیرە قیڕ دەستی پێکرد کە نە پاسەوانەکان و نە ئەفەندییەکان نەیان ئەتوانی داییبمرکێننەوە!

– ڕۆشتنە لای حەکیم؟

– بەڵێ ڕۆشتین!

–ئەی چی پێکردن؟

– هیچ! دەبووسێکی چەقاند بە پەنجەماناو خوێنی دەرهێنا!

–خوێن! بەڵام ڕووخساریان گەشاوەو تەندرووست و ئاسایین!

– ئەی ئەوە چییە بەدەستانەوە؟

– قاپە تا نموونەیەك لە پیسی پێ بێنین و ئەمەشیان شووشەی بچووکە بۆ نموونەی میـز.

– نموونەی پیسی و نموونەی میـز؟ جا بۆچی؟

– نازانین! حەکیم ئەوەی لێ داواکردین!



Scanned with CamScanner

حەکیم بۆ خۆی ئەمەی لێ داواکردن؟
-حەکیمی گەورە دەبووسی چەقاندە دەستمان و حەکیمە
-نا... حەکیمی گەورە دەبووسی چەقاندە دەستمان و حەکیمە بچووکەکانیش قاپ و شووشەیان پێداین و پێیان وتین نموونە بێنن بۆ حەکیم!

******

کەمێك ترسەکەیان ڕەوییەوەو پرسیارو ڕامان بۆ ئەم داواکارییە سەیرە شوێنی گرتەوە! کەس لەوەو پێش ئەم داوایەی لێ نەکردوون. ئاخۆ حەکیم چی بکات بەم نموونە سەیرانە؟
ئەگەر تێگەیشتبن لە چەقاندنی دەبوس و ڕاکێشانی خوێن ئەوا تێناگەن لەداواکردنی ئەم نموونانە. چەقاندنی دەبووس و خوێن دوو شتی پێویستی سرووشتی حەکیمن... بەلاّم ئەمە؟ کێ ئەزانێ؟ ئەمە حەکیمە حەکیم ! ئەم داواکارییە هەرزان و ئاسانە وا دیار بوو تا ڕادەیەك قورس و گرانە... داوا لە هەموویان کرا کە بڕۆن بۆ سەر ئاوی مزگەوتەکانی گوندەکەو پاش نیو سەعات بگەڕێنەوەو ئەوەی لێیان داواکراوە پێیان بێت... ئا لەم کاتەدا هەموو قوتابییەك ئامادەی وەلاّمی ئەم داواکارییەی نەبوو چونکە لە (پشووی) قوتابخانە ئەوەیان خاڵی کردەوە کە لە سکیاندا بوو... ئەگەر ئەمە پێش پشووەکە بووایە ئەوا ئێستا هەموو شتێك ئامادەبوو بەتایبەتی یەکێك لە دوو نموونەکە کە وەکو پێویست ئێستا نایەت!



Scanned with CamScanner

ئەوانەی کە لە سکیاندا شتێک مابوویەوە بەدڵنیاییەوە بۆی دەرچوون بەڵام ئەوانەی کە گەدەیان ئەوەندەی تیا نییە یان هەوڵیانداو سەرکەوتوو نەبوون ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕاو لێدانی دڵیان لە ترسان بەرز بوویەوە دوو دڵی و پەشۆکاوی لە ترسانا دایگرتن !

چی بکەن؟ ئەی چۆن بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکە یان ئەی چۆن لەکاتی دیاری کراودا ئامادە نەبن؟

کەمترین شتێک کە بیریان لێ ئەکردەوە ئەوە بوو کە ئەگەر بەدەستی خاڵی بگەڕێنەوە ئەوا حەکیم سکیان هەڵئەدڕێ تا ئەو نموونەیەی لێ دەربهێنێ وە یان ئامێری درێژیان پیادا ئەکا بۆ دەرهێنانی ئەو نموونەیە لە یەکەمیاندا مەرگ یان مەترسی مەرگ لە دووەمیشیاندا شەرم لە بەردەم برادەرەکانیان و لەلای گوندنشینەکان!

کێ بیانپارێزێ لەم چارەنووسە کە ئێستا لەژێر دەستی حەکیمدان؟ کەس و کاریان بە هەرچی هێزیانەوە هەیە کڵۆڵ و بێ دەسەڵاتن لە بەردەم ترسناکترین پیاوی حوکومەتدا...

ئا لێرەوە فێڵ و تەڵەکە سەری هەڵدا نرخی هاوکاری بەدەرکەوت! قوتابییەکان بران کەی نرخی ئەم برایەتییە بەدەردەکەوێ ئەگەر ئێستا بەدەر نەکەوێ؟!

بەڕووی زەردەوە ڕوویان کردە براکانیان بۆ ئەوەی دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکەن تا ئەم قاپە بچووکەیان بۆ پڕ بکەن! دەست کرا بە پرسیار کردن لەنێوانیاندا: ئایا نیوەی ئەم قاپە بەسە یان دەبێ پڕ بکرێ؟!

زۆربەی بۆچوونەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە دەبێ پڕ بکرێ ئا ئەمە لە بیرو هۆشی هەمووواندا بڕیاری لەسەر درا!

ئا لێرەدا پیاوچاکی ڕاستەقینە دەردەکەوێ کە ناڕەحەتی سەنگی مەحەکە! ئەو قوتابییانەی کە ڕەسەن و وەجاغ زادەن بەبێ دوو دڵی هاوکاریان پێشکەش کرد بەڵام ناڕەسەن و خراپەکان هەندێکیان بەهۆی ڕقی کۆنەوە دوورکەوتنەوە هەندێکیشیان هەر لەبەر سرووشتی خراپییەوە ڕێگر بوون بۆ ئەوەی ئەم هەلە بقۆزێتەوە!

بەڵام ئەم هاوکارییە تا ڕادەیەك پێویستییەکەی جێ بەجێ دەکرد زۆرێك لە برایان مانەوە کە هیچیان نەبوو بیبەخشن!... ئا لێرەدا بلیمەتی یەکێکیان لەدۆزینەوەی فێڵێکدا بەدەرکەوت: ئاودەستی مزگەوتەکان بۆ هەمووان بەسوودە !

بەڵام ئەمە چۆن ئەبێ؟ هەر ئەبێ شتێك هەبێ کە سەریان لابات!

لەگوندەکەدا نزیکەی دە مزگەوت هەبوون کە لەسەر شێوازی کۆن دروست کرابوون وە سەرئاوەکانی زۆر سەیر دروست کرابوون پێك هاتبوون لە حەوزێك کە لەخشت دروستکرابوو بە چیمەنتۆ لە دەرەوەو ناوەوە داپۆشرابوو ئەم حەوزەش کارمەندی تایبەتی بە سەتڵ لەبیری مزگەوتەکە ئاوی بۆ دەهێنان تا پڕ دەبوو. وە بۆریش برابووە ناو حەوزەکە کە لەڕێی بۆرییەکانەوە نوێژگەران دەست نوێژیان پێ دەشوشت...

بەڵام ئەم حەوزە تەنها بۆ دەست نوێژ بەکارنەدەهات... بەڵکو گەرماوی زۆرێک لە خەڵکیش بوو ئەوانەی کە پێویستیان بوو کە لە گەرمەی تاریکیدا پێش مەلا بانگدان ئەرۆشتن بۆ لای و بەدیوارەکەیدا هەڵئەزنان ئینجا خۆیان تێ ئەخست و خۆیان لە پیسی مادی و مەعنەوی پاك دەکردەوەو ئیتر ئاوا بەجێیان دەهێشت بۆ ئەوانەی کە دەست نوێژی لێ ئەشۆن ! ئینجا سەرئاوەکان کە زۆر سەیر درووست کرابوون کەوتبوونە یەك ریزی درێژ هەر دوو سەرئاو دیوارێك جیای دەکردنەوە بەڵام لەناوەوە جۆگە ئاوێکی سەر دانەپۆشراو هەمووانی بە یەك دەگەیاند ئەم جۆگەیەش هەروەکو حەوزەکە بە ئاوی بیرەکە پڕ دەکرا ئەم ئاوەی کە لەناو جۆگەکەدا بوو نوێژگەران و نوێژنەگەران دەستیان بۆ دەبرد بۆ تارەت گرتن و خۆ پاك کردنەوە ئەوانەی کە لەسەر ئاو بوون ئاوەکە دەگەشتە هەموویان ! بەڵام خودی سەرئاوەکە زۆر سەیر درووست کرابوو پێك هاتبوو لە دوو شان ئەوەی بیویستایە لەسەری دائەنیشت لەنێوانیشیاندا کونێکی گەورە بوو ئەوەی دانیشتبوو ناچار دەبوو کە لنگی بڵاو بکاتەوە تاوەکو نەکەوێتە ناو کونە گەورەکەوە... هەرچی شت بوو ئەکەوتە ئەم کونەوە هێندە کۆ ئەبوویەوە خەریك بوو دەگەشتە لای کەسی دانیشتوو چونکە چاڵی مزگەوتەکان سنووردار بوو وە ژمارەیەکی زۆریش ڕووی تێ دەکردن - ئەمە لەکاتێکدا کە بە دەگمەن لەماڵەکاندا ئاودەست هەبوو - هەموو پیاوان و منالانی گەورە ڕوویان دەکردە مزگەوت و کێڵگەکان بەڵام ژنان و منالان سەربانی خانووەکانیان شوێنی



Scanned with CamScanner

ئەوەیان بوو ! ئەم بارەش بە درێژایی ساڵ دەمایەوە وە بۆنەکەشی کە بەرگەی نەدەگیرا بە ئاودەسە بێ سەرەکاندا بلاّو دەبوویەوە مێشوولەش جاریّ لە پیسایییەکەوە دەنیشت و جاریّکیش بە دەم و چاوی کەسی دانیشتووەوە و. ئەگەر کەسیش لەسەر ئاو نەبووایە ئەوا ڕێی خۆی بۆ نوێژگەرەکان و ماڵانی دەورووبەر دەگرتە بەرو بە ئارەزووی خۆی هاتووچۆی دەکرد ! وە لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا (چاڵ هەڵکەنەکان ) دەهاتن ئەوانەی کە ئاوەڕۆکانیان پاک دەکردەوە کە لە شارەوە بە بەلێندەرێتی تایبەتی دەهاتن بۆ پاک کردنەوەی چاڵی مزگەوتێک یان چەند مزگەوتێک ... وە بۆ هەڵگۆزینەوی ئەم چاڵانەش ڕێگایەکی سەیریان هەبوو. عەرەبانەی تایبەتی بەکار نە ئەهات وەکو ئەوەی کە لە هەندیّ شاردا بەکار دەهات کە ئاوەڕۆیان نەبوو، جا چ پێویستیشی بەم عەرەبانانە دەکرد؟ چونکە ڕێگەیەکی سرووشتی کشتوکاڵییانەی هەبوو؟!!

مەگەر لە کێڵگەکاندا جۆگە بەکار نەئەهات بۆ گوێزانەوەی ئاو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر؟ جا ئیتر بۆچی لەمەشدا جۆگە بەکار ناهێنن بۆ گەیاندنەوەی شتی ناو ئاوەڕۆکان بۆ کێڵگەکان؟!!

بۆ مەگەر بەکار نەئەهات! جۆگەیەکی سەربەتاڵ لە مزگەوتەوە بەرەو کێڵگە درێژ بوو بوویەوە کە مەبەست لێی خاڵی کردنەوەی چاڵە زێرابی مزگەوتەکان بوو ئەم جۆگەیەش بە ناوەڕاستی شەقامەکاندا بە ماڵ و دووکانەکاندا تێ دەپەڕی ئینجا سەتڵێک بە پەتێک بەسترا بوو دوو



Scanned with CamScanner

کرێکاریش لەسەر چاڵەکە دەوستان و دەستاو دەست ئەیاندا بە دەست یەکترییەوەو سەتڵەکەیان لەچاڵەکە پڕ دەکردو ئەیانکردە جوگەکەوە ئیتر هەر بە زوویی شەپۆلی ئەهات و ئەم پەینە سرووشتییە بەنرخە بەرەو کێڵگەکان بەڕێ دەکەوت!

ئا بەم جۆرەو لەبەر ئەوەی کە هەموو مزگەوتەکان پێویستیان بە پاك کردنەوە بوو هەموویان ڕێك کەوتبوون کەهەموو جوگەکان بە یەك بگەیەنن بەمەش تۆڕێك هەموو جوگەکانی لەگوندەکەدا بەیەك دەگەیاند... ئەش ئەکرا کە خاوەن ماڵ و دووکانەکان ئاوا بۆ ماوەی هەفتەیەك یان دوو هەفتە چێژ لەم دیمەنە ناشیرین و بۆنە پیسە بەرن... چونکە ئەمانە ماڵی خوان درووست نییە کەس بەهۆی پاشەڕۆی نوێژگەرەوە ئازار بچەژێ ![1]

******

بلیمەتی ئەم قوتابییە زیرەکە لەدۆزینەوەی ئەم فێڵەدا لە ئەنجامی نزیکی کەرەستە داواکراوەکانەوە بوو لە چاڵی ئاودەست خانە سەیرەکاندا!

هەر کە ئەمەی بە برا دڵتەنگەکانی ڕاگەیاند یەکسەر خۆشی دایگرتن... هەر لە چەند چرکەیەکدا هەموو قاپەکانیان پڕ کرد زۆر بە دڵنیاییەوە دایانیانەوە بە حەکیمەکان.... وە ڕێش درا بە قوتابییەکان کە ئەمڕۆ پشوو وەربگرن گەڕانەوە بۆ ماڵ و بڕوایان بەخۆیان نەدەکرد!

---

[1] ئێستا ئەم بارە گۆڕاوە عارەبانەی سەر قەپات بەکاردێت هەروەك زۆرێك لە شارەکان.



Scanned with CamScanner

******

پاشتر زانرا کە ئەمە نێردەیەکی پزیشکی بووەو هەستاوە بە ئامارکردنی پزیشکی بۆ کەیسی ئەنیمیاو بەلهارسیاو ئەنکلوستوماو ئیسکارس.

بەڵام ئەنجامەکە نەزانرا کە نێردە پزیشکییەکە لە ئامارە فەرمییە دۆکیومێنتییەکەدا تۆماری کرد !!!

٥

# سەیید حەکیم

هێشتا نەڕۆشتبووە قوتابخانەی سەرەتایی ... تەمەنی شەش ساڵانێک دەبوو! کاتێک کە بەیانی داهات و خۆر کەمێک بەرز بوویەوە کات لە چێشتەنگا تێپەڕی کرد دەرکەوت هەموو ئەوانەی لە ماڵەوەن نەخۆشن بە ئێش و ژانەوە ئەرشێنەوە لەکاتێکدا کە دوێنێ هەموویان لەش ساغ و سەلامەت بوون بێجگە لەو کە چەند ڕۆژێک بوو نەخۆش بوو..

نانی ئێوارەیان کە خوارد پێک هاتبوو لەگۆشت و دوو جۆر سەوزەو برنج و کاڵەك... نهێنی ئەم فرە ڕەنگیە بریتی بوو لە (خەتم).

(خەتم)ـیش خوویەکی وەرزی بوو لەماڵیاندا ساڵانە چوار تا پێنج جار دووبارە دەبوویەوە... ناوەڕۆکەکەشی ئەوە بوو کە هەندێک (وتاربێژ) واتە قورئان خوێن بانگی ماڵەوە ئەکران بۆ قورئان خوێندن بۆ ئەوەی ببێتە خێرو فەڕو بەرەکەت بۆ ڕۆحی مردووەکان! بەڵام لە وەرزە دیاری



Scanned with CamScanner

کراوەکانـدا: ڕۆژی عاشـووراو دوو جەژنـە گـەورە و بـچووکەکە وە ڕۆژی بیست و حەوتەمی مانگی ڕەجەب و لەنیوەی مانگی شەعباندا دەخوێنراو لەمانگی ڕەمەزانیشدا بەدرێژایی مانگ بەردەوام بوو.

وە ناو نرا خەتم چونکە چوار یان پێنج قورئان خوێنەکە خەتمی هەموو قورئانیان دەکرد هەنـدێکی بەدەنگی بەرز ئەیانخوێنـدەوەو هەندێکیشی بەبێ دەنگی کە هەر خۆیـان گوێیـان لێ بـوو! هەنـدێکیان – لەخوا ترس بـوون – خۆیـان بـە تاوانبـار دەزانـی بۆیـە بەشـی خۆیـان بە بێ دەنگی دەخوێنـدەوە ئەگـەر ڕۆژی خـەتمیش تـەواویان نەکردایـە ئـەوا دوای ئەوە تەواویان دەکرد هەندێکیان مینگە مینگەیان دەکرد بە ئایەتەکان کە جار جـار بـۆ یـەك وشـە دەنگـی بـەرز ئـەکردەوە یـان بـۆ نیـو وشـە پاشان دەگەڕایـەوە سـەر بـاری بێدەنگییەکـەی ئینجـا تـەواو بـوونی بەشی خۆی ئاشکرا دەکردو دەیوت... وصدق الله العظیم!

ئـەو قورئـان خوێنانـە شـەوێك بـەر لـە خـەتمەکـە بـانگ دەکـران بـۆ ئەوەی ئامادەباش بن بۆ بەیانییەکەی هەر کە نوێژی بەیانیان بکردایە لەماڵەکەدا ئامـادەبوون و دائەنیـشتن بـەدەنگی نـزم قورئانیـان دەخوێنـد هـەتا خۆرهەڵئەهات ئیتر لەو کاتەدا نانی بەیانییان بۆ ئامادە دەکرا کە بە زۆری برنج بەماست بوو وە یان نانی گەنمی خووساو بوو بە ماستی شیرین – ئەمە گەر وەرزی ماست بووایە لەنێوان پاییزو بەهاردا – بەڵام گەر هاوین بووایە ئەوا ماست و شیر هەم لەماڵەکەداو هەم لەگوندەکەشدا کەم بوو – چونکە ئاژەڵی شیردەر لەم ماوەیەدا کەم دەبوویەوە واتە شیری نەئەدا بۆ

ئەوەی ئامادەی زاین بێت لە پایزدا– ئەمە بێجگە لەو ئاژەڵەی کە بەرانی گرتووە کە بەردەوام شیری ئەدا هەتاوەکو ساڵی داهاتوو کە دەزا.
جا ئەحەر بەو جۆرە بووایە ئەوا نانی بەیانی بەزۆری هەنگوین و پەنیر دەبوو لەگەڵ نانی گەنمدا هەندێك جار یان هەندێك جاری تر لەگەڵ کولێرە بەڕۆن. ئیتر بەردەوام ئەمانەوە لەقورئان خوێندن جارێك بەدەنگی بەرزو جارێك بەدەنگی نزم یان مینگە مینگێك کە خەریك بوو هەر نەبیسترێ تاوەکو نیوەڕۆ ئەهات و دەڕۆشتن بۆ نوێژ پاشان ئەگەڕانەوە تاوەکو نانی نیوەڕۆیان بخۆن کە پێك هاتبوو لە نانی گەنم و پەنیرو هەنگوین... ئیتر دەیانخوارد پاشان ئەگەر هاوین بووایە تاوەکو عەسر پشوویان ئەدا یان کەمێك پشوویان ئەداو چایی و گەرم کەرەوەی تریان ئەخواردەوە ئەگەر زستان بووایە.... ئەگەر کاتی عەسریش بهاتایە هەندێکیان بۆ نوێژ ئەڕۆشتنە دەرەوە هەندێکیشیان هەر لەماڵەوە نوێژەکەیان دەکرد. پاشان پاش عەسر جارێکی تر کۆ ئەبوونەوە ئیتر بەدەنگی بەرز دەستیان بەخوێندنەوە دەکرد کە زۆربەی کۆڵانەکە گوێی لێیان بوو... هەتاوەکو کاتی ئێوارە کە ژەمی سەرەکیان بۆ دەهات کە پێك هاتبوو لە گۆشت و سەوزەو برنج و میوەی تازە یان کولاو... هەندێکیان زۆر بە پاکی و بە ئەدەبەوە ئەیانخوارد. ئەمانەش زۆر زۆر کەم بوون... بەڵام زۆربەی زۆریان بە چڵێسی و بەڕێگایەکی زبرو پیس نانیان دەخوارد.



Scanned with CamScanner

ئێستاش ئەوەی جوان لە یادە کە هەندێکیان ئەو نانە گەورەیان ئەکردە چوار بەشەوە کە دوو هێندەی نانی شار دەبوو هەر بەشێکی زۆر بە توندی و بەچڵێسییەوە ئەچەقاندە چێشتەکەوە کە بەشێکی زۆری نانەکەی تەڕ دەکرد ئینجا بەرزی دەکردەوە ڕۆنیش بە دەست و باڵیا چۆڕەی دەکردو ئەتکییە سەر جلەکانی... ئینجا ئەو هەمووەی کە هەڵی گرتبوو فڕێی ئەدایە دەمە گەورەکەیەوە کە تەواو خەریک بوو شەویلگەکانی دەبوونە دوو بەش بەشێک لەملاو بەشێک لەولا تاکو بەچڵپە چڵپێکی زۆر قووتی ئەدا بەقوڕگیا لەکاتێکدا دەستێکیشی سەرقاڵی ئامادەکردنی پارووییەکی تر بوو... ئیتر هەر بەو جۆرە لە چاوترووسکانێکدا ئەگەشتە نانی نۆیەم یان دەیەم.... ئەوە پێش هەمو شتێك واشی ئەکرد بە گۆشت و بەمیوەکەش. وە گۆشتیش زۆر بەدەس بڵاوی بەسەریاندا دابەش دەکرا هەتاوەکو بەشی هەریەکەیان دەگەشت دوو ڕەتڵ![2]

ئا بەم بۆنەوە پێڕی قورئان خوێنان چاو تێ بڕاو بوون بۆیە لەبەرکردنی قورئان داواکاری زۆربوو قورئان خوێن زۆربەی ڕۆژەکانی ساڵ ڕۆژی مسوگەر بوو لەخواردندا بەجۆرێك بردبوویەوە تەنانەت هەندێ جار سەرمایەدارە گەورەکانی گوندەکەش ئەوەیان نەبوو... پاش هەموو

[2] ڕەتڵ = ٤٥٣ گرام.



Scanned with CamScanner

ئەمەش لە هەموو خەتم کردنێکدا پێنج قرووش پاداشتی وەردەگرت
هەرچەند لە زۆربەی گوندەکەدا وا باو بوو کە نیوەی ئەم برە بێت...
ڕۆژانی (خەتم) بۆ قورئان خوێنەکان تەنها ڕۆژە خۆشەکان نەبوو بەڵکو
پرسەو ماتەمینیش هەبوو کە حەوت ڕۆژی تەواو دەبەسترا کە هەندێ جار
بەیانی و عەسرو شەوان قورئانیان دەخوێند ڕۆژانەش دووجار خواردنیان
پێشکەش دەکرا کە ژەمێکیان گۆشت و سەوزە بوو کە ئەمەش ژەمی
ئێوارە بوو. ئینجا (دەرچوونیش) هەبوو کە بەدوای حەوت ڕۆژەکەدا
دەهات کە کەس و کاری مردووەکە دەڕۆشتن بۆ گۆڕستان کەسانی
سەرەخۆشی کەریش پۆل پۆل ڕوویان تێدەکردن لەوێ قورئان دەخوێنرا
قورئان خوێنەکان لەوێ کولێرە بەڕۆنیان دەخوارد...
پاشان دەگەڕانەوە بۆ ماڵەکە دەستیان بەخوێندنی (خەتم)ـەکە دەکر
هەروەکو خەتمە وەرزییە سەربەخۆکان... ئەمەش دەوڵەمەندو هەژار تێیدا
یەکسان دەبوو...
سەرەڕای ئەم خواردنە خۆشەش بەدرێژایی هەفتە خوێنەر پاداشتێکی
زۆریشی وەردەگرت بەرامبەر بە زیندوو ڕاگرتنی حەوت شەوەی ماتەمین
کە هەندێ جار دەگەشتە نیو جونیە یان زۆربەی کات بیست و پێنج قرش
نەبوو ! بەڵام (شەونخوونی ڕەمەزان) وەرزێکی درێژو خۆش بوو بۆ پێڕی
قورئان خوێنان... زیاتر لە بیست ماڵ ئەم شەونخوونییەیان دەگێڕا کە
چل تا شەست خوێنەری لەخۆ دەگرت - ئەمانە بەختەوەر بوون کە
فاوڕێکانیان ئیرەییان پێ دەبردن - ئەمانە لە هەموو شەوێکدا



Scanned with CamScanner

پارشێوێکی باشیان دەدرایە وە لە هەندێ ماڵیشدا هەروەها بەربانگیشیان دەدرایە کاتێ کە جەژنیش دەهات (خەتم)ـەکەیان تەواو کردبوو خواردنیشیان خواردبوو ئیتر پاداشتە گەورەکەیان وەردەگرت کە بەزۆری جونەیهێك بوو بۆ هەر (وتاربێژێك)!

ئیتر هیچ سەیر نەبوو کە ئەم پیرە خواپێدراو بوون لە گوندەکەدا... ئەوان بە فەرو بەرەکەتی کتێبەکەی خوا کە لە سنگیاندا هەڵیان گرتبوو ژیانیان مسوگەر بوو! خۆشبەخت و ئاسوودەبوون!

******

شەوی نیوەی مانگی شەعبان بوو ئەم هەموو جۆر خواردنانە هەبوون و نانی ئێوارە خورا پاش ئەوەی کە (وتاربێژەکان) نانیان خوارد خواردن بەسەر هەژارەکاندا دابەش کرا هەندێ لە گۆشت و لە کاڵەکی لەتکراو مایەوە هەڵیان گرت بۆ بەیانی!

کاتێك کە ڕۆژ گەیشتە چێشتەنگا خێزانەکە کۆبوویەوەو هەندێك لە گۆشتەکەیان خوارد لەگەڵ نان و پەنیردا وە هەندێکیشیان کەمێکیان لە کاڵەکە خوارد بەڵام منداڵەکە هەر سەیری کردو بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە دەستی لەگۆشتەکە نەدا بەڵام پارچەیەکی بچووکی لە کاڵەکە خوارد لەگەڵ پاروویەك نان و پەنیر... ئیتر هیچی تری نەخوارد!

کاتژمێرێك تێنەپەڕی هەموویان بەهۆی ژانە سکییانەوە هاواریان بەرز بوویەوە هەندێکیان لە سەرەتاوە پاشان ئەوانی تریش یەك بە یەك بەدوایاندا هاتن هەرچی لە سکیاندا بوو دایان نا ئینجا ئازار دایگرتن و

تووشی سەرسوڕان هاتن و ماڵەکە یەک ئاواز دایگرت: خواردنەکە بۆن کراوە. لەم کاتەدا خێزانەکە بچووک بوو پێک هاتبوو لە دایک و باوک ئەم منداڵە تاقانەیە وە دوو خوشکیش کە یەکێکیان بە سێ ساڵ لێی گەورەتر بوو ئەوی تریشیان بەم ئەندازەیە لێی بچووکتر بوو...

بەڵام ژمارەیەک خزمەتکار لەگەڵ خێزانەکەدا بوون لەڕاستی دا خزمەتکار نەبوون بەو جۆرەی کە خەڵکی شار لەم وشەیە تێ دەگات...

خەڵکانی هەژار بوون هەندێکیان بەهۆی خزمایەتییەکی دوورەوە بەخێزانەکە دەگەشتن هەندێکی تریشیان نزیک بوون لێیانەوە بەهۆی دراوسێییەوە... جا ئەوانەش پیاو و ئافرەت و منداڵیان تێدا بوو هەڵئەستان بە ئیش و کاری ماڵەکە – بێجگە لە چاککردنی خواردن کە تەنها دایکی ئامادەی دەکرد – لە هەندێ کاتی شەو و ڕۆژدا بەرامبەر بە خواردن یان سووتەمەنی کە لە پاشەڕۆی ئاژەڵەکان پێک هاتبوو وە لە بەرامبەر هەندێک جل و بەرگ کە ئەندامانی ماڵەکە دایان ئەکەند ئەوان لە هەندێ شتدا زیاتر لە کەس و کاری ماڵەکە دەستیان دەڕۆشت. هەروەها لە بەرامبەر ئەوە لە وەرزەکاندا چەند پێوانەیەک لە دانەوێڵەیان وەردەگرت هەروەها بڕێک لە کاو داری وشکی گەنمەشامیش بۆ سووتەمەنی.

پەیوەندی نێوان ئەوان و خەڵکی ماڵەکە پەیوەندییەکی خێزانی بوو نەک پەیوەندی خزمەتکارو خزمەتکراو ئەوان بە خاوەن ماڵەکەیان دەوت (مامە حاجی) – باوکی حاجی بوو – ئەمە بچووکەکانیان بەڵام گەورەکانیان پێیان دەوت (حاجی).



Scanned with CamScanner

ئەندامانی خێزانەکە یەک بە یەک ئامازەکانی ژەهراوی بوونیان تیا بەدەرکەوت هاتو هاوار بەرز بوویەوە: خواردنەکە بۆن کراوە واتە هەندێک خشۆک بۆنی پێوە کردووە. خەیاڵیش بەزۆری بۆ لای (مار) دەچوو هەندێ کاتیش بۆ لای (شەوگەڕ).

هەموو خواردنەکە بەسەر بەتاڵی بەجێ دەهێڵرا – بەتایبەتی شیرو کاڵەک – لە بیرو باوەڕیاندا وا بوو کە مار بۆنی دەکات. بۆنی ئەکات واتە ئەیلێسێتەوەو (فووی پیا ئەکا) واتە لیکە ژەهراوییەکەی تیا بەجێ ئەهێڵێ... وە هەر کاتێکیش کەسێک بیخوات ئەوا ژەهرەکە بەخێرایی بە جەستەیدا بڵاو دەبێتەوە هەروەک بەسەر ئەماندا هات!

کاتژمێرێک تێنەپەڕی هەواڵەکە بە تەواوی گوندەکەدا بڵاوبوویەوە خەڵکی یەک یەک و کۆمەڵ کۆمەڵ ئەهاتن بۆ سەردانیان ئەوانەی کە ئەهاتن کەس و کارو هاوڕێ و کەسانی تریش بوونماڵەکە بەو فراوانییەی خۆی پڕ بوو لە هەردوو ڕەگەزەکە. بەڵام باوکی لە (خانە) تایبەتییەکەی خۆی فەرشی بۆ ڕاخرا ئەویش پڕ بوو لە پیاو بە جیاوازی تەمەنەوە بەڵام ئەو و دایکی و خوشکەکانی لە بەشەکەی تری خانووەکەدا بوون هێندە سەردانکەریان هاتبوو کە شوێنێک نەما بوو بۆ جێ پێ!

بارەکە بەرەو مەترسی دەچوو ئەو بارە هاوشێوانەی کە پێشتر لە گوندەکەدا ڕوویاندابوو باشیان نەدەوت هۆکەیشی یان بەهۆی خواردنی خراپەوە دەبوو بەهۆی خواردنی کاڵەکی دوو ڕۆژ یان سێ ڕۆژ ماوە. وە



Scanned with CamScanner

یان بەهۆی دووەم ئۆکسیدی مسەوە دەبوو کە لە مەنجەڵە مسەکاندا کۆ دەبویەوە،پاشتریش وا دا ئەنرا کە ئەمە (بۆنی مار)ی پێوەکراوە! بەڵام لەم بارەی ئەماندا ئۆکسیدی مس شتێکی دوور بوو چونکە هەموو قاپ و دەفرەکانی چێشت لێنانیان بە قەڵایی ڕووپۆش کردبوو چونکە ئەم بۆنەیە پێویستی بە ئامادەباشی و خۆ ڕێك خستن هەبوو لە هەموو شتێکدا! بەزۆری ئەم ژەهراوی بوونە بەهۆی خراپ بوونی کاڵەکە لەت کراوەکەوە بوو چونکە کاڵەك زۆربەی کات تووشی ئەم خود ژەهراوی بوونە دەبێت.... هەرچەندە کە خزمەتکارەکانیش لەم کاڵەکەو لە خواردنەکەشیان خوارد بەڵام بەهیچ جۆرێك کاریگەری نەبوو لەسەریان! ئەم دیاردەیەش هەندێ جار ئەگێڕدرایەوە بۆ شتێکی تر – جیا لە بۆنی مار – ئەویش بریتی بوو لە.... ئێرەیی!

ئەمەش بیروباوەڕێکی بەربڵاو بوو لە گوندەکەدا... ئەوان چاویان تێ بڕراوە لەزۆر شتدا ئێرەییان پێ براوە بەتایبەتی ئاستی گوزەرانیان ئەمەش گەورەترین ئێرەیی دەورووژاند لەگوندەکەدا هیچ شتێکی تر بەرامبەر ئەمە نەدەوەستایەوە... هەر ئەوەندە بەس بوو کە خەڵکی ئاگای لەو برە گۆشتە بوو کە دەچووە ماڵەکە وە لەو ڕۆنە زۆرەش کە بەکار دەبرا تیایدا هەروەها ئەو میوەیەی کە تەنها کەمێك لەخەڵکی ئەوەیان هەبوو تا وای لێ دەهات کە هەستی ئێرەیی لەدەروونی زۆرێك لە گوندنشینەکاندا دەورووژا بەڕاستی ئەوان زۆرێك بیانوویان هەبوو.



Scanned with CamScanner

کەواتە بۆچوونەکە بۆ لێکدانەوەی ئەم ژەهراوی بوونە لە پڕ لای هەموان ڕووی کردە ئێرەیی لەکاتێکدا کە ئەو خزمەتکارانەی کە خواردنەکەشیان خواردبوو ژەهراوی نەبوو بوون...

لەگەڵ ئەمەشدا چەند لێکدانەوەیەکی تریش هەبوون بۆ ئەم دیاردەیە بەڵام لێکدانەوەی ئێرەیی یەکەم لێکدانەوەی باسکرابوو.

بەڵام باوکی کەسێکی ڕۆشنبیر بوو ئەم لێکدانەوەیەی قبووڵ نەدەکرد وە هەرگیزیش پشتی پێ نەدەبەست جا بۆیە بۆچوونەکە ڕووی کردە چوونە لای پزیشک بۆ چارەسەری ئەم ژەهراوی بوونە بە هەر دژە ژەهراوی بوونێک کە پێویست بێت!

بەڵام ئەگەر هەستی تەواوی منداڵەکەت ئەبینی لەم ڕۆژەدا ئەوا بەدڵنیاییەوە هەستی شادی و خۆشحاڵیت بەدی ئەکرد... ئەم (ئاژاوە)یە لەماڵەکە و پڕبوونی لەخەڵکی جۆراو جۆر هاتنە ژوورەوەو چوونە دەرەوەی خەڵکی گرنگی پێدانێکی زۆر پێیان و بەتایبەتی بەو - چونکە تاقانەی ماڵە - وە ئەم جووڵە بەردەوامەش کە هەر تەواو نابێ... هەموو ئەمانە - سەرەڕای هەموو شتێک - هەستی ئەورووژاندو خۆشحاڵی دەکرد جا ئەگەر پێشتر نەخۆش نەبووایە ئەوا خۆشییەکەی چەند قات دەبوو ئای ئەگەر هەموو ڕۆژێک ئەم هەرچی و پەرچییە لەماڵدا دووبارە دەبوویەوە !!!

******



Scanned with CamScanner

له‌نێو ئه‌م هه‌موو جم و جووڵه زۆرو به‌رده‌وامه‌دا پیاوێك تێبینی ئه‌كرا... لاوازو درێژو ده‌م و چاو سپی بوو دزداشه‌یه‌كی پاكی سپی له‌به‌ردا بوو له‌سه‌ر شێوازی به‌نده‌ری دوورا بوو نه‌ك شێوازی گوندی هه‌روه‌ها به‌دله‌یه‌كی پاكی سپیشی به‌سه‌ردا كردبوو وه جووتێ (نه‌علی) جوانیشی له‌پێ ده‌كرد. ئه‌م پیاوه قۆزه له‌نێوان هه‌موویاندا دیار بوو فه‌رمانی ده‌كرد و رێگری ده‌كرد به‌ڵام به نه‌رمی و له‌سه‌رخۆو له شوێنی خۆیدا داخوازییه‌كانی په‌یوه‌ست بوون به ئاماده‌كردنی بڕێك له شیــــر خۆی مادده‌یه‌كی تایبه‌تی تێدا ده‌تواندوه‌وه ئینجا فه‌رمانی ده‌كردو به‌گلاس ده‌برا بۆ نه‌خۆشه‌كان... ئه‌م پیاوه به‌رپرس بوو له چاره‌سه‌ركردنی ئه‌م ژماره زۆره‌ی ژه‌هراوی بووان.

ئه‌م پیاوه تێبینی كراوه‌ش.... سه‌یید حه‌كیم بوو!

پێویسته بزانی كه ئه‌م سه‌ییده یه‌كێك بوو له (تیمارچییه‌كان) كه له نه‌خۆشخانه‌ی شایانه له به‌نده‌ر ده‌ركرابوو – پاش ده‌ركردنی – توانی (عه‌یاده‌یه‌ك) له‌گونده‌كه‌دا بكاته‌وه‌و خۆی ناونا بوو (حه‌كیم)!!

مناڵه‌كه ئه‌م عه‌یاده‌یه‌ی له‌یاده: پێك هاتبوو له دوو ژووری خاوێن له‌سه‌ر دووكانه‌كانی بازاڕچه‌ی گونده‌كه‌دا... زۆر ڕۆشتبووه ئه‌م ژووره به‌هۆی زوو برینـدار بوونییه‌وه چونكه هه‌میشه (چه‌قۆیه‌كی) تیژی پێ بوو به‌كاری ئه‌هێنا بۆ داربڕین و ڕووكاندنی ده‌رگاو به‌نجه‌ره ته‌خته‌كان و له‌تكردنی خلۆكه‌ی ده‌زوو بۆ دوو به‌ش و بۆ ئه‌وه‌ی ببێت به تایه‌ی تیژڕه‌و كه دارێكی وشكی پیادا ده‌كردو ئینجا به دوو په‌نجه



Scanned with CamScanner

دەیسووڕاندەوە کە بۆ ماوەیەکی کاتی بەردەوام دەسووڕایەوە ماوەکەش بەپێی هێزی ئەو کەسەی کە ئەیسووڕاندەوەو کورت و درێژی ئەهێنا هەروەها جۆری ئەو دارەی کە پیایدا ئەکراو قورسی خلۆکەحەش کاریگەر بوون !! هەروەها خوشکە بچووکەکەشی دەبرد بۆ عەیادەکە ئەویش گوێی نەخۆش بوو ماددەیەکی دەردەهاویشت کە مێش و مەگەزی ڕادەکێشاو لەوێ دەمردن ئیتر بوونیان لەوێ مەترسی بوو... بۆیە ئەیبرد بۆ لای (سەید حەکیم) ئەویش گوێی پاك ئەکردەوە مێش و مەگەزەکەی تیا دەردەهێنا بەهۆی بۆرییەکی لاستیکی پەستێنەرەوە.

(سەید حەکیم) تەنها ئەم کارە بچووکانەی نەدەکرد بەڵکو دەرمانی هەموو نەخۆشییەکانی چاو نەخۆشییەکانی سك و سنگی دەکرد... وە زۆرێك لە (نەشتەرگەری)یش لە عەیادەکە یان لەماڵەوە لە هەر شوێنێکی لەشیشدا هەبووایە (دومەڵ)ـــی دەکردەوەو هەڵی ئەدڕی هەرچەند ئاڵۆزیش بووایە.... دەیەها لەم جۆرە نەشتەرگەرییانە مەرجی ئەم پیاوە بوون و بەدڵنیاییەوە دەیکردن ! تەنها یەك جۆر نەشتەرگەری نەدەگرد.... ئەویش نەشتەرگەری سك هەڵدڕین بوو.... ئەمەش نەك ئەوەی کە نەیدەتوانی – خوا نەخواستە – بەڵکو بەهۆی دڵ نەرمی و باوەڕی پتەوییەوە بوو! چونکە ئەم نەشتەرگەرییە دڕاندانەیە لەتایبەتمەندی (حەکیمی گەورەن) ئەو حەکیمەی کە لەگەڵ نوێنەردا ئامادە دەبێ بۆ توێکاری لاشەو سك هەڵدڕین و دەستکاری کردنی کوژراو و بریندارەکان!

بەڵام ئەم پیاوە دڵنەرم و قوزو لەسەر خۆیە هەرگیز هەڵناسێ بەم نەشتەرگەرییە دڕندانەیە چونکە ئەم پزیشکێکی بەسوزو میهرەبانە! ئەمروش- ڕۆژی ژەهراوی بوون - گوڕەپانی ڕاستەقینەی ئەم گوڕەپانی سوزو دڵنەرمی. حەز ئەکەم تێ بگەن کە ئەم پیاوە تەنها هاوڕێی کەسە ڕۆشنبیرەکانی گوندەکە بوو تەنها ئەوان بە خۆی و خێزانییانەوە ڕوویان تێ دەکرد کاتێ کە تووشی نەخۆشییەک دەهاتن.... ئەمەش بۆ جیاکردنەوە بوو لەوانەی تر کە پەنایان دەبردە بەر چارەسەرە خۆماڵی و گوندییەکان...! هاوڕێیانی ئەم سەییدە باوەڕیان بە پزیشکی فەرموودەیی هەبوو!!!

هەموو ژەهراوی بووەکان شیفایان وەرگرت ئەمەش بوو بەهۆی زیاتر کردنی ناوبانگی و بەرزکردنەوەی ناو و شۆرەتی وە بوو بەهۆی ئەوەی کە زۆرێک لە خەڵکی ڕووی تێ بکات تەنانەت ئەوانەش کە باوەڕیان بە پزیشکی فەرموودە نەبوو! کرێی ئەم سەییدە گەورەیە گران نەبوو بەڵکو لە یەک تا دوو قرش تێ نەدەپەڕی کە ئەمەش تەنها نرخی دەرمانەکە بوو... بەڵام ئایا چۆن بەم داهاتە کەمە دەژیا پێویستە بزانی کە خەڵکی ئەم گوندە میواندۆست و دڵفراوان بوون. عەیادەکە خۆڕایی بوو هیچ کرێی نەئەداو تێیدا ئەخەوت وە زۆر بە کەمیش لەسەر گیرفانی خۆی خواردنی دەکڕی چونکە هەر ڕۆژەو لای یەکێک لە هاوڕێ ڕۆشنبیرەکانی گوندەکە میوان بوو... ئەوانەی کە باوەڕیان بە پزیشکی فەرموودە هەبوو نەک بە ئەفسانەو درۆو دەلەسە!!!



Scanned with CamScanner

******

ئەو ڕووداوەی کە ناوبانگی پێ دەرکردو گەیاندییە لوتکەی پیرۆزی ڕووداوێکی تر بوو کە بەدوای ڕووداوی ژەهرای بووندا هات هەموو گوندەکەی هێنایە هەژان کە خەڵکی بەجۆرەها ڕەگەزەوە بەگرنگییەوە لەدەوری کۆبوونەوە:

لەنێوان هەموو وەلی و پیاوچاکەکانی گوندەکەدا وەلییەکی گەورەی زیندوو هەبوو (پیاو چاکەکانیش بەزیندوو مردووەو پلە بەندیان هەیە) ئەم پیاوەش پیاوچاکێك بوو لە ماڵێکی پڕ لە پیاو چاك خێزانەکەی وەلییەتیان لە دێر زەمانەوە پشتاو پشت بۆ دەمایەوە ئەمیش (مژەکەی) زۆر خەست بووە!! چونکە مژێکی زۆر گەورە بووە وە پلەو پایەشی لە دیوانی وەلییەکاندا تەنها چوار کەسی (زانا) لەو گەورەتر بوون ئەوانیش: سەیید بەدەوی و سەیید ئیبراهیمی وەسوقی و سەیید عبدالقادری گەیلانی و قوتبی متولی بوون وە لەسەروو هەموشییانەوە (قوتب غەوس ) کە بە قۆناغی (دێوانەییدا) تێپەڕی!

تەنانەت شێخ (عبدالفتاح)یش وەلییەکی گەورەی مردووی ئەم گوندەیەو کە لە بری ناوی سەرەکی گوندەکە ناوی ئەمیان ئەدایە پاڵی و ئەیانوت: ئاوایی شێخ عبدالفتاح، نەگەشتبووە پلەو پایەی ئەم وەلییە زیندووە (شێخ بکر) هەرچەند کە لەم کۆنترو ناسراو تریش بوو! بەهۆی هێزی مژەکەیەوە تا ئێستاش شێخ هەر (دێوانەیی) دەیگرێ لەگەڵ حاڵی وەلییەتی هێمنانە بەزۆری باری یەکەمی بەسەردا زاڵ بوو



Scanned with CamScanner

ئاوا چەند ڕۆژێك بە هەڵچوویی دەمایەوە کەس نەیئەتوانی لێی نزیك بێتەوە مەگەر کەسێ خۆی بیویستایە کە گاڵۆکێکی لێ بدا، تاوەکو بەو لێدانە چارەسەری ئەندامێکی نەخۆشی بکات!
ئینجا حاڵەتی بێدەنگی و ڕۆژو بوونی بەردەوامی بەدوادا دەهات نە ئەیخواردو نە قسەی دەکردو نە چاوی بە کەس دەکەوت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ تەنها یەك دوو پارووی دەخواردو بەس لەگەڵ کەمێك لە ئاو ئیتر بەبێدەنگی بۆ خۆی دادەنیشت!
جار جارە هێور دەبوویەوەو پێشوازی لە سەردانکەرێکی زۆر دەکرد. کە لە گوندە جیا جیاکانی دەورووبەرەوە دەهاتنە لای خۆشبەختی ڕاستەقینە ئەو کەسە بوو کە دەست بدات لە لایەکی جل و بەرگەکەی بەڵام ئەو کەسەی کە دەیتوانی دەست بدات لەدەستی یان دەستی ماچ بکات ئەوە سەرکەوتووی دونیاو دواڕۆژ بوو!!
بەڵام شێخ هەرگیز بەشێوەی ئاشکرا قسەی نەدەکرد بەڵکو تەنها چەند هێمایەکی کورت و چەند ئاماژەیەکی ناڕوونی بوو کە بۆ هەر هێمایەك ڕاڤەیەك و بۆ هەر ئاماژەیەکیش واتایەك هەبوو ئەو کەسانەش لە شێخ تێ دەگەشتن کە لێوەی نزیك بوون لە کەس و کاری و لەوانەی کە پەیوەندییان لەگەڵیدا هەبووە. جا ئەگەر خێرو باشە بووایە یەکسەر مژدەیان دەدا بە کەسەکە بەڵام ئەگەر شەڕو خراپە بووایە وا بانگەشەیان ئەکرد کە لە مەبەستی شێخ نەگەشتوون هۆی ئەم زانینەش تەنها خوا ئەیزانێ... ئا لەم بارەشدا کەسی خاوەن پێویستی تێ دەگەشت کە



Scanned with CamScanner

نائومێدە جا بۆیە چاوەڕێی ساتێکی تری دەکرد کە شێخ تێیدا ڕازی بێت
و بەباشی وەڵامیان بداتەوە.
وە یان دەرگاکانی ئاسمان دەکرانەوەو لەڕێی شێخەوە وەڵامیان
ئەدرایەوە ئەگەر بپاڕایەتەوە وە نەدەپاڕایەوە مەگەر کاتێك نەبێ کە دڵنیا
بێت لە وەڵامدانەوەی!!
جا ئەگەر شێخ خۆشی بشۆردایە کە زۆر بە دەگمەن خۆی دەشوشت ئەوا
ئاوەکەی پیرۆز دەبوو چونکە بە جەستەیەوە نووساوە ئیتر کەس و
کارەکەی هەڵیان دەگرت و بەبڕی جیا جیا دابەشیان ئەکرد بەسەر
کەسانی نزیك و سەردانکەردا. هەندێکیان دەیانخواردەوە هەندێکیشیان
دەم و چاویان پێ دەشوشت و وە هەندێکی تریشیان دەیانکردە
شووشەوەو هەڵیان دەگرت بۆ کاتی پێویستی!
نوێنەران و کۆمەڵانی خەڵك یەك لەدوای یەك بۆ ماڵی ئەم وەلییە دەهاتن
دیاری زۆریان دەهێنا: هەرکەسەو بەپێی توانای خۆی.... ماڵەکەش بۆ
میوان لە هەموو لایەکەوە دەرگای لەسەر پشت بوو. هەندێك دەیپرژاندو
هەندێکیش کۆیان ئەکردەوە... جووڵەو بزووتنێکی بەردەوام خەیرو
خەیراتێکی زۆر.... هەموو ئەمەش لەسایەی فەڕو بەرەکەتی شێخی
گەورەدا بوو.

وە ماڵەکەش لەسەرو هەموو ئەمانەوە.... نەخۆشخانەش بوو!
هەر نەخۆشێکیش کە بەهۆی گالۆکەکەوە شیفای وەردەگرت ئیتر ماڵی
شێخی دەگرت و دەست بەرداری نەئەبوو تەنها بە سەردان و بەم بەرەکەتە



Scanned with CamScanner

بازی نەئەهێنا. دانیشتن و مانەوە لەوێ بۆ هەموو کەس نەبوو بەڵکو تەنها بۆ ئەو خێزانە تایبەتمەندانە بوو کە هاوڕێیەتییەکی قووڵیان هەبوو ئەگەر نا هەموو ژوورەکانی ماڵەکەو حەوشەکەشی پڕ دەبوو و ڕێی ئارەزوومەندان نەدەبوویەوە.

لەنێو ئەو کەسە خۆشبەختانەدا کە لە شێخەوە نزیک بوون کچێکی گەنج بوو لە خێزانێکی خاوەن سەرمایەی گەورەی گوندێکی دراوسێ... شێت بوو بوو کەس و کارەکەی هێنایان بۆلای شێخ ئەو کاتە دەرگاکانی ئاسمان کرابوونەوە شێخ وەڵامی دانەوەو ڕێی پێدان کە لەوێ بمێننەوە.... ژوورێکی پڕ فەرشی بۆ تەرخان کرا بۆ ئەو و بۆ ئەو خزمەتکارە تایبەتییەی کە بەرپرسی بوو لە پەروەردەکردنی هەروەکو دەستووری کچە دەوڵەمەندەکان.

پێویستمان بەوە نییە کە باسی ئەو دیارییانە بکەین کە لە بەرامبەر ئەم مانەوەیەدا ئەهێنران بۆ ماڵی شێخ بەڵام هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێین: کە دوو وشتری بار کراو لە کەل و پەل و سەربڕاو و شیرینی و میوە هەموو هەفتەیەك خۆیان ئەکرد بە گوندەکەداو لەماڵی شێخ خاڵی دەکران ئەمە بێجگە لە جل و بەرگ و پارە!

******

شەوێکیان خەڵکی لە تاو قیژەو هاوارو دەنگی یارمەتی وە خەبەر هاتن و لە خەو ڕاپەڕین کە بینیان ماڵی شێخ ئاگری تێ بەر بووە!

ئاگر کەوتنەوەکان کۆتاییان نەئەهات بەتایبەتی لە هاویندا پاش دروێنەکردن و هەڵگرتنی سووتەمەنی پێک هاتوو لە داری گەنمەشامی و چیلکەی لۆکە لەسەربانەکان.... ئەمەش بۆ گوندنشینەکان باشترین شوێن بوو بۆ ئەم هەڵگرتنە بانگەوازەکانی حوکمەت بێ سوود بوو بۆ هەڵنەگرتنی سووتەمەنی لەسەر بانەکان بۆ ئەوەی ئاگر نەکەوێتەوە! ئەو پەندە بەناو بانگەش دەڵێ: ئەگەر ئەتەوێ گوێت لێ ڕابگیرێ ئەوا فەرمان بەوە بکە کە دەکرێت گوندنشینەکانیش نەیان ئەتوانی وەڵامی فەرمانەکانی بدەنەوە چونکە نەئەکرا!!!

هەمیشە لەم جۆرە ڕووداوخانەدا خاوەن ماڵ ئەیبینی کە ئاگر لە ماڵەکەیان بەر بووە ئیتر ژنەکانیش قیژەو هاواریان بەرز دەبوویەوە پیاوەکانیش بانگی یارمەتیان دەکرد: (کوڕگەل لەملاوە لەملاوە) ئەمەش ئاگادارکردنەوەیەك بوو ئاراستەی هەموو لاو شوێنێك دەکرا بەتایبەتی بۆ هەڵساندنی ئاودێرەکان کونە ئاوەکانیان هەڵئەگرت کە زۆر بە ناڕەحەتی لەبیرەکان پڕیان دەکردن لە ئاو کە جامێك بەسترا بوو بە پەتێکەوە بەسەر خلۆکەیەکدا شۆڕ ئەکرایەوە بۆ بنی بیرە قووڵەکان... ئینجا ئەم کونە ئاوانەیان لەسەر پشت هەڵدەگرت و بەدووررییەکی زۆر بۆی دەرئەچوون تا ئاگرەکە لەناو بەرن کە بەهۆی نزیکی ماڵەکانەوە لە سەربانەکانیان پێکەوە نووسابوو وە ئەو شتانەش لەسەر بان بوون کە دەسووتان و گڕیان دەگرت.... جا یان بەهۆی پەستانی لۆکاڵییەوە



Scanned with CamScanner

ئاوەکەیان بەرز دەکردەوە ئەوەش بەوەی کە دەمی کونەکەیان دەبەست و تەنها کونێکی بچوك نەبێ ئیتر ئاوە پەستێوراوەکە دەچووە دەرەوە بۆ بەرزییەکی سنووردار بەرز دەبوویەوە وە یان بە ماڵە دراوسێکاندا هەڵەزنین و ئاویان ئەکرد بەسەر ئاگرەکەدا ئەگەر ئەمە بکرایە. لەکاتێکدا پیاوەکانی تر هەوڵی ڕزگارکردنی دانیشتووانی ماڵەکەیان دەدا.

لەوانەیە کەسێك دانیشتووی شار بێت و بپرسێت: ئەی پەمپی ئاگر کوژێنەوە کوا؟!

پەمپی ئاگر کوژێنەوە؟! ئەوە لە شاردا هەیە بەڕێزەکەم نێوانی شارو لادێش زۆر دوورە!!!

هەموو گوندەکە بەئاگا هات هەروەك بۆ هەموو ڕووداوێك بە ئاگا دەهات بە ئاگا هاتنەوەکەش زیاتر بوو کە بیسترا ئاگرەکە لەماڵی شێخدایە....

ماڵی شێخ..؟ جا شتی وا ئەبێ؟ چۆن ماڵی شێخ ئەسووتێ لەکاتێکدا شێخ لەوێ بێ؟ بەڵێ دەبێ هەڵبەت حیکمەتێکی تێدایە هەڵبەت شێخ لە کەسێك تووڕە بووە لەماڵەکەدا زۆر بە خێرایی ناوی ئەو کەسە ئاشکرا کرا کە شێخ لێی تووڕەیە ئەویش کوڕەکەیەتی کوڕە بچووکەکەی کە بووەتە هۆی ئەوەی کە کوڕە گەورەکەی ماڵ بەجێ بهێڵێ چونکە بەبێ ڕیستی شێخ شەڕی لەگەڵدا کردووەو توندوتیژی دژی بەکارهێناوە....

(لاحول ولا قوة إلا بالله العظيم)!!

بە هەر حاڵ هەموویان بۆی دەرچوون بۆ ئەوەی بە هەرچی هێزییانەوە هەیە ئاگرەکە بکوژێننەوە هەر ئەبێت شێخ تووڕەیییەکەی نەمێنێت و



Scanned with CamScanner

ورووژانەکەی هێور ببێتەوە... بەڵام پێویستە یەکەم جار ئاگرەکە بکوژێنێتەوە چونکە ئاگر شتێکی ترسناك و مەترسیدارە..
پاش کەمێك ڕوون بوویەوە کە ئاگرەکە بەشێکی تەواوی لەماڵەکە سووتاندوە کە بەشی ئەم کوڕەی بوو لەگەڵ ژنەکەیدا لەگەڵ ئەمیشدا ئەو ژوورەش کە تایبەت کرابوو بە کچە شێتەکەوە!
کاتێك کە بارودۆخەکە هێور بوویەوە دەستیان کرد بە گەڕان بەدوای هەموو شتێکدا کوڕەکە لەگەڵ ژنەکەی سەلامەتن پێش ئەوەی ئاگرەکەیان پێ بگات هەڵهاتبوون بەڵام سەیری ژووری کچەکەیان کرد بێجگە لە جەستەیەکی سووتاو هیچی تریان بەدی نەکرد که یەك پارچە بوو بوو بە خەڵوز بێجگە لەو کەسی تریان نەبینی! هەمووان تووشی لەرزو شۆك هاتن. بەڵام ئەمە قەدەرە ! هەر دەبوو ئەم ڕووداوە بە بنکە ڕابگەیەنن بارودۆخەکە کوژراوێکی تێدایەو هەروەها کەسێکی تری تێدایە -بێجگە لە کوژراوەکە- کە کەس هیچی لە بارەوە نازانێ. ئاغاش ناتوانێت کەس (پەنا بدات) لەم ڕووداوەدا هەروەك ڕووداوی لەم جۆرەی پێشووتر بێجگە لە ڕووداوەکانی شەڕو دزی کە نەدەگەشتە سنووری کوشتن.
حەکیمی گەورە لەگەڵ نوێنەردا ئامادە بوون بۆ توێکاری لاشەکە بۆ ئەوەی بزانن کە کەسە سووتاوەکە کێیە:
ئایا کچە شێتەکەیە یان خزمەتکارەکەیەتی؟! بە ڕەنگ و قەبارەو درێژی دا نە ئەتوانرا جیا بکرێتەوە سەبارەت بە ڕەنگ و قەبارە ڕێی تێ نەئەچوو چونکە یەك پارچە بوو بوو بە خەڵوز سەبارەت بە درێژیش درێژیان وەك



Scanned with CamScanner

یەك بوو... مایەوە سەر نیشانەکانی تر کچەکە شووی نەکردبوو تا سکی پڕ ببێ یان منداڵی بووبێ خزمەتکارەکەش شووی کردبوو سکیشی پڕ بوو بوو منداڵیشی بوو بوو جا بۆیە قەبارەو پێکهاتەی حەوز ئەکرێ سوودی هەبێ. پزیشکی یاسایی بڕیاری دا کە کچەکە سووتاوەو خزمەتکارەکەش کەسە ون بووەکەیە ئیتر لێکۆڵینەوە تەواو بوو.

لەکاتی هەستانی پزیشك بە کارەکەی و لێکۆڵەر بە پشکنینی ماڵی شێخ ئیتر شێخ وەکو هەمیشە تووڕەیی گرتی ویستی بە گاڵۆکەکەی هێرش بکاتە سەر پزیشك و لێکۆڵەرەوەکان لێکۆڵەرەکە فەرمانی دەستگیر کردنی شێخی دا بەڵام بەهۆی ئەوەی کە وەلییەو خەڵکی گوند باوەڕی زۆریان پێی هەیە ئەترسا کە شۆڕشێکی بەسەردا بکەن ئەگەر ڕێ و شوێنی توند بگرێتە بەر ئیتر وازی لە هەڕەشەکانی هێنا پزیشکەکەش لەم هەڕەشە کردنەدا بەشدار بوون بەگاڵتە جاڕییەوە پێی وت: ئەگەر دەستم بۆ ببەی ئا بەم دەمووسە گیانت پارچە پارچە ئەکەم... ئیتر شێخ لە خۆ هەڵقورتاندن وازی هێناو گەڕایەوە بۆ سەر کورسییەکەی!

******

کەس ڕازی نەبوو بەم هەموو کێشانە...

یەکەم: نابێ کچەکە بسووتێ کاتێ کە لە ژێر چاودێری شێخدایە وە خزمەتکارەکەش ڕزگاری ببێت و شوێنی نەزانرێت...

دووەم: نابێ شێخ هەڕەشەکانی پزیشك قبووڵ بکات بەبێ هیچ بەرپەرچدانەوەیەك کە گەورەیی و کەرامەتی شێخ پیشان بدات!



Scanned with CamScanner

وا دەرکەوت کە پزیشکەکە لەکاتی کارەکەیدا داوای لە برین پێچێکی تەندرووستی کردبوو کە هاوکاری بکات پێی وترا کە (سەیید حەکیم) هەیە لە گوندەکەدا ویستی کە بزانێ ئەو سەییدە کێیە تا یارمەتی بدات نەیئەزانی کە ئەمە (تیمارچییەکە)ی پێشووە کە لەکارەکەی دەرکراوە.

ئا لەم بارودۆخەدا ئەفسانەیەکی دوورو درێژ هەموو گوندەکەی گرتەوە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ مایەوە ئێستاش ئەو ئەفسانەیە هەر دەژی.

ئەویش لەکاتی توێکاری جەستەکەدا جیاوازی کەوتە نێوان حەکیمی گەورەو سەیید حەکیم. یەکەم دەیوت سووتاوەکە کچەکەیەو ونبووەکەش خزمەتکارەکەیە بەڵام دووەمیان دەیوت کە سووتاوەکە خزمەتکارەکەیەو ونبووەکەش کچەکەیە ... بەڵام حەکیمی گەورە ناچار بوو کە بێدەنگی هەڵبژێرێ بەرامبەر بە سەیید حەکیم. بە ناچاری هاوڕا بوو لەگەڵی!

سەبارەت بەو حەکیمە خوێن مژە خراپەکارە کە نەزان و نەفامە بەرامبەر بە شێخ و کەراماتەکانی پەنجەی لەکاتی توێکارییەکەدا زۆر بەکەمی بریندار بوو ڕاستەوخۆ پاش ئەوەی کە شێخ وازی لێ هێنا پاش ماوەیەك پڕ بوو لە کێم و زووخاو نەشتەرگەرییەکی بۆ کراو تێیدا پەنجەیان بڕییەوە بەڵام پاش ڕۆژێکی تر کێم و زووخاو باڵیشی تەنییەوە ئیتر نەشتەرگەرییەکی تری بۆ کراو تێیدا باڵی لەدەستدا... بۆ ڕۆژی سێیەم هەموو جەستەی پڕ بوو لە کێم و زووخاو پزیشکەکانیش دەستەوسان بوون لەچارەسەرکردنی... ئیتر مرد!

ئا بەم جۆرە خەڵکی تۆڵەیان بۆ شێخەکەیان سەندەوەو دووبارە ڕێزو شکۆمەندی بۆ گەڕایەوە وە هەستی کەس و کاری کچەکەشیان ڕازی کرد بەو ئومێدە گەورەیەی کە کچەکەیان هێشتا لە ژیاندایە.

پاشان چی؟!

پاشان ناو و شۆرەتی سەیید حەکیم بڵاوبوویەوە کە بەسەر حەکیمی گەورەدا زاڵ بووە!

******

هەرچەند کە پاش ئەوە خزمەتکارەکەیان دۆزییەوە کە لە ترسانا هەڵهاتبوو وە بەهۆی ئەو هەموو ترسەیەوە مێشکی تێک چوو بوو. بەڵام خەڵکی هەموو – وە کەس و کاری کچەکە بەتایبەتی – باوەڕیان وابوو کە کچەکەیان هەڵهاتووەو دەم و چاوی ڕەش بووە لە ترسانا ئەگەر نا خزمەتکارەکە هەر زوو مردبوو ماڵ و سامانەکەشیان دایە پاڵ خۆیان و دابەشیان کرد چونکە بەڕاستی شێخ بە گاڵتە تووڕە نابێت و سەیید حەکیمیش هەڵە ناکات....

ئەم ئەفسانەیە لەگوندەکەدا ژیاو بەردەوام ئێستاش دەژی!



Scanned with CamScanner

# ٦

## خێوەکان

مانگەشەو بوو.... پاش ئاوا بوون لەگەڵ هاوڕێ بچووکەکانیدا چوویە دەرەوە بەهێمنی لەسەر سەکۆکە دانیشتن (ڕووداوەکانیان) دەگێڕایەوە و بەرامبەر ئەو ئاشەکۆنە دانیشتبوون کە ناوبانگی بەخێو دەرکرد بوو!

لەپاش ئاوابوون و خواردنی نانی ئێوارە ئیتر دەستیان بە بانگ کردنی یەکتری دەکرد... ئەوانەی کە یەکەمجار ئەهاتنە دەرەوە ئەسووڕانەوەو بەخۆیان و سروودە خۆشەکەیانەوە بانگیان دەکرد کە ئەیانتوانی لەهەندێ برگەی تێ بگەن هەندێکیشی تەنها بۆ ڕێکخستنی کێش و سەرواى گۆرانییەکە بوو... بۆی دەرئەچوون و ئەیان قیژاند:

(ئەوەی نایەتە دەرێ دوو پشك و مار بیگەزێ نەتوانێ هاوار بکار دەرمانیشی بۆ نەبێ دانی مشك لای بۆن فرۆش دەف لێ ئەدا... چەند خۆشە!). سات بە سات بەهۆی ئەو منالأنەی کە ئەهاتنە دەرەوە ژمارەیان زۆر دەبوو هەر کە منالێك ئەمەی گوێ لێ دەبوو ئیتر نەیئەتوانی سەرپێچی بکات زۆریان لە کەس و کاریان دەکرد کە دەبێ بڕۆنە دەرەوە ئەگینا ئەو دوعایەیان لێ گیرا دەبێ و مارو دوو پشك دەیان گەزێ و نە پزیشك و نە داو و دەرمانیش سوودی نابێ!

پاش ئەوەی کە هەموویان کۆبوونەوە هاتنە سەر ئەم سەکۆیەو لەبەر مانگە شەوی ڕووناکدا بەدڵنیاییەوە بۆی دانیشتن لەگەڵ مانگە شەو د



Scanned with CamScanner

بێدەنگی تەواوی گوندەکەدا گونجا بوون بەبێدەنگی چیرۆکیان دەگێڕایەوە و یارییان دەکرد یەکێکیان بەڕێوەی دەبردو ئەوانی تریش گوێیان دەگرت...

لەپڕ لە پەنجەرە بچووکە بەرزەکەی ئاشەکەوە پشیلەیەکی ڕەش بازی دا کەوتە سەر شەقامی نزیک سەکۆکەو بەخێرایی بۆی دەرچوو.

ئەگەر چۆلەکەت بینیبێ کاتێ کە لە زەویدا دانەوێڵە دەخوا لەپڕ لەئاسمانەوە گۆشت خۆرێك هێرشی بۆ بێنێ یان ڕاوچییەك نیشانەی تێ بگرێ... ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەتوانی ئەو دیمەنە ببینی کە بەسەر منداڵەکاندا هات کاتێ کە لە ترسا بۆی دەرچوون بۆ ئەم ڕووداوە لە پڕو ترسناکە!!

خێو!!!

ئەمە ئەو هاوارە بوو کە لە دەمی هەموویاندا دەرچوو پێش ئەوەی لە ترسا بۆی دەرچن هەریەکەیان بەبێ ئاگا بەو ئاراستەیە قاچی هەڵئەگرت کە یەکەم جار لێوەی هاتبوو...

هەموویان .... بێجگە لە (جومعە) جومعەش ئەو منداڵە قەڵەو و دڵ ساف و ساویلکەیە بوو کە لەدایکیییەوە هەتیو بووماڵیان نزیک بە ماڵی منداڵەکە بوو کە هاوڕێی خۆشەویستی منالی بوو سەرەڕای جیاوازییە گەورەکانی خێزانی نێوانیان. نەنکی لەباوکییەوە یەکێك بوو لەوانەی کە هاوکاری دەکرد لە ماڵەوە.... بەڵام ئەمە نەبوو بوو بەهۆی جیاوازی نێوانیان و لەکەدارکردنی هاوڕێیەتییە پاکەکەیان!

ئەم جومعەیە هێزی لەدەست دابوو قاچەکانی لەگەڵی نەهاتبوون لەگۆ کەوت و شڵەژا پشیلەکەش لەترسی جووڵەی لە پڕی منداڵەکان ترسا ئیتر بە ئاڕاستەی ئەو ڕێگەی گرتە بەر ئیتر ئەو منداڵە داماوەش وای زانی ، خێوەکە بۆ ئەو دێت ئیتر کۆنترۆڵی لەدەست داو لەهۆش خۆی چوو وەکو مردوو دای بەزەوییدا!

ئەم هاوڕێیەشمان کەوتنی هاوڕێ دڵسۆزەکەی بینی بەڵام لە شوێنێکدا نەبوو کە بتوانێ هاوکاری بکات تاوەکو لەگەڵ هاوڕێکانی دا دوورکەوتەوە خەمی هاوڕێکەی دایگرت کە نەهات... حەزی کرد کە چارەنووسی بزانێ ئیتر دەستی کرد بە ئاسان کردنی بارووددۆخەکە بۆ هەندێك لەمنداڵەکان تاوەکو بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی بگەڕێن بەدوای هاوڕێ دواکەوتووەکەیان هەندێکیان وەڵامی داواکەیان بەترس و لەرزەوە دایەوە تا لەمەیدانی ڕووداوەکە نزیك بوونەوە خەریك بوو ئازایەتییەکەیان لەدەست بدەن بینیان هاوڕێکەیان تەنها لاشەیەکە بەڵام هێشتا هەناسە دەدات.

هەوڵیاندا کە بە ئاگای بهێننەوە لەو ناوچە ترسناکە زۆر مانەوە هەموویان لەدەوری کۆبوونەوەو هاوکار بوون و گواستییانەوە بۆ شوێنێکی ئارام.

ماڵی زۆر دوور نەبوو لەدەرگایاندا داپیرەی دەرگاکەی کردەوە پێشوازی لە جەستەی نەوەکەی کرد ترساو شڵەژا بەتایبەتی کە چیرۆکەکەی بیست دڵنیا بوو کە کوڕەکەی دەستی لێ وەشێنراوە....

ئیتر داپیرە داماوەکە هەر لەخۆیەوە هەوڵیدا کە تەندرووستی نەوەکەی بگێڕێتەوە بەهۆی ئەو دەرمانانەی کەپێشتر هەیبوون...

هەر لە سەکۆکەوە کە خێوەکەی تێدا کەوتە خوارەوە تاوەکو بەردەمی ماڵ ئاو و خوێی ڕژاند... پەنای بردە بەر هەموو وەلی و شێخەکانی گوندەکە بۆ ئەوەی نەوە تاقانەکەی ڕزگار بکەن بە نوشتەو پاڕانەوە...

هەموو ئەو قروش و پارانەی کە هەیبوون هەمووی بەخشین لەم پێناوەدا... بەڵام هیچ شتێك لەمانە سوودی نەبوو. منداڵەکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لاواز دەبوو پاش سێ مانگیش بە یەکجاری ماڵئاوایی لە ژیان کرد!

بەگریانەوە کەوتە شوێن تەرمی هاوڕێکەی ئەمەش یەکەم تەرم بوو کە ببینێ ئەم ڕووداوەش لە بیرو هۆشی دا وێنەی کێشراو هەرگیز لەیاد ناکرێ... ئیتر جارێکی تر لەو مانگە شەوەدا دانەنیشتەوە تا سێ ساڵ تێپەڕی کرد کە تەمەنی گەشتبووە دە ساڵی و سەبارەت بەخێوەکان بیروباوەڕێکی تازەی هەبوو.

******

ئەم ئاشە یەکێك بوو لە ئاشە هەرە کۆنەکانی گوندەکە... ئەم ئاشانەش نە ئامێری و نە هەڵمی نەبوون لەو ئاشانە بوو کە ئاژەڵ ئەیگێڕان کە ڕۆژانە تەنها (یەك تەنەکەی ) لە زەڕات یان نیو (تەنەکەی) لە گەنم دەهاڕی.

ئەم ئاشانەش پێش لە لەدایك بوونی منداڵەکە بەگوندەکەدا بڵاو بوو بوونەوە لەهاڕینی دانەوێڵەدا خەڵکی گوندەکە پشتیان پێ دەبەستن

بەزۆری مانگای تێدا بەکار دەهات جارجارەش وشترو گوێ درێژیان بەکار دەهێنا.
ئەمانەش هەم بۆ مرۆڤ و هەم بۆ ئاژەڵیش بەشێوەیەکی سروشتی ناڕەحەت بوو زۆر جووڵەی هێواش و دەنگێکی ناخۆشیشی هەبووە زۆربەی کاتیش تاریک بوو...
لەرۆژەکانی دواتردا کەم بوونەوە کاریان پێ نەدەکرا کاتێک کە لە گوندەکەدا دوو ئاشی ئامێری هەڵمیان داهێنا... بەڵام هەندێک لە خەڵکی گوندەکە وای لەم ئاشانە دەبینی کە خراپن و بێ فەڕو بەرەکەتن ناڕەحەت بوو کە ئەوە بگۆڕێ کە ژیانی لەسەری ڕاهاتووە بۆیە هەندێکی کەم لەم ئاشانە مانەوەو دەگێڕدران لەنێوان ئەم ئاشانەشدا ئەم ئاشە (خاوەنداره) بوو واتە خێوەکان تێیدا نیشتەجێن!
شوێنەواری ئەم ئاشە لەکار کەوتووانە مایەوە زیاتر وێران بوون و دیمەنیان ترسناك بوو بەتایبەتی بە شەودا کاتێ کە تاریکایی شەو دادەهات بێجگە لەو شەوە کەمانەی کە مانگە شەو دەبوو. وا لە گوێی خەڵکی دا جێگیر بوو کە ئەم ئاشە (خاوەندارەو) خراپترینی خێوەکانی تێدایە کە لە گوندەکەشدا جێگیر دەبن و دابەش دەبن بەسەر ماڵە چۆڵ و پەناگە تاریك و شوێنە دوورەکاندا وە بە تایبەتی سەر ئاوەکان. هەموو شتێك لە گوندەکەدا ئەفسانەی خێوەکانی دەگێڕایەوە: تاریکایی کە پاش خۆر ئاوا بوون دەواری هەڵدەدا ئیتر کوچەکانی گوندەکە ڕەش و تاریك هەڵدەگەڕان کەس شوێن پێی خۆی نەئەبینی ئەوە



Scanned with CamScanner

مسوگەر نەبوو کە لەگەڵ هەر هەنگاوێکی کوێرانەیدا پێکدادان ڕوو نەدات. پێچکەکانیش هەروەك ڕێی مار پێچاو پێچ بوون ئەو کەسەی کە ڕێی دەبڕی نەیەزانی لە هەر پێچ و لادانێکدا خێر ڕوو دەدات یان شەڕ لەهەر پێچێکدا پێشبینی شوێنێکی نادیار دەکرا.

خەیاڵی ساویلکەی لادێیانەش لەتاریکیدا ڕاڤەی هەر جووڵەو دەرکەوتنێکی بەوێنەی ترس و خێو لێکی دەدایەوە...

ئینجا ئەولیاکان و شێخەکان و ئەو کەراماتانەی کە شوێن کەوتووانیان پڕو پاگەندەیان بۆ دەکرد – لەوانەش توانایان لە سووتاندنی جنۆکەو بەستنەوەیان وە ئەو ڕووداوانەی کە لەو بارەوە لێیانەوە دەگێڕانەوە – ئەفسانەی خێو و جنۆکەکان تێکەڵ بە ئەفسانە گەلی ئەولیاکان بوو ئەمەش پێگەی عەقڵە ساویلکەکان بوو کە پشتاو پشت باسی کاری نائاسایی و موعجیزەو هێزی چاکەو خراپە لە گەردوون و ژیاندا بۆ نەوەکان دەکرد.

بە هەرحاڵ (خێوەکان) وێنەی کەسایەتییان دەنواند لە هەموو بیرو هۆشێکدا هەموو زمانێك باسی دەکردن لە هەموو هەنگاو و جووڵەیەکی شەو و ڕۆژی خەڵکیدا حسابیان بۆ دەکرا.

هەر کە منداڵێك دەکەوت یەکسەر دایکەکەی یان ئەو کەسەی کە لەوێ ئامادە بوو ناوی (بسم الله)ی دەهێناو دەیوت: (بەسەر خوشکێکی لەخۆت بەشتردا کەوی) ئەمە ئەگەر کوڕ بووایە بەڵام ئەگەر کچ بووایە دەیوت: (بەسەر برایەکی لەخۆت باشتردا کەوتیت).... ئەمەش ماستاو



Scanned with CamScanner

کردن بوو بۆ ڕازی کردنی ئەو خێوەی کە مناڵەکەی کەوتووە بەسەردا وا دانرا بوو کە هەموو ژنێك (هاوەڵێکی) لەخێو هەیە هەرکاتێك کە ژنە مرۆڤەکە کوڕێکی بووایە ئەوا ژنە جنییەکەش کچێکی دەبوو وە یان بە پێچەوانەوە. جا بۆیە هەر کاتێك مناڵێك بکەوتایە ئەوا بەسەر هاوتاکەیدا کەوتبوو جا بۆیە لەم کاتەدا پێویست بوو ماستاو و ڕووپامایی بۆ هاوتاجنی و دایکەکەی بکرێ بە وتنی: (بەسەر برایەکی لەخۆت باشتردا کەوتی) تاوەکو ئازاری پێ نەگەیەنێ ئەمەش لەگەڵ ناوهێنانی (بسم الله) ئەگەر موسڵمان بووایە وە ئەگەر مەسیحی بووایە ئەوا ناوی عەزرای پیرۆزو خاچی گەورەی دەبرد. ئینجا یەکسەر دەست دەکرا بە ڕژاندنی ئاو و خوێ بەو شوێنەدا وایان دائەنا کە ئەمە کۆتایی بە شەڕی نێوان ئادەمیزادو ئەو (برایانەمان) دەهێنێ کە پەنهانن!

لۆژیکی ئەفسانەکە وابوو کە بۆ هەر ئادەمیزادێك هاوتایەکی جیا هەیە لە ڕەگەزدا بەڵام ئەمە لە ئەفسانەکەدا بۆ ئافرەت ڕەچاو نەکرابوو کە هەر ژنە ئادەمییەك هاوتایەکی مێیینەی هەیەو لەگەڵ ئەودا مناڵی دەبێ کوڕ بەرامبەر بە کچ!!

لە هەندێ کاتدا وا ڕووی ئەدا کە مناڵی مرۆڤەکە کوڕێکی جوان بێت ئیتر هاوتا مێیینە جنییەکەی غەیرە دەیگرت چونکە کچ بوو وە غیرەیشی بۆ جوانی هاوتا کوڕە مرۆڤەکەی زیادی دەکرد ئیتر مناڵەکەی لە شەوی حەفتەدا دەخنکاند!

وە برایەکی مناڵەکەشی لە شەوی حەفتەدا خنکاندبوو!



Scanned with CamScanner

دایکی هەمیشە لە غەمی ئەوەدا بوو کە کوڕێکی هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە پشت و پەنای ئەم وە ئەمیش هەمان هیوای دایکی هەبوو خوای گەورەش دوعاکانی دایکی و هاوڕێکانی دایکی گیرا کردوو پێش بینییەکەی (شێخ بەکر) هاتەدی کە یەکێك لە هاوڕێکانی دایکی سەردانی کرد بۆ ئەوەی لەم سکەی هاوڕێکەیان بپرسێ ئەویش چیلکە دارێکی پێدا ئەمەش هێما بوو بۆ ئەوەی کە منالی کوڕی دەبێت!

منالێکی جوانکیلەی نازداریان بوو بەمەش خۆشی و شادی خێزانەکە زیاتر بوو زۆر چاودێریان دەکرد لە دژی هەر ڕێگرییێك لە گەشەو لەباشی. لەکاتێکدا کە خێزانەکە ئامادەسازیدا بوون بۆ ڕۆژی حەوتو ئامادەباشیان دەکرد کە هەندێ گۆرانی بێژ سروود بڵێن و هەندێك قورئان خوێنیش قورئان بخوێنن و شیرینی ببەخشنەوە بەسەر کەس و کارو دراوسێکانداو خواردنیش بەسەر هەژاراندا دابەش بکەن... کاتێ کە ئەمانە بەڕێوە ئەچوون بۆ منالە تازە بووەکە چەند نەخۆشییەکی سەیری لێ بەدەرکەوتن لەگەڵ سەرەتای ڕۆژی شەشەمی وردە وردە ئەم نەخۆشییانە گوێزرانەوە بۆ نەخۆشی مێشك کە منالەکەی پێ تەنگەنەفەس دەبوو، کەف و کوڵی دەردەپەڕاند ڕەنگی دەگۆڕاو ڕەش هەڵدەگەڕا وا دیار بوو کە بەدەست ئازارێکەوە دەنالێنێ کە بەرگەی ناگرێ... ئینجا هێور دەبوویەوە لە نەخۆشییەکەو جوان دەبوویەوە... تاوەکو جارێکی تر بۆی دووبارە دەبوویەوە.



Scanned with CamScanner

بێ گومان ئەمە هاوتاکەیەتی جوانی و گەشەی کوڕەکە تووڕەی کردووە ئێرەیی بەوە بردبوو کە ئاوایە ئیتر هەستابوو بە خنکاندنی!

ڕووکرایە وەلی و پیاوچاکانی خوا،لەگەڵ ئەوەشدا کە باوکی باوەڕی نە بە هاوتاو نە بەزۆربەی وەلییەکان نەبوو بەڵام ئەمە لاوازی مرۆڤە کە هەستی پێ دەکات بەرامبەر بە مەترسی – بەتایبەتی مەترسی لەسەر ژیان – وە حەزو ئارەزووی بۆ ئەوەی منداڵەکەی بۆ بژی وە کارەساتی مەرگ کە بەرگەی ناگرێ ئەگەر لە بەردەم دایکیدا بمرێ.

هەموو ئەم هۆکارانە – لەگەڵ ئەوەشدا کە باوەڕی بەو ئەفسانانە نەبوو کەجێی عەقڵ نین – وای لێ کرد کە ڕازی بێت لەسەر شێوازی ئەم ڕێگەیە.

بەهۆی ئەوەی کە دایکی بەدەست ئازاری منداڵبوونەوە ئەیناڵاند وە ئەو ترسەش کە هەڕەشە لەسەر ژیانی منداڵەکە دەکات ئازارەکەی دوو قات کردبوو ئیتر پووری – خوشکی دایکی – منداڵەکەی هەڵگرت بۆ ئەوەی بەسەر ئەولیاکاندا بیسووڕێنێتەوە: زیندووان و مردووانیان پێویستە لەسەریان ژیانی لە هەڕەشەی ئەم هاوتا جنییە ورووژاوە ڕزگار بکەن کە بەردەوام وازی لێ ناهێنێ و دەیخنکێنێ تا بمرێ جار جارەش بەهۆی فەڕو بەرەکەتی نوشتەو مورو و ملوانکەکانەوە وازی لێ دەهێنێ و ئیتر ئارام دەبێتەوە!

بەڵام ڕووداوێک ڕووی دا کە هیوابڕاوی کرد لە چاک بوونەوەی وە خەریک بوو ژیانی پووریشی لەگەڵ بڕوات:

مانگە شەو بوو دووری نێوانماڵیان و ماڵی خوشکەکەی – دایکی ساواکە – کورت بوو. بیرۆکەیەکی بۆ هات کە منداڵەکە هەڵگرێت و بیبات بۆ ماڵی وەلییەك لەنیوە شەودا هەروەها ماڵی ژنێکی (پیرۆزیش) نزیکی ماڵی ئەو وەلییە بوو کە ئەو مەبەستییەتی. ماڵی ئەم ژنە لە (کۆڵانێك)ـی پێچاو پێچی قووڵدا بوو لەناوەڕاستی کۆڵانەکەشدا بیرێکی تیا بوو کە حەوزێکی هەبوو بۆ ئاودانی مەڕو ماڵات وە لەلایەکیشەوە لە یەکێك لە ماڵەکاندا دارخورمایەك هەبوو.

بەهۆی ئەوەی کە مانگە شەو بوو هەموو تەنێك سێبەری هەبوو سێبەری دارخورماکەش کە لەرە لەری دەکرد لە هەوادا لەسەر زەوییەکە دیار بوو ئەجوولاو درێژو کورتی ئەکرد بەپێی جووڵەی دارخورماکە.

ترسێکی تایبەتی هەستی ئەم پورێیەی داگیر کردبوو کە منداڵێکی هەڵگرتووە هاوەڵە جنێکی بە شوێنەوەیە دەیەوێ بیخنکێنێ تا بمرێ. تەنها خۆی بوو شەویش درەنگی کردبوو.... هەموو ئەمانە وای لێکرد کە ئەوە خێوێکی گەورەیە کورت ئەبێتەوەو درێژ دەبێ و بەلای ڕاست و چەپدا دێت و دەچێ وە پەلکی دارخورماکەش لە تاریکی دا بەشێوەی (قامچی) گەورە بەدەردەکەوت کە ئەم خێوە بەدەستییەوە دەیجووڵێنێ کە خەریکە پێی لێی بدا!

هەر ئەمە بەس بوو بۆ ئەوەی کە ورەی بڕووخێنێ بەڵام هەرچی هێزی بوو کۆی کردەوە وەکو کەسێکی ترساو بۆی دەرچوو گەشتە بەر دەرگای ماڵەکە زۆر بە توندی لە دەرگاکەی دا خەوتووانی ماڵەکەی هەموو

هه‌ڵساند پاشان كه‌وت و مناڵه‌كه‌شی توند له باوه‌شیدا به‌ده‌ست گرتبوو ڕۆحی له‌به‌ر نه‌مابوو هه‌روه‌كو مردووی لێ هاتبوو!

ئینجا به‌هۆش خۆی هاته‌وه‌و توانی له‌گه‌ڵ ئه‌و ژنه‌و پیاوێكی ئه‌و ماڵه بڕۆن بۆ ماڵی وه‌لی یه‌كه‌مجار له‌به‌ر خاتری مناڵه‌كه‌و دووه‌میش له‌به‌ر خاتری خۆی به‌ڵام وه‌لییه‌كه ڕێی پێ نه‌دان ئه‌مه‌ش نیشانه‌ی هه‌ره‌س هێنانی كاره‌كه‌و هاتنی ئه‌جه‌لی بوو!

له‌ڕۆژی حه‌وته‌مداو به‌هۆی نه‌خۆشییه سه‌خته‌كانییه‌وه مناڵه‌كه دوا هه‌ناسه‌ی دا... (تیتانوس) به‌سه‌ریدا زاڵ بوو چونكه (مامانه‌كه چه‌قۆكه‌ی پاك نه‌كردبووه‌وه كاتێك كه ناوكی مناڵه‌كه‌ی بڕی بوو میكرۆبی تیتانووسی پێوه بووه برینكه‌ش ژه‌هراوی بوو بوو.

ئیتر به‌م جۆره هاوتاكه‌ی (جنۆكه‌كه) كاره‌كه‌ی خۆی جێ به‌جێ كردو ڕق و قینی به‌سه‌ر مناڵه جوانه‌كه‌دا ڕشت!!

ئیتر له‌و ڕۆژه‌وه ئه‌م مناڵه‌ش ملوانكه‌یه‌كی كرایه مل (ژنه قه‌ره‌جێكی مه‌غریبی) له‌گه‌ڵ خۆی هێنابووی كه ملوانكه‌یه‌كی ده‌گمه‌ن بوو هی سه‌رده‌می حه‌زره‌تی سوله‌یمان بوو كه به‌سه‌ر ئیبلیس و نه‌وه‌كانی و (هاوتاكه‌و) هه‌موو كچه‌كانی دا زاڵ بوو بوو كه هه‌ر كه‌س هه‌ڵی بگرێ تووشی ئازار نابێ... به‌رده‌وام ئه‌و ملوانكه‌یه‌ی هه‌ڵده‌گرت تاوه‌كو بیرو باوه‌ڕێكی تری لا درووست بوو سه‌باره‌ت به خێوه‌كان به‌هۆی ڕۆشنبیرییه‌وه له‌قوتابخانه‌دا ئیتر ڕزگاری بوو له ملوانكه‌كه ملوانكه‌كه‌ش هه‌ر مایه‌وه تاوه‌كو خوا داواكاری دایكی قبووڵ كردو كوڕێكی تریان



Scanned with CamScanner

لە یەكەم ڕۆژەوە لە ملی كرا بەوەش (هاوتاكە) نەیتوانی هیچ زیانێكی پێ بگەیەنێ...
بوو... لە زانكۆ دەرچوو. نازانم ئێستا بۆچوونی چی بێت سەبارەت بەو ملوانكەیەی كە ژیانی ڕزگار كرد من ئێستا لەناو شتە پارێزراوەكانی دا نایبینم!

******

بەڵام منداڵەكە چۆن بیروباوەڕێكی نوێی سەبارەت بە خێوەكان بۆ دروست بوو كە جیاواز بوو لە بیروباوەڕی هەموو گوندەكە... بۆ ئەمەش چیرۆكێك هەیە:
بە دەیاها چیرۆك و وێنەی خێوەكان ئەكرانە بیرو هۆشییەوە لەم ئاشەدا خێوێك هەیە لەوێنەی پشیلەی ڕەشدایە بەحاڵ بەر هەر كەس بكەوێ ئەوا ڕزگاری نابێت لێی. وە ئەو ڕووداوەش كە بەسەر جومعەی هاوڕێیدا هات دروست ترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ئەوترێ. وە لە هەندێ لە ئاشەكانی تردا خێوێك ئاشەكە دەبات بەڕێوە كاتێ كە كەسی تیا نەبێ هەركەسێ بەوێدا تێبپەڕێ ئەوا دەنگی سووڕانەوەی ئاشەكەو تەقەی ئەو قامچییەی دەبیست كە ئەیدا لە پشتی مانگاكە هەروەها دەنگی خێوەكەشی دەبیست كە دەیوت: (وەحا.. وەحا)!!
لە هەندێ شوێندا بەشێوەی (كەتان پۆش) دەردەكەوت كە ژنە خێوێك بوو لەشێوەی ژنێكی درێژدا كەتانی لەبەر دەكرد كە جل و بەرگێكی ڕەشی تایبەتی بوو عابایەكی بەسەرەوە بوو كە زنجیری پێوە بوو لەكاتی



Scanned with CamScanner

جووڵەیدا خشەی لێوە دەهات وە ئاگرێکی بەدەستەوە بوو هەرکەسێکی ببینیایە دەیسووتاند!

وە لەلای بیری ناوەڕاستی گوندەکەش ژنێکی قژ پڕ بەدەردەکەوت گسکێکی بەدەستەوە بوو بەشێوەی بازنەیی دەوروبەری بیرەکەی گسك ئەدا جا چارەڕەشی بۆ ئەو کەسەی کە پاش عیشا لێی نزیك دەبوویەوە!

وە لە تاریکی یەکێك لە ڕێگەکانیشدا ژنێك ئەبینرا کە بە دانیشتنەوە ڕێی دەکرد هەروەك ئەوەی کە لەو ڕێگەیەدا بەشوێن شتێکدا بگەڕێ.

وە نیلیش خێوی خۆی هەبوو جا کاتێ کە نیل هەڵکشان و داکشانی دەکرد بەخێوەکانی ئاهەنگی دەگێڕاو خۆیان پیشانی گەنجەکان ئەدا بەتایبەتی کاتێ کە مەلەیان دەکرد لە پانتاییەکەیدا ئیتر ئەیانڕفاندن و لە ئاوەکەدا بزریان دەکردن...

ئینجا ئەو خێوە تەقلیدییە کە لەڕێگە کشتوکاڵییەکاندا لەوێنەی مەڕێکی قەڵەوی بێ خاوەن و شوان بەدەردەکەوت هەر کەسێ بیبینیایە چاوی تێ دەبڕی و ئەی هێنایەوە بۆ ماڵەوە تاوەکو لەماڵەکە نزیك دەبوویەوە ئیتر مەڕەکە لای بۆ دەکردەوەو دەیوت: چۆن هێنامت ئاواش بمگێڕەرەوە وە یان گەورە دەبوو ئەم وشانەی دەوتەوە وە یان ئەبوو بە مناڵێکی بچووك و ئەم داوایەی دەکرد...

ئیتر ئەو کەسە داماوەش ئەیزانی کە ئەمە خێوە جا یان خوا یارمەتی ئەداو شتێکی لەقورئان دەخوێند: (قل هو الله احد یان ایە الکرسی) ئیتر خێوەکە دەسووتا. جا ئەو کەسەی کە ناوی خوای گەورەی ئەزانی – کە

تەنها کەسانی کەم و تایبەت ئەمەیان دەزانی!!! — جا هەر بە ناو هێنانی خێوەکە کوت ئەکراو هەر لە شوێنی خۆیدا جێگیری دەکرد ئیتر ملکەچ و سەرشۆڕی ئەکردو ئەترسا کە خۆر هەڵبێت ئیتر لەو کەسە دەپاڕایەوە کە ناوی خوای گەورەی هێناوە تاوەکو ڕێی بێ بدات کە بڕوات... جا ئەگەر ئەمانەی نەزانییایە ئەوا قوڕبەسەری و بەدبەختی بۆ ئەو کەسەی کە مەڕەکەی دەهێنا!

هەروەکو مەڕە تەقلیدییەکە ئەو گوێ درێژەش هەبوو کە هەندێکیان لە یەکێك لە ڕێگاکانی کێڵگەکاندا ئەیانبینی کە کورتانی بەسەرەوە بوو لغاویش کرابوو جا گوێ درێژێکی جوان بوو هەر حەزت دەکرد سواری بی جا هەر کەسێ کە فێڵە شەیتانییەکەی کاری تێ بکردایە سواری ئەبوو...

ئەمیش هەمان ڕۆڵی مەڕەکەی دووبارە دەکردەوە و لەویش زیاتر کە گوێ درێژەکە سوارەکەی بەزر ئەکردەوەو ئەویش لەسەرییەوە هەر هاواری ئەکرد ئینجا ئەیکوتا بە زەویدا ئەگەر ناوی خوای گەورەی نەزانیایە یان ئەگەر قورئانی نەزانیایە وە یان ئەگەر شتێکیشی لەم کاتەدا نەوتایە ئیتر ئەیبرد بەناخی زەویدا وە یان هەر چۆنێك بێت تێکو پێکی ئەشکاندا!

لە هەموو شوێنێك خێو هەبوو وە هەر شتێك کە بە شەودا پێی دەخستە سەر زەوی یان تارماییەکەی لە مانگە شەودا دیار بووایە ئەوا ئەوە خێوەو ڕاوی ئەو کەسە ئەکات کە تێدەپەڕێ ئەوان هەمیشە لە ترسدا بوون بۆ هەر شوێنێك بڕۆشتنایە تەنانەت بوێری هەندێك لە خێوەکان

وای کردبوو کە بە ڕۆژیشدا لەشێوەی پشیلەی ڕەشدا دەرکەون جا بەر بۆنەیەوە ڕێ دەگیرا لە لێدانی پشیلەی ڕەش لە ڕۆژدا وە هەموو پشیلەیەکیش لە شەودا چونکە هەموو پشیلەیەک لە شەودا گومان دەکرێت کە خێو بێت وە یان ڕۆحی هەندێ خەڵکی بێت کە ڕۆحەکانیان هەڵفڕیوە ! وە بۆ هەڵفڕینی ڕۆحەکانیش چیرۆکێك هەیە کە کەمتر نییە لە چیرۆکی خێوەکان:

هەندێ منالێ – بە تایبەتی دووانەکان – کاتێ کە ئەخەون ڕۆحەکانیان هەڵئەفڕێ واتە لاشەیان بەجێ ئەهێڵێ بەزۆرێش لەسەر شێوەی پشیلەی ڕەشدا خۆی بەدەر ئەخات جا ئەگەر ئەم پشیلەیە بە هەر هۆیەك بەند بکرایە ئەوا منالە خاوەن ڕۆحەکە بە خەوتوویی دەمایەوەو هەڵنەئەسا وە یا ئەگەر بدرایە لە پشیلەکە ئەوا منالەکەش نەخۆش دەکەوت یان هەستی بە ئازاری ئەو شوێنە دەکرد کە لە پشیلەکە دراوە وە ئەگەر ئەو پشیلەیەی کە ڕۆحەکەی هەڵگرتووە بکوژرایە ئەوا منالەکەش دەمرد!!

بۆ ئەمەو – بۆ ئەو گومانەش کە پشیلە خێو بێت – بە شەودا لێدانی پشیلە قەدەغە کرابوو بەڕۆژیشدا لێی دەسلەمانەوە.

هەروەکو پشیلە کە هەڵگری ڕۆح بوو مێشی سەوزیش کە لە هەنگی بچووك دەچوو خەڵکی باوەڕیان وابوو کە ڕۆحە بەلام ڕۆحی مردووەکانەو هەست و سۆز لە ناخیاندا ئەورووژاو قەدەغە دەکرا دەستی لێ بدرێت یان لەمالێ دەربکرێ!



Scanned with CamScanner

بوێری شەیتانییانەی هەندێ خێو وای لێ کردبوون کە بچنە مزگەوتەکانەوە بەڵام نەئەچوونە نوێژگەکەوە بەڵکو ئەچوونە سەر ئاوەکان. ئەمە بۆ (مامە شێخ عەلی) ڕووی دا – کە پیاوێکی ڕێگەی تەریقەت بوو کە ڕیشی لەپێشەوە و گوڵنگی عەمامەکەی لەودواو بەر ئەدایەوە – بەیانییەکیان بەهۆی دەنگی کەڵەشێرەوە زوو لە خەو هەستا و ڕۆشت بۆ مزگەوت وای زانی مەلا بانگدانە لەکاتێکدا کە زۆر لە نیوە شەو تێپەڕی نەکردبوو لەوێ ویستی دەست نوێژ بگرێ و بەلووعەکەی کردەوە بینی هات بەسەر دەستی دا – نەك ئاو – بەڵکو گۆشتێکی نەرم ئەکرا بەسەر دەستی دا ئینجا ئەبوو بەشێوەی منداڵێك!

جا بەهۆی ئەوە کە ئەم پیاوە ناوی خوای هەڵگرتبوو زۆر دڵنیا بوو لەخۆی و لەخێوەکانیش لەسەر ئەم گاڵتە جاڕییە سەختە ئارامی گرت و وتی بەخێوەکە: بڕۆ خوا کارت بۆ ئاسان بکات ڕۆشت بۆ لای بەلووعەیەکی تر ڕۆشت بۆ لای سێیەم و چوارەم هەمان شت دووبارە ئەبوویەوە ئیتر لەو کاتەدا ناوی خوای گەورەی هێناو خێوەکەش توند تیژاندی و پێی وت: گەورەم ئازادم کە من تەنها منداڵێکی بچووکم... ئیتر هەست و سۆزو بەزەیی جووڵا بۆ منداڵە خێوەکەو لەڕێی خوادا ئازادی کرد!!

وە زۆرێك لە منداڵانیش دەگۆڕدرێن. ئەمەش کاتێك کە منداڵەکە بە تەنها دەبێت لە شوێنێکی ترسناکی وەکو سەرئاوەکان ئیتر لەو کاتەدا خێوەکان دێن بۆی و منداڵە ئادەمییەکە دەڕفێنن و منداڵێکی جنی دەخەنە شوێنی.



Scanned with CamScanner

پاش چەند كێشمە كێشمێكی زۆر ئەبێ منداڵەكە ناهێننەوە هەندێكیان بە نیلدا هەڵیان ئەكێشان و ئەیانوت: (منداڵەكەتان وەرگرن و منداڵەكەمان بەرنەوە) ئیتر بەم جۆرە گۆڕینەوەكە تەواو دەبوو!

تەنها یەك مانگی تەواو خەڵكی پشوویان بوو بەدەست خێوەكانەوە وە لەو ترسەش كە هەمیشە لەگەڵیاندا بوو منالآن و خەڵكی ئازاد دەبوون و بەسەلامەتی سەردانی ماڵانیان دەكرد بە شەونخوونی تا درەنگانێ بێ ترس ئەمانەوە لەڕێگاو بان و دەورووبەری كێڵگەكاندا یاریان دەكرد ژنان بە نیوەشەو هەڵئەستان بە جێبەجێ كردنی كارەكانیان بەتایبەتی بۆ هەویر شێلان تاوەكو هەویرەكە لە بەیانیدا ئامادەبێ بۆ نان... ئەم مانگەش مانگی ڕەمەزان بوو كە هەموو خێوەكان بە گەورەو بچووكیانەوە تیایا كۆت ئەكران و خۆیان پیشانی ئادەمیزاد نەئەدا ئەمەش هەر لە سەردەمی سولێمانەوە بووە (علیە سلام)!

******

بەدەیەها لەم وێنانەو لەم ئەفسانانەو لەم ڕووداوانە ئەكرانە مێشكە بچووكەكەیەوە ئیتر چۆن توانی بیروباوەڕێكی نوێ سەبارەت بە خێوەكان بەدەست بهێنێ؟!

ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو كاتێ كە مامۆستایەكی گەنج هات بۆ قوتابخانەكە زۆر گرنگی ئەدا بە پەروەردەی ڕەوشتی و ڕۆحی قوتابییەكان تەنها لە سنووری زانیارییە وشككانی قوتابخانەدا نەئەوەستایەوە..... وە كاتێ كە زانی ئەفسانەی خێوەكان شوێنێكی



Scanned with CamScanner

تەواوی لە هەست و نەستی قوتابییەکان داگیر کردووە ئیتر بەپێی توانا هەوڵی دا بیرو هۆشیان لەو ئەفسانانە پاک بکاتەوە.

پێی وتن: هەموو قسەیەک سەبارەت بەم خێوانە ئەفسانەیەو بنەماکەشی نەزانییە وە هەموو ئەو چیرۆکانەش کە بۆیان دەگێڕدرێتەوە لەو کەسانەی کە گوایە خێویان بینیوە هەموویان چیرۆکی درۆن و بۆ هەندێ مەبەست وتراون یان لە زۆربەی کاتدا گومان بووە هەموو ئەو پشیلەو سەگ و ئاژەڵانەش کە زۆرێک پێیان وایە خێون تەنها ئاژەڵی ڕاستەقینەن بەڵام ترس و بیم وا لە خەڵکی دەکەن کە ئاوا گومانێکیان پێ بەرن بەتایبەتی کاتێ لە تاریکیدا ئەیان بینن کە بەجوانی تارماییان دیار نییە...

ئەم بابەتەش بوو بە باسێکی سەرەکی قسەکانی لەزۆربەی وانەکاندا تاوەکو خەریک بوو هەندێ قوتابی باوەڕ بەقسەکانی بکات.

ئەم منداڵەش متمانەی بەم مامۆستایە هەبوو خۆشی دەویست بڕوای پێدەکردو کاریگەر بوو پێی... بەڵام خێوەکان...!! ئەمەیان زۆر قووڵتر بوو لەناخیا تاوەکو ئەم هۆکارانە بتوانن بیسڕنەوە کە هەموو گیانی تەنیایە لەرزە تەنها ڕووداوێکی پراکتیزی یان چەند ڕووداوێکی تر بەس بوو کە هەستی بڕووخێنێ و بتوانێ هەستێ بە دانانی بیروباوەڕێکی تر لەباتی ئەمە. وای بۆ ڕەخسا کە بەشێوەیەکی ئەزموونی لەسەر دەستی مامۆستاکەی ئەم کارانە بکات.

هەندێ لە قوتابییەکان پێیان وت: لە (کۆڵانێکی تەسک)دا هەندێ خێو هەن لەدوای نیوە شەودا لەسەر شێوەی کەروێشک خۆیان نیشان ئەدەن.

ئەم کۆڵانە تەسکەش ناوبانگی بۆ خێو هاوشانی ناوبانگی ئاشەکان یان زیاتر بوو. ئەم ڕێگایەش ماڵێك لە ناوەڕاستی گوندەکەدا بوو کەوتبووە ناوەڕاستی ئەم ڕێیە کردبووی بە دوو ڕێگا خاوەن ماڵەکەش لە هەردوو لاوە دەرگای بۆ کردبوو بۆ ئەوەی بە هەردوو ڕێگاکە بگا ئیتر کەسی ڕاڕەویش ماوەیەکی دووری لەبەردەمدا بوو، بۆ بڕینیشی ناچار دەبوو بەرەو شەقامە دوورەکان بڕوات.

تەنها دوو دەرگا لەم ماڵەدا هەبوو ئیتر هەموو ماڵەکە بە تاریکی دەمایەوە – تەنانەت بـــە ڕۆژیشدا – ئا لێرەوە خێوەکان تیایدا نیشتەجێ بوون ئیتر بوو بە سەرچاوەی ترس و بیم بۆ ئەو کەسانەی کە ئەو ڕێگەیان دەگرتە بەر تەنانەت هەندێ پیاویش ئەترسان بە تەنها پیایدا تێپەڕ بن چ جای منداڵان. بەڵام لە شەودا ئەوە پێوەری ئازایەتی هەرە گەورە بوو کە هـەر کـەس بـە تـەنها پیایـدا تێپـەڕێ زۆر بــە کـەمیش کەسـێك ئـەم سەرەڕۆییەی قبووڵ دەکرد!

وە کاتێك وتـرا بەم ماموستایە: کە خێوەکـان لـەدوای نیـوەی شـەو لـەم ڕەوگەیەدا دەرئەکەون ئیتر یەکسەر هەلی بـۆ ڕەخساو داوای لە هەندێ قوتـابی کـرد کـە پـاش کـاتی دیـاری کـراو لەگـەڵی بـێن بـۆ بینینـی ئـەم کەرویشکانە بۆ ئەوەی یەکێکیان بگرن و بیپشکنن!

لێرەدا قوتابییەکان لەنێوان ترس و حەزی زانین دا دوو دڵ کەوتن، بوونی ماموستاکەشیان ئازایەتی پێ بەخشین کە متمانەیان بە تواناکانی دەکرد هەروەها ئەو ئایەتانەی قورئانیشیان لەبەر بوو کە لەم جۆرە مەترسییانە



Scanned with CamScanner

دەیانپارێزێ... هەموو ئەمانە ورەی بێ بەخشین و حەزی زانینیان زیاتر بوو شەش کەس ڕازی بوون هەستن بەم تاقی کردنەوە ترسناکە وە ئەویش (منداڵەکە) یەکێك بوو لەوانە.

پێش کاتی دیاری کراو لەقوتابخانە کۆبوونەوە بۆ ئەوەی هەستن بەو یەکەمین هەڵمەتەی کە لە گوندەکەدا یەکەم جار بوو بکرێ تاوەکو کاتی دیاری کراو هات پێ لەڕێگاو بان بڕا بێجگە لە یاساوڵەکان هەڵمەتە سەرسوڕهێنەرەکە بەرەو کۆڵانە تەسکەکە بۆی دەرچوو کە پڕ بوو لە خێوی ترسناك.

کاتێك کە لێی نزیك بوونەوە هێز لە ئەژنۆکانیان نەماو دڵیان دەستی کردە لەرزە ئیتر هەریەکەیان دەستی کرد بە خوێندنی (ایە الکرسی) و (قل هو الله احد) بۆ ئەوەی بپارێزرێ و خۆی پێ بەهێز بکا ماموٚستاکەش دڵ و دەروونی دڵنیا دەکردنەوە بە ئاماژەکانی. هێشتا ڕاستی کارەکە لە دڵیاندا جێگیر نەبوو بوو... هەڵمەتەکە هاتە ناو تەڵەکەوە ماموٚستاکەش لەپێشەوەیە خەریك بوو ئەزموونەکە هەرەس بهێنێ بەپێچەوانەی ئەو بەبەستە ڕوو بدات. قوتابییەکان چاوی زۆریان بینی سوور و شین کە لە تاریکی دا ئەدرەوشانەوە... بێگومان چاوی خێوەکانە ئەمە لە هەموویان بیسترا ئەمەیە خێوە کەروێشکەکان هەڵبەزو دابەز دەکەن لێرەوە بۆ ئەوێ دێن و دەچن بەنێو قاچیاندا تێدەپەڕن و بەلای ڕاست و چەپدا دەردەکەون.



Scanned with CamScanner

هەموویان تێک چوون هەموو ئەو توێشووەی کۆیان کردبووەوە لەخۆڕاگری و بوێری لەدەستیاندا ئایەتەکانی قورئانیان لەبیر چوویەوە هەرچییەکیان دەکرد بە بیریان نەدەهاتنەوە ئەمە ئەو مەترسییە گەورەیەیە کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی خێوەکاندا کە لە گەرمەی جەنگدا تاکە چەکیان ون کردووە!

زۆری پێ نەچوو تەنها ساتێکی پێ چوو دەنگی مامۆستاکەیان بیست و بەدەنگی بەرز ئەیوت: مەترسن ئەمانە کەروێشکی ڕاستەقینەن کەروێشکی ئەم ماڵە نزیکانەن یەکێکیان بگرن با بیپشکنین یەکێکیان بگرن مەترسن چوار دەوری بگرن با بیگرین.

جۆرێك لە متمانە گەڕایەوە بۆ دڵ و دەروونیان وە مامۆستاکەش توانی یەکێك لە کەروێشکەکان بگرێت ڕایگەیاند کە هەڵمەتەکە بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات وتی کە ئێستا ئەتوانین بە سەلامەتی بکشێینەوە. هەوڵی دا کە هانی قوتابییەك بدات تاوەکو بۆ ساتێکی کەم کەروێشکەکە بگرێ ... ئاخۆ کامیان شێت بووبێ تاوەکو بەدەستی خۆی خێوەکە بگرێ..؟ بەم جۆرە گەڕانەوە بۆ قوتابخانە لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کە خێوەکە قسە بکات و داوایان لێ بکات کە بیگێڕنەوە بۆ شوێنی خۆی جا ئەگەر بەدەستی مامۆستاکەیانەوە ببێت بە پشیلە یان سەگ یان هەوا بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکا بەر ببێ ئەوا قوڕ بەسەری بۆ هەموویان!



Scanned with CamScanner

بەڵام خێوەکە وێنەی کەروێشکەکەی نەگۆڕیّ و نەبوو بە کیژێکی لێو شۆڕ وە ئەوە مناڵەکانیشن گەڕانەوە بۆ قوتابخانەکە... ئیتر دڵنیایی بەرەو دڵیان ئەهات. کێ ئەزانیّ؟ خۆ لەوانەیە مامۆستاکە ڕاست بکات لەوەی کە ئەیڵێ ! ڕاست بکات یان نا. بەڵام هچ کامیان ڕازی نەبوون کە تا بەیانی لای بمێننەوە هەروەك ئەوەی مامۆستاکەیان پێشنیاری کردبوو. کێ ئەزانێ لەوانەیە خێوەکە بەهۆی ئەوەی کە ئێستا هەموویان کۆن خۆی بێدەنگ کردبێ وە کاتێك یەکێکیان تاك بوویەوە ئیتر سەر لەنوێ خۆی بکاتەوە بەخێو؟!

لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن کە خێوەکە لە قوتابخانە بمێنێتەوە هەموویان بەیانی ئامادە بن بۆ بینینی ئەگەر لەویّ بوو ئەوە کەروێشك کوڕی کەروێشکە وە ئەگەر لەویّ نەبوو یان لە شوێنیا ئاژەڵێکی تریان بینی ئەوە خێو کوڕی خێوە!

ئەزموونەکە درووست بوو بەیانی داهات بینیان کەروێشکەکە ڕاستیە مامۆستاکەش کارگوزاری قوتابخانەکەی نارد بۆ ئەوەی لەو ماڵانە بپرسێ کە لە کۆڵانە تەسکەکە نزیك بوون کە کامیان کەروێشکی لیّ ون بووە گەڕایەوەو کوڕی یەکێك لە ماڵەکانی لەگەڵدا بوو تا کەروێشکەکەی پیّ بداتەوە کە لە ژێر دەرگا بەرزەکەیانەوە هاتبووە دەریّ بۆ کۆڵانە تەسکەکە. کە هەموو شەویّ ئەمە دووبارە ئەکاتەوە لەگەڵ خوشکە کەروێشکە خێوەکانی!



Scanned with CamScanner

بێ گومان تاقیکردنەوە نرخی خۆی هەبوو بەڵام یەکلاکەرەوە نەبوو یان بەلانی کەمەوە تاقیکردنەوەی تری بەدوادا نەهات پێش ئەوەی ئەم بیروباوەڕە موڵەق بێت . هەروەها بە مامۆستاکە وترا ژنێکی قژ پڕ هەیە لای بیرەکەی ناوەڕاستی گوندەکە دەردەکەوێ بەدانیشتنەوە گسك ئەداو بەشێوەیەکی بازنەیی بەدەوری بیرەکەدا ئەجووڵایەوە.

ئیتر لەگەڵ هەندێك لە قوتابییەکان ڕێك کەوت کە ئەم ژنە خێوەش دەستگیر بکەن!

ئای لەو ئازایەتییە!! بەڵام ئەی بۆچی تاقی ناکەنەوە خۆ لە تاقیکردنەوەی یەکەمدا بە سەلامەتی گەڕانەوە؟!

شەو نا شەوێك پاش بڕانی پێ لە بیرەکە ئەڕۆشتن بەڵام چاویان بە ژنە خێوەکە نەئەکەوت... ئەوان هەر بەردەوام بوون لەم ئەزموونە تاوەکو شەوێك پێی گەشتن. بەڵام کێ ئەم جارە ڕووبەڕووی ئەم مەترسییە ئەبێتەوە مەرج نییە هەموو جارێك سەلامەتی تیا بێت!

ئەوە مامۆستا بوێرەکەیانە... بەڵام ئەوەتا ئەویش دوو دڵە تەنها تا سنوورێك لێی نزیك دەبێتەوە هەر کە زانی دوو دڵی و پەشۆکاوییەکە هەموو ئەو متمانەیە ئەڕووخێنێ کە لە دەروونی قوتابییەکاندا دروستی کردووە خۆی دایە بەر مەترسی و نزیکتر بوویەوە دەستی کرد بە گیرفانی داو شقارتەکەی دەرهێناو ڕێگاکەی پێ ڕووناك کردەوە!

چی بینی؟ پیرەژنێك پێی وت: (ئۆی هێواش کوڕم با ڕێگاکە بۆ پاشا گسك بدەم)!



Scanned with CamScanner

کام پاشا؟ کام ڕێگا؟ ئەمە شتێکی شاراوەی تیایە کە ترس و گومان ئەوروژێنێ؟ بەڵام ئەوە ماڵێکە دەرگاکەی کراوەتەوە لەوێوە هەموو شتێک ئەزانن: ئەوە پیرەژنێکی عەقڵ تێکچووە لە گوندەکەدا: هێشتا بیر لە سەردانی پاشا ئەکاتەوە بۆ گوندەکە لە یەکێك لە ساڵەکاندا ئێستاش وا بیر ئەکاتەوە کە ڕێگاکە بۆ پاشا گسك ئەدات ئەم تەنها ڕووداوە لە دەروونی دا جێگیر بووە ئەمە ڕووداوێکی بێ هاوتایە هەموو وڵات دەمێنێتە لەرزە دەبێت هەموو کەس بەرماڵی خۆی گسك بدات و ئاو پشێنی بکات!

******

کەروێشکەکانی ڕێگە تەسکەکەو پیرەژنی لای بیرەکە ئەم دووانەو لەگەڵ وانەکانی مامۆستا خۆشەویستەکە کاریگەری باشیان هەبوو لە دەروونی، ساڵەکەدا تەمەنی گەشتبووە دە ساڵی خەریك بوو قوتابخانەی سەرەتایی تەواو بکات ئەفسانەی خێوەکانیش بە،ە بەرە هێزی ئەپوورکایەوە لەلای ..

دەستی کرد بەوەی کە بتوانێ بۆ خۆی ئەزموونێك تاقی بکاتەوە. ئەمەش پێشکەوتنێکی گەورەیە! هەمیشە شقارتەیەکی ئەخستە گیرفانی – هەرچەندە کە جگەرەی نەئەکێشا – بەڵام بە چاوی خۆی بینی لە ڕووداوی پیرەژنەکەدا شقارتە ڕزگاری تیا بوو ئیتر شوێن ئەم چارلێکەرییە باشە کەوت هەمیشە لەگەڵ خۆی ئەم چەکەی هەڵئەگرت ئەوەش یارمەتی ئەدا کە بیستبووی خێو لە ڕووناکی ئەترسێ خێو لای



Scanned with CamScanner

ئەو کەسە ناوەستێ کە ڕووناکی پێ بێت ئیتر دڵیشی ناترسێ ئەگەر ببیبنێ. پاش عیشا بە شەقامەکانی گوندەکەدا ڕێی ئەبڕی - بە خۆ چوواندن بە پیاوان لە مزگەوتدا نوێژی ئەکرد - وە کاتێک کە تەمەنی گەشتووەتە دە ساڵی بە خەیاڵی خۆی بووە بە پیاو و بەرپرسیارێتی کاری گرنگی لەدەستدایە ئیتر شیاو نییە واز لە نوێژی بەکۆمەڵ بهێنێ لەگەڵ پیاواندا! هەروەك دەستی کرد بە مانەوە لە هەندێ کاتیشدا ئەگەشتە کاتژمێر دە. مەگەر ئەو پیاو نییە؟ ئیتر بۆچی هەروەکو پیاوەکان شەونخوونی ناکێشێ؟!

ئەمە وای لێ دەکرد کە بە تاریکی بگەڕێتەوە بۆماڵ وە بە مۆڵگەی خێوەکاندا تێبپەڕێ کە بە هەموو گوندەکەدا پەرژو بڵاو بوو بوونەوە هەر ڕێگەیەك کەمتر لە یەك یان دوو مۆڵگەی تیا نەبوو.. وە کاتێکیش لە تەڵەکە نزیك ئەبوویەوە ئەژنۆکانی ئەهاتە لەرزەو لێدانی دڵی زیادی ئەکرد نەیئەتوانی تێی بپەڕێنێ لە ترسی ئەوەی کە (خێوەکە) بانگی بکات و بیوەستێنێ! ئاوا ئەترسا نزیك ببێتەوە لە مۆڵگەکە تاوەکو ئەڕۆشتە ناوی ئیتر دەنکە شقارتەیەکی ئەسووتاندو ئەوەستا تاوەکو هەموو لاو شوێن و سووچێك بپشکنێ تەنانەت لە کونی کلیلکەوە سەیری دەرگای ئاشەکەو شوێنەکانی تری ئەکرد بۆ زیاتر دڵنیا بوون... تا دڵنیا دەبوو کە هیچ نییە بە نیو دڵنیاییەوە ملی ڕێی ئەگرتە بەر تاوەکو لەمۆڵگەیەکی تر نزیك ئەبوویەوە ئیتر بەو جۆرە بەردەوام ئەبوو!



Scanned with CamScanner

ئەم ماوەیەدا ئیش و کاری زۆر سەیر بوو هەوڵی ئەدا کە بڕوا بە خێوەکان نەکات هانی خۆی ئەدا بە تاریکی ڕێ ببڕێ و بە مۆڵگە ترسناکەکاندا تێ بپەڕێ.. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەترسا لێیان ئەوەستاو پشکنینی بۆ ئەکردن و وا خۆشی نیشان ئەدا کە لەم ئەفسانە ئەفرەتییە بەدوورە!

خەڵکی پێیان زانی کە ئەم مەترسییانە ئەگرێتە بەر هەندێکیان بەزەییان پیا ئەهاتەوە هەندێکی تریشیان پێی سەرسام بوون ئەم سەرسوڕمانەش وای لێکرد زیاتر سەرنج بداتە ئەزموونەکانی ئیتر لەو ڕۆژەوە تەنها خێونکیشی لەو خێوە زۆرانە نەبینی کە لە هەموو شوێنێک ڕێی بە ڕێبوارەکان دەگرت.

ئەڵێم: چاوی بە یەک خێو نەکەوت ... بەڵام لەڕاستی دا شەوێکیان خەریک بوو هەموو ئەو متمانەیە لەدەست بدات کە بەم هەموو ڕووداوانە ڕۆژانە کۆی کردبووەوە ! تەمەنی گەیشتبووە یانزە ساڵی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی دا بانگهێشت کرا بوو بۆ زەماوەندی کچە پوورەکەی. پێویست بوو تا نیوە شەو لەوێ بمێننەوە ئینجا بگەڕێنەوە بەڵام وا دیار بوو کە دایکی شتێکی لەماڵەوە بەجێ هێشتووەو ئەیەوێ بیهێنێ ئەویش هەروەکو پیاو خۆی بەخشی کە هەستێ بەم کارە!

بەڵام دایکی ڕازی نەبوو بەوەی کە بە تەنها بڕوا بەڵام خۆ بە زل زانینی ئەم ترسەی ڕەواندەوەو سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بە تەنها بڕوات و بێتەوە.



Scanned with CamScanner

لەماڵی پوورییەوە بۆ ماڵی خۆیان دوو ڕێگا هەبوو یەکێکیان: ڕێگەیەکی درێژ بوو بە چوار دەوری گوندەکەدا ئەسووڕایەوە دووەمیشیان: ڕێگەیەکی کورت بوو بەڵام بە کۆڵانە تەسکەکەدا تێئەپەڕی دایکیشی هۆشیاری دایە کە بەم ڕێگا کورتەدا نەڕوات !!

ئەم هۆشیاری دانە بەس بوو کە بەو ڕێگایەدا بڕوا لەم درەنگ کاتەدا - لەگوندەکەدا کات بە درەنگ دائەنرا پاش ئەوەی خەڵکی لەنوێژی عیشا دەگەڕایەوە - هەستی بە ترس ئەکرد لە سەرەتای ئەم ڕێیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەڕوا... ئیتر ترسە شاراوەکەشی لە بەردەم ئازایەتییە دەستکردەکەی دا دەرکەوت !

لە سووچێکی ماڵەکە - هی کۆڵانە تەسکەکە - کۆمەڵێک خشت هەبوون هەستی کرد کاتێ کە نزیک ئەبێتەوە جووڵەیەک هەیە دەنگی بەیەکدا دانی خشتەکانی ئەبیست ئینجا سەیری کردن بینی درەوشانەوەیەک دائەگیرسێ و ئەکوژێتەوە لە نێو کۆمەڵە خشتەکەدا.... بۆیە چەکەکەی دەرهێناو شقارتەیەکی داگیرساند ئیتر هەموو شتێک بێدەنگ بوویەوەو درەوشانەوەکەش دیار نەما کە بۆی دائەگیرسا... شقارتەکە کوژایەوە ئیتر هەمان جووڵە دەستی پێکردەوە.

خەریک بوو خۆڕاگری لەدەست بدات کە چەند جارێک ئەم کارەی دووبارە کردەوە وە هەر جارێکیش کێ بەرکێی ئەنجامی دەکرد پێکانی تەزین و لەوە زیاتر نەیئەوێرا یەک هەنگاو بنێت وە شوێنی مەترسییەکەیشی بەجێ نەئەهێشت. کات درێژەی کێشا بێ تاقەت بوو لە سووتاندنی

شقارتەکاندا تاوەکو خەریک بوو تەواو بن نەینەتوانی نە بڕواتە پێشەوە نە بڕواتە دواوە وە نەشی ئەتوانی واز لە سووتاندنی شقارتە بهێنێ لە پڕ یارمەتی خوای گەورەی بۆ هات پیاوێکی ڕێبوار بوو بەرەو ئەو ڕووناکییە هاتبوو کە جار جار پێ ئەکرا ترسی لێ نیشت بوو بەترسەوە نزیک بوویەوە تاوەکو لەکاتی داگیرساندنی شقارتەکەدا چاوی کەوت بەدەم و چاوی مرۆڤێک بەترسەوە قیڕاندی (جنۆکەی یان مرۆڤی؟) بینی منداڵەکە خۆیەتی و پێی وت: منم فلآنی کوڕی فلآن!

پیاوەکە لێی نزیک بوویەوە زۆر سەرسام بوو ئەویش دەنکە شقارتەیەکی داگیرساندو بە بەزەییەکی ئاشکراوە پێی وت: کوڕم خوا بت پارێزێ چی بەم نیوە شەوە تۆی هێناوەتە ئێرە؟!

ئیتر لەو کاتەدا ئازایەتییە دەستکردەکەی بۆ گەڕایەوەو وتی: من ناترسم ڕە بڕواش بەوە ناکەم کە دەربارەی خێوەکان ئەوترێ لێرە وەستابووم بەدوای ئەو خێوانەدا ئەگەڕام کە باسیان لێوە ئەکرێ!!!

پاشتر زانی کە ئەوە مشکن لەناو کۆمەڵە خشتەکەدا لە تاریکی دا چاویان ڕووناکی ئەداتەوە بەڵام بەهۆی ڕوناکی شقارتەکەوە ئەچنە ژوورەوەو درەوشانەوەی چاویان دیار نامێنێ !!

*******

ڕۆژان تێپەڕین و گوندەکەی بەجێ هێشت لە شاردا ژیاو ڕۆشنبیری فراوان بوو ئیتر ئەفسانەی خێوەکان بوو بە مایەی گەمەو گاڵتەو گەپی.



Scanned with CamScanner

بەلام ئەگەر ئەمڕۆ لە خەون و لەچیرۆکەکانی بپرسی ... ئەوا پێت ئەڵێن کە ئەفسانەی خێوەکان لەدەروونی دا قووڵترە لەڕۆشنبیریەکەی. ئەو خێوانەی کە هاوڕێیەتی عەقڵی منالیان کرد بۆ هەتا هەتاییش دەمێننەوەو هاورێیەتی خەیالی ئەکەن.

# ٧

# بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری

ئەو چەند ڕۆژەی کە لە سێ یان چوار ڕۆژی هەر مانگی ساڵێکی گوندەکەدا هەبوو لای گرۆهی خوێنەران زۆر جیاواز بوو وە هەمیشە یادیان دەکردنەوە تاوەکو جارێکی تر کاتی دەگەڕایەوە...

ئەم ڕۆژانە ئەو ڕۆژانە بوون کە (مام صالح) دەگەشتە گوندەکە و (گونییەیەکی) بەسەر شانەوە بوو کە پڕ بوو لە کتێب ئیتر لە بازاڕچەی گوندەکەدا چوار مشقی لەسەر گونییەکە دائەنیشت پاش ئەوەی کە کتێبەکانی لێ خالی دەکرد وە لە بەردەمیدا ئەم کتێبانەی ڕێک دەکرد کە نزیکەی بیست یان سی ڕیز ئەبوون بەپێی نرخەکانیان یان بەپێی بابەتەکانیان.!

بەلام خوێنەر پێ نەکەنی من ئێستا باسی ئەم (کتێبخانەیەت) بۆ ئەکەم کە لەسەر زەوی ڕاخراوە... پێکهاتەی ئەم کتێبخانەیە زامن بوو کە بەهاو نرخی لە دەروونتا دیاری بکا... ئەمەش کاتێک کە ئەتزانی هەمەجۆرر

پەمە ئاراستەیە. لەو کتێبانەش کتێبی (شوعر)ی تیا بوو هەروەک ئێمەی منداڵ و رۆشنبیرانی گوندەکە ئاوا ئەمان خوێندەوە کە ئەمەش (شیعریش) یەکێکە لە خەسڵەتەکانی عەرەبە کۆنەکانە – هەروەک ئەو کتێبە شیعرییانە کە چیرۆکی ئەبی زەیدییان تیا بوو – وەکو چیرۆکی زیر سالم و کولەیب و چیرۆکەکانی زەناتی خەلیفەو دیاب بن غانم...

هەروەها کتێبی (مدائح) پیا هەڵدان و سەرگوزەشتەی تیا بوو وەکو: بوردەو سەید ئیبراهیمی دەسوقی و سەید بەدەوی لەگەڵ بنت بیری و سەید عەبدول قادری گەیلانی و سەعد یەتیم و ئیعلام و ناس ئەوەی کە روویدابوو لەنێوان بەرمەکەکان و بەنی عەبباسدا...

وە لە کتێبی پاڵەوانێتیش کتێبی شاژنە ئازاکەو سەید محمدی بیتال و شاژنە حەنەی تیا بوو...

وە لە کتێبی پۆلیسیش: شارلوک هۆڵمزو سەنکلەرو دزی بە ئەمەك.

وە کتێبی رۆشنبیری گشتیش: ئەم کتێبانەی تیا بوو کتێبی (التحلیة والترغیب فی التربیة والتهذیب وسودە هزرییەکان و بەشی یەکەمی کتێبی نەحوی خوا لێخۆش بوو حەمزە فەتح الله وە یا بدائع الزهور فی وقائع الدهور. جاری وا هەبوو گونییەکەی مام صالح کتێبی تیا بوو کە لە هەموویان ترسناکتر بوو: وە جاری وا هەبوو وا رێك ئەکەوت کە نوسخەیەکی کتێبی عەنتەرەل فەرس یان هەزار شەو و یەك شەو و بهێنێ یان ....



Scanned with CamScanner

وە ئەم کتێبەش کە پێویستە بە چپەو بەنهێنی بیخوێنیتەوە کتێبی ئەبی مەعشەری فەلەکی لە ئەستێرە ناسی داو کتێبی شەمهورش لە سیحر وە کتێبی الفرائد (الطبیة) لە پزیشیکیدا .... ئەمەش پۆلێ کتێب بوو لەو کتێبانەی کە (مام صالح) بێجگە لە کڕیارە تایبەتەکانی نەبووایە پیشانی کەسی نەئەدا وە پێشی نەئەدان تاوەکو پەیمانی لێ وەردەگرتن کە سوێند بخۆن بەکاری نەهێنن لەدژی خەڵکی... هەر بۆیە کەش و بارێکی ئەفسووناوی تایبەتی هەبوو ئیتر ئاڵ و گۆڕەکە تەواو دەبوو هەروەك کە ئیمزا لەسەر پڕ مەترسیترین بەڵێننامەی نهێنی دەکرا...

ئەم هاوڕێیەشمان کڕیارێکی تایبەتمەند بوو لەلای (مام صالح) زۆر باش ئەیناسی و باشترین کتێبی بۆ هەڵئەگرت زۆربەشیان مەترسی دار بوون ئاخر ئەو هاوڕێیەشمان لە کڕینی کتێبدا بەخیلی نەئەکرد هەرچەندە نرخەکەشیان بەرز بووایە تەنانەت ئەگەر نرخی یەك دانەشیان بگەشتایەتە پێنج قروش.!

ئەم کتێبە بەنرخانەش نرخیان لە ملیمێکەوە دەستی پێ ئەکرد تا دوو قرش زۆر بە کەمی لەم سنوورە تێپەڕی ئەکرد تەنها ئەو پۆلە کتێبە نەبێ کە نهێنی و ترسناك بوون !

ئەو سێ چوار ڕۆژەش کە (مام صالح)ـی تیا ئەهاتە گوندەکەوە لە جوانترین ڕۆژەکان بوون لای ئەم هاوڕێیەمان... بەو پارانەی کە پێی ئەبەخشران خۆی ئامادە دەکرد بۆ ئەم ڕۆژانە وە ئەگەر پارەکەشی تەواو



Scanned with CamScanner

بووایە ئەوا داوای لە باوکی ئەکرد کە قرش و دوو قرش و هەندێ جار پێنج قرشی بداتێ... ئەمەش بڕێکی تەواو زۆر بوو بۆ ئەو کاتە.

لە دە ساڵ تێپەڕی ئەکردبوو وە لەو گوندەشدا ئەو پارەیەی کە لە باوکی وەری دەگرت بەشی خەرجییەکانی نەدەکرد- هەرچەندە کە پێویستییەکانی لە میوەو شیرینی دا بێ کەم و کورتی بوو مەگەر ئەگەر پێویستایە مەساسەیەک لای (مام خەلیل) بکڕێ ئیتر لەسەری قەدەغە بوو کە میوەی وشک و سێوی گەنیو بکڕێ چونکە باوکی باشترین ئەو پێویستییانەی ئەهێنایە ماڵەوە کە لە گوندەکەدا هەبوون. ئینجا ئەو هیچی نەئەدزی نە لە ماڵەوەو وە نە لە دوورەوە هەروەک کە لە هەندێ ماڵی تردا دیاردە بوو...!

پێنج قروش بۆ ئەو سەردەمە کەم نەبوو لەگەڵ ئەوەشدا هەمووی ئەدا بە کتێب ئیتر هیچ سەیر نەبوو کە (مام صالح) لەڕیزی کڕیارە باشەکاندا دای ئەنا!

ئەم هاوڕێی تری هەبوو – هەروەکو خۆی خوێنەر بوون – کە کڕیاری (مام صالح) بوون هەندێکیان قوتابی قوتابخانەکە بوون هەندێکیشیان لەو گەنجانە بوون کە تەویان کردبوو یان ئەوانەی کە لە قوتابخانەکە دەرکران کاتێ کە ڕیش و سمێڵیان درێژ بوو وە ڕۆشتنە ڕیزی پیاوانەوە!

ئەوانە بە درێژایی ئەو سێ ڕۆژە هەر لە دەوری (مام صالح) بوون بەپێی توانایان کتێبیان لێ ئەکڕی بە خواستنی ناوخۆیی – واتە لە پاڵ مام صالحدا لەبازاڕچەی گوندەکەدا – کتێبیان دەخوێندەوە بە یەک مولیم



Scanned with CamScanner

بێجگە لەم هاوڕێیەمان کە ڕێی پێ ئەدا بەخواستنی دەرەکی کتێب بخوازێ بەرامبەر بە نیو قرش بۆ هەر کتێبێک... ئینجا بۆی ئەهێنایەوە ئەگەر نەیویستایە کە بیکڕێ یان ئەگەر بودجەکەی بەشی کڕینەکەی نەکردایە لەم حاڵەتشدا داوای لە (مام صالح) دەکرد کە ئەو کتێبەی بۆ بپارێزێ تا جارێکی تر دەگەڕێتەوە... تا ئەو کاتە کە ئەگەڕایەوە ئەمیش بڕی نرخی کتێبەکەی ئامادە کردبوو شایەنی باسە هەمیشە ئەم پیاوە لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا ئەگەشت!

وە پاش ڕۆشتنی (مام صالح) ئەم بزووتنەوە ڕۆشنبیرییە نەئەپچڕا ئەم کتێبانەی کە خوێنەرەکان کڕبوویان تا ماوەیەک لەنێوان خۆیاندا ئاڵ و گۆڕییان پێ دەکردن هەتاوەکو هەموویان ئەیان خوێندنەوە تا ئەو کاتەش کاتی دیاری کراو نزیک ئەبوویەوە ئیتر چاوەڕێیان ئەکرد... ئیتر بەو جۆرە بە درێژایی ساڵ بەردەوام دەبوو!

هاوڕێکەمان بە کتێب و بەخوێندنەوە لەنێو ڕۆشنبیرانی گوندەکەدا ناوبانگی دەرکرد لەبەر چاویان چەند پلەیەگ بەرز بوویەوە هەموویان پێشبینی داهاتوویەکی گەشیان لێ ئەکرد... چی..؟ ئەی مەگەر بەو مناڵییە کتێبخانەیەکی پلێتی گەورەی نییە کە پڕە لە کتێب..؟

بەڵێ پلێت لەسەر داوای (مام صالح) ئەم جۆرەی بۆ کتێبخانەکە هەڵبژارد کە پێی وتبوو تەختە مۆرانەو سیسرگە (هەڵئەهێنێ) بەڵام پلێت وا نییە. وە ئاسانیشە کات نا کاتێک بە پیترۆڵ بیسڕێت ئیتر سیسرگەو مۆرانە نزیکی ناکەوێ... جا لەبەر ئەوەی کە پێداگر بوو لەسەر کتێبەکانی ئیتر



Scanned with CamScanner

...دوڕقێکی پلیتی بۆ درووست کردن و سەرێکی پەتەویشی بۆ دانان هەروەها ئەمیش لە پلێت بوو (ئاسنگەر) بۆی درووست کرد بەو جۆرە کتێبخانەیەکی دانا کە بەردەوام گەورە ئەبوو هەندێ جار دەگەشتە بیست و پێنج کتێب! شایەنی باسە تەواو عاشقی ئەم کتێبخانەیە بوو کە لە گوندەکەدا بێ وێنەو تاک بو کە جۆرەها ڕەنگی ڕۆشنبیری تیا بوو. تەنها نوسخەیەکی کتێبی (بوخاری) کەم بوو بۆ ئەوەی ببێتە کتێبخانەیەکی تەواو. بەڵام لەکوێ نوسخەیەکی بوخاری پەیدا بکات کە ئەو منالە و تەنها پیاوانی ئەزهەر هەیان بوو –تەنها دە کەسێک هەیان بوو لە گوندەکەدا – کە جێگەی ڕێز بوون و پلەو پایەیەکی بەرچاویان هەبوو. کە لای هەمو کەس دەست ڕۆشتوو بوون ، هەروەك ئەولیاکان وابوون بەڕاستی کەس لە زاناکان پلەو پایەی بەرزتر نەبوو لەگوندەکەدا بێجگە لە ئەولیاو دێوانەکان!!

ئەوان کتێبی بوخاریان هەبوو... لای دوو پیاوی تریش لەگوندەکەدا: دوو ڕنار بێژ واتە دوو قورئان خوێن... بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم دووانە دووعاو نوشتەو هەروەها سیحریشیان دەکرد...!!

جا منالی نەخۆش و ژنی شێت و ژنی بە سیحر ناشیرین کراو لەبەر چاوی مێردەکەوی و پیاوی بەستراو (واتە ئەو پیاوەی کە شەوی مارەبڕین سیحری لێ کراوە وە پیاوەتی لەدەست داوە بەستراوە) هەموو ئەمانە ئەچوونە لای ئەم دوو پیاوەو لای ئەوانەی کە سیحریان دەکرد تا داوای ئارەزووەکانیان لێ بکەن بەرامبەر بەکرێیەکی دیاری کراو.



Scanned with CamScanner

ئەم دوو پیاوە بەوە جیا دەکرانەوە کە هەریەکەیان نوسخەیەکی لە (بوخاری) هەبوو کە تەنها زانایانی کۆنی ئەزهەر لە قاهیرە هەیان بوو.

بەلام بۆچی نوسخەی بوخاری ئەم هەموو گرنگییەی هەبوو! بۆت ڕوون بکەمەوە:

زۆرجار دزی لەماڵەکاندا ڕووی ئەدا پاڵەوانەکەشی یان سەرۆك ژنی ماڵ یان بووکەکە یان یەکێك لە کوڕەکان وە یان کوڕ یان کچە خزمەتکار لەماڵە دەوڵەمەندەکاندا بوو ، بە زۆریش خەلەی دانەوێڵە یان ئاڵتوون و پارە بوو. ئەگەر خزمەتگوزار دزی بکات ئەوە شتێکی ئاساییە بەلام بۆچی کوڕو بووك و ژنی خاوەن ماڵ دزی ئەکات هۆی ئەمەش ئەگەڕایەوە بۆ ئەو بارە ئابوورییەی کە خەرجی ڕۆژانەی کوڕەکانیان دەرنەئەهێنا هەرچەندە کە گەورە بوونایەو ژنیان بهێنایە لەڕێی دایك و باوکییانەوە ژنیان ئەهێناو باوکەکانیشیان خەرجی خۆیان و ژنەکانیانی ئەکێشا تاوەکو باوکەکە دەمردو بە میرات ماڵەکەی دەبرد!

جا ئەگەر کوڕەکە گەورە بووایەو ببوایە بە گەنج ئیتر چارەی نەئەبوو ئەگەر دزی نەکردایە کە هەر ئەبوو وەکو گەنجەکانی تر پارە خەرج بکات: ئەویش بەشدار بێت لە کڕینی شیرینی و خواردنەوەی چادا کە بە نۆرەو هەر جارەی یەکێکیان ئامادەی دەکرد هەروەها ئەبووایە بەشدارییان لەگەڵ بکات لە کڕینی گۆشت و جگەرو گورچیلە. کە پێکەوە ئەیان کڕی و بە نهێنی لەکێڵگە یان لەماڵی یەکێکیاندا ئەیانخوارد چونکە ئەو بڕە



Scanned with CamScanner

...ارنەی کە لەناو خێزانەکەی دا دەستیان نەکەوت بەس نەبوو بۆ ...ندیان لەم قۆناغەدا.

...ونە ئەمانە پێویست بوو بۆ ئەم مەبەستەو مەبەستی تریش دزی ...ا وەکو ئەوەی کە یەکێکیان ژنی بۆ داواکرابێ بۆ ئەوەی ژن بهێنێ خۆ ...ەر دیاری بۆ دەستگیرانەکەی و کەس و کاری بکڕێ ئەو دیارییانەی ...بوو و کاری کوڕەکە ئەیاندا بە دەستگیرانی کوڕەکە زۆربەی کات کەم ...کەس و ئەویش هەر نەبوو دەست ماڵێکی بەدەست نەخشێنراوی بۆ ...ون... یان چەند کیلۆیەک تریێ وە یان چەند مشتە میوەیەکی وشک ...ەری یان ... وە ئەم جۆرە دیارییانەش هەر نرخێکیان هەبوو وە گەنجیش ...کراو... نەمانەی نەبوو هەر نەبوو شتێك لەماڵی باوکی بدزێ لەماوەی ...بارەی ئەمانەی نەبوو و هەروەها لەمانگی هەنگوینیشدا کە بە نهێنی دایکی و ...دەزگیرانداری و شتێك لە شیرینی و شیرەمەنی ...بارکییەوە بڕێك لە گوێزو بوندق و بادەم و ...و بڕێك سابوونیشی ئەهێنا بۆ ئەوەی بە باشی خۆیان بشۆن کە ئەم ...پرانەش بەشێوەیەکی پێویست لەماڵانی گوندەکەدا نەبوون...

...هەروەها بووکیش دزی ئەکرد چونکە گەنج بوو بە زۆری داواکاری تری ...نەبوو جگە لە داواکارییەکانی ماڵی پیسکە... ئیتر کۆمەڵێ دەست ماڵی ...چنراو و سابوونی بۆن خۆش و عەتری ئەهێنا بۆ ئەوەی مێردەکەی پێی ...بۆن خۆش بکات هەروەها شانەی درووستکراو لە ئێسقانیش - کە پێیان ...ئەوت شفرەی فیل - ئەمەش لەڕێگەی ژنە (دەلاڵ)ـەوە ئەنجام ئەدرا ...بەتایبەت لەماوەی یەکەمی هاوسەرگیریدا!!



Scanned with CamScanner

هەروەها لەبەر ئەوەش دزی دەکرد چونکە گەنج بوو لاشەی پێویستی بە خۆراك بوو کە بە زۆری ئەو ماڵەش ئەو بڕە پێویستییەی لە خواردن نەبوو.. بەڵام لەڕۆژانی یەکەمی هاوسەردارییدا ماڵی کچەکە ئەم خواردنەیان لە ئەستۆ دەگرت لە هەفتەی یەکەمدا بەردەوام هەموو ڕۆژێ (شامی گەورەیان) بۆ دەنارد ئەم شامەش (نانی ئێوارە) پێك هاتبوو لە مەڕ یان بزنێکی سەر بڕاو یان نیوەی وە مەنجەڵێکی گەورە لە سەوزەی کولاو وە شلەی قەیسیش کە قەیسی وشك کراو لێ ئەنرا بە ئاو و ڕۆن و شەکر. هەموو ئەمانە پێشکەش بە کەس و کاری مێرد ئەکرا لەکاتێکیشدا باشترین بڕی پێویستی ئەم شامە گەورەیە بۆ بووك و زاوا دەبوو ئەم (شامەش) کۆمەڵێ کچ و ژن هەریەکەیان مەنجەڵێکی هەڵئەگرت و لەماڵی باوکی بووکەوە بەرەو ماڵی زاوا بەرێپێوانێکی ئاشکرا بەڕێ دەکەوتن..!

وە پاش هەفتەیەکیش خەڵکی جیاواز بوون لەناردنی شامی گەورەو شامی بچووکدا هەندێکیان بەردەوام هەموو هەفتەیەك شامی گەورەو هەموو ڕۆژێکیش شامی بچووکیان دەنارد بۆ ماوەی یەك مانگ ئینجا شامی گەورە کۆتایی ئەهات و بۆ ماوەیەکی تریش شامی بچووك بەردەوام دەبوو هەندێکیان ئەم ماوەیان درێژترو هەندێکیشیان کورت تریان دەکردەوە ئەمەش بەپێی باری ئابووری لەلایەك و بەپێی بەخیلی و دڵفراوانی لەلایەکی تر. ئەمەش بۆ ماوەی چەند ساڵێك لەلایەن خەڵکی گوندەکەوە باس دەکرا!



Scanned with CamScanner

بەلام هەموو ئەمانە بە یەکجاری کۆتایی ئەهات لەگەڵ کۆتایی هاتنی سالی یەکەمدا ئیتر بووکە گەنجەکە لەگەڵ کەس و کاری مالەکەدا خواردنی هاوبەش دەبوو کە بەشی پێویست نەبوو بۆ جەستەی... جا بۆیە پێویست بوو بە دزی دشو شوبراکانییەوە دزی بکات و لەلای فرۆشیاری قاچ و دڵ و گورچیلە و جگەر ئەمانەی پێ بکڕێ لەڕۆژانی پێنج شەممەو دوو شەممەدا – ئەم دوو ڕۆژە لە گوندەکەدا مەڕو مالاتی تیا سەر ئەبڕا – ئیتر لەمالی خۆی دا لێی ئەناو ئامادەی ئەکردو وە وا خۆی پیشان ئەدا کە کەس، و کاری بۆیان ناردووە کە هەندێ جار گۆشت بوو یان شتێک لەم ناو سکانە. وە یان بە کالی هەلی ئەگرتن و شەو بە نهێنی سووری ئەکردەوەو خۆی و مێردەکەی بەبێ ئاگای ئەوانی ترەوە ئەیانخوارد ! ژنی خاوەن مالیش دزی ئەکرد چونکە ئەویش داوکاری ئەبوو وەکو داواکانی بووک وە یان دەیویست پارە (کۆ بکاتەوە) وە یان بۆ ئەوەی یارمەتی کوڕەکەی بدات لەماوەی (دەستگیرانداری)دا کە باوکی یارمەتی نەئەدا. هەندێ خاوەن ماڵ ئەم دزییانەیان ئاشکرا دەکردو بێدەنگ ئەبوون. ئەمانەش کەسانی ژیرو ڕێزدار بوون کە هەستیان بە پێویستییەکانی منالْ و ژنەکانیان دەکرد ئەیانزانی کە داواکانیان جێ بەجێ ناکەن بۆیە بێدەنگ ئەبوون... بەلام هەرگیز دانیان نەئەنا بەم پێویستیانەدا بۆ ئەوەی کە دزی ڕوو نەدات!

هەندێکیشان تووڕە ئەبوون و هەڵئەچوون و هەڕەشەیان ئەکرد وە پرسیاریان لە کەس و کاری ماڵ و خزمەتکارەکان و هەندێ لە میوانانیش



Scanned with CamScanner

دەکرد جا بەشێوەیەکی سرووشتی هەمووشیان تۆمەتی دزییان ڕەت دەکردەوە.

ئا لێرەدا ڕۆڵی بوخاری دەهات!

ئەمانە ئەیانتوانی بەدرۆ سوێند بەخواو بە پێغەمبەر بخۆن ئیتر بڕوایان پێ ئەهێنرا... وە چەند سوێندێکی تریش هەبوون کە لێیان نزیک نەئەکەوتنەوە وە ئەگەر ڕووبەڕووی ئەم سوێندانە بوونایەتەوەو درۆیان بکردایە ئەوا بەلایان بۆ ئەسازاو ئێش و ئازاریان تووش ئەبوو هەرگیز لە سزای خێرای ئەم دونیایە ڕزگاریان نەئەبوو.

سوێندی یەکەم کە کەس خۆی نەئەدا لە قەرەی ئەویش سوێندی (قورئان) بوو کە کەسی تۆمەتبار دەستی ئەخستە سەری و چاوی ئەنووقاند سوێندی ئەخوارد کە ئەو ئەوەی نەکردووە کە پرسیاری لەسەر کراوە. وە سوێندی بەهێزتر لە سوێندی قورئان سوێندی (شورا) بوو کەسی تۆمەتبار ئەیوت: (بە شوورا قەسەم ئەوەم نەکردووە) جا ئەگەر درۆی بکردایە ئەوا شوورا ئەیگرت! ئیتر تووشی کوێری و شکان یان نەخۆشییەکی درێژ خایەن ئەهات کە بە ئاسانی ڕزگاری نەدەبوو لێی..!

وە بە هێزتر لە (شوورا)ش سوێند بوو بە یەکێك لە ئەولیاکان. وە ئەوانیش جیاواز بوون – هەندێکیان نەئەتوانرا کە بە درۆ سوێندی پێ بخوری زۆر بە خێرایی و دەست بەجێ سزای درۆزنەکەی ئەدا بەوەی کە ئەهاتە خەوی و ئاگاداری ئەکردەوە وە یان تووڕە ئەبوو لێی وە بە زۆریش کەسی خەوبین کە لە خەو هەڵئەستا ترساو بوو دانی بە



Scanned with CamScanner

تاوانەکەیدا ئەناو داوای لێخۆشبوونی دەکرد - وە هەندێکیشیان پشوو درێژ بوون ماوەیەکی کەم یان زۆر کەسی سوێند خواردوویان واز لێ ئەهێنا بەڵام دەستبەرداری نەئەبوون بە ئاسانی بەتایبەتی ئەگەر کەسی سوێند خواردوو دەستی خستبێتە سەر گومەزی شێخ.

بەڵام سوێندی زۆر بە سام و ترس کە هەست و بیری کەسی سوێند خواردووی ئەهێنایە لەرزە کە هیچ کەس نەیئەوێرا لێی نزیك ببێتەوە مەگەر کەسێك کە زۆر لە ڕاستگۆیی خۆی دڵنیا بێ ئەویش سوێندی بوخاری بوو ... جا هەر کە کەسی دز دەستی ئەخستە سەر بوخاری و چاوی ئەنووقاند یەکسەر هەموو گیانی ئەهاتە لەرزە لێدانی دڵی کەم و زیادی ئەکرد وە زۆر بە ئاشکرایی نیشانەی ترسی پێوە دیار بوو ئیتر دەست بەجێ دانی ئەنا بە تاوانەکەیدا وە یان پەشیمان ئەبوویەوە لە سوێندەکەو ئەترسا... تازە ئیتر ئەو ئەو کەسەیە کە خۆی داوەتە بەر مەترسی لەم سوێندە نزیك بووەتەوە ئیتر سێ ڕۆژی تەواو نەئەکرد تاوەکو بوخاری کاری خۆی بەسەردا جێ بەجێ ئەکرد ئیتر چەند ڕووداوێکی بەسەردا ئەهات. بەزۆریش تێکچوونی عەقڵ و هۆشی بوو کە بەرەومەرگ یان شێتی دبرد..!

جا بۆ سوێندی بوخاری ڕێ و شوێنی تایبەتی هەبوو کە خاوەنی کتێبی بوخاری ئەهاتە ماڵە دزی لێ کراوەکە یان بۆ ماڵی خۆی بۆ سوێند خواردنەکە بەرامبەر بە کرێیەکی دیاری کراو.



Scanned with CamScanner

بەڵێ ڕێگەی تریش هەبوو بۆ ئاشکرا کردنی کەسی دز ئەویش ڕێگەی ( سۆل) و ڕێگەی (فنجان) بوو: ڕێگەی ( سۆل) بریتی بوو لە قۆرییەک پڕ ئەکرا لەناو لوولەکەی بە پەتێکەوە هەڵئەواسرا (ساحرەکەش) بەدەست ئەیگرت و تۆمەتبارەکانیش بەشێوەیەکی بازنەیی بەچوار دەورییەوە بوون ئینجا بەسەر ( سۆل ) دا هەندێ نزاو نوشتەی دەخوێندو بخوردێکی تایبەتی دائەگیرساند ئینجا قۆرییەکەی لە حەبلەکەوە ئەسووڕاندەوە بەسەر دانیشتوواندا بەدەست ئەیلەراندەوە جا ئەگەر قۆرییەکە لە بەرامبەر دزەکە لە لووکەیەوە ئاوی ڕشت ئەوا بەبێ قسە تاوانبار ئەناسرا !

بەڵام (فنجان) ئەوا مێرد منداڵێکی بچووك ئەهێنرا کە بە ئاسانی بخەوێنرێ فنجانێکی بەدەستەوە دەگرت کە شوێنەواری قاوەی پێوە بوو ئینجا (ساحیرەکە) نزاو نوشتەی بەسەردا دەخوێند ئینجا فەرمانی پێ دەکرد کە سەیری بنی فنجانەکە بکات بۆ ئەوەی جوولەی تیا ببینێ لەپیاو و ژن – کە پۆلێ جن بوون بۆ ئامادەبوون بۆ خزمەتکردن پێیان دەوترا خزمەتکارەکان – بە منداڵەکەی دەوت فەرمان بکات کە گسک بدەن و ئاو ڕشێن بکیەن و کورسی ڕیز بکەن ئیتر منداڵەکەش ئەوەی ئەبینی!

ئینجا بە منداڵەکەی ئەوت کە فەرمانیان پێ بکا تا تاوانبار بهێنن ئیتر منداڵەکە پیاوێك یان ژنێکی ئەبینی کە ئەهێنایان داوای لێ ئەکرا ئەو کەسەی کە ئامادەیان کردووە لەکێ ئەچێ هەندێ جار یەکسەر منداڵەکە

ناوی ئەو کەسەی ئەدا کە ئەیناسی... ئیتر ئەمری پێ ئەکرد کە خزمەتکارەکان بڕۆن ماوەیەکی زۆریش بەبێ هۆشی ئەمایەوە!

کەواتە دزەکە ئەناسرا کە بە زۆریش خۆی دانی پیا ئەنا بۆ ساحیرەکە کاتێ کە ئەیزانی فنجان ئەکاتەوە یان (سۆڵ) با ئەدا!!

بەلام (سۆڵ) و (فنجان) هەردووکیان نەئەگەشتنە ئەو هێزەی کە بوخاری پێی ئەگەشت هەر بۆیە بوخاری تاقە سوێندی نێو سوێندەکان بوو خۆزگە ئەتزانی کە بوونی لای یەکێك چەند گرنگ بوو بۆ ئەم جۆرە کاروبارانە.

***************

ئەم هاوڕێیەمان نەیئەتوانی نوسخەیەکی بوخاری بخاتە کتێبخانە گەورەکەیەوە چونکە ئەو زانا نەبوو لە ئەزهەر وە هەروەها (وتار بێژ)یش نەبوو وەکو ئەو دوو وتاربێژە بەناوبانگەی گوندەکە کە ناوبانگیان دەرکردبوو بە بوخاری و بە توانایان لە (سیحر) کردندا بەتایبەتی لە سیحری ژن و پیاو و بەستن و کردنەوەی پیاوان و سیحر کردن لە دوژمنە گشتییەکان بۆ ئەوەی نەخۆش و لاواز و شێت ببن.. جا زۆربەی ئەوانەی کە لە گوندەکەدا ئەژیان لە هەر کات و شوێنێکدا سیحریان لێ کرابوو!

بەلام خۆ ئەگەر نوسخەی بوخاری نەبوو ئەوا کتێبی تر هەبوون لە کتێبخانەکەیدا کە ئەو ناوبانگە لە دەست چووەیان بۆ ئەگێڕایەوە. ئەو — بەو منالییەی — ناوەندێکی گەورە بوو لەنێو مالانی گوندەکەدا بەتایبەتی لای زۆر لە ژنەکانی و هەروەها لای گرووپێك لە گەنجەکانی.



Scanned with CamScanner

لەکتێبخانەکەیدا دوو کتێب هەبوون: کتێبی ئەبی مەعشەری فەلەکی و کتێبی شەمهورش بۆ هەریەکەیان چیرۆکێك هەبوو کە یارمەتیاندا لەبڵاوکردنەوەی ناو و ناوبانگی: کتێبی ئەبی مەعشەر سەبارەت بە ئەستێرە ناسی بوو لە چەند بەشێك پێك هاتبوو بەشێکی تایبەتی باسی بەختی جیاوازی لەدایك بوانی هەموو مانگ و وەرزو ڕۆژێك دەکرد وە بەشێکیشی تایبەت بوو بە بەختە جیاوازەکانەوە کە هەڵئەگۆزرا لەناوی کەسەکەو ناوی دایکی و ناوی ئەو مانگەی کە لێی لەدایك بووە. کۆ ئەکرانەوەو بەپێی خەملاندنی (جەمەل) ئەویش ئەو ژماردنە ناسراوە بوو کە هەندێ لە ڕێساناسانی مێژوو بەکاریان ئەهێنا: ئەلف یەکسان بوو بە یەك. باء یەکسان بوو بە دوو جیم یەکسان بوو بە سێ بەو جۆرە بەشوێن یەکدا: (ابجد هوز. حطي. كلمن. سعفض. قرشت....) جا دەیەم پیت طاء ژمارە دە ئەبوو ئینجا یا بیست بوو کافیش سی تا کۆتایی ئەمەش کە قاف سەد بوو ئینجا ڕا دوو سەدوو... ئیتر بەو جۆرە - بەپێی ئەوەی کە لە یادمە - ئەم خەملاندنەش لەزمانی عیبری کۆنەوە وەرگیراوە.

ئینجا ئەم کتێبە بەشێکی تیا بوو کە کەسی داواکاری (بەخت) چاوی ئەنووقاند و ئینجا پەنجەی ئەخستە سەر ئەو پەڕەیەی کە ژملرەی پەرش و بڵاوی تیا بوو ئەو ژمارەیەش کە پەنجەی ئەوی ئەکەوتە سەر ژمارەی لاپەڕە یەك بوو لە بەشێکدا کە بەختی ڕابردوو ئێستاو داهاتووی ئەوی تیا بوو هەروەك زانیاری دەربارەی خەسڵەت و ڕەوشت و



Scanned with CamScanner

خۆشەویستەکانی هەرشتێك كە پەیوەندی بەوەوە بوو تیای بوو هەروەها ئەوەش كە پێویست بوو بیكات و ئەوەش كە پێویست نەبوو... هتد.
بەلأم كتێبی شەمهورش زۆرێك لە نزاو نوشتەو وێنەی گسكدەری تیا بوو وە كۆمەڵێ لە خەسڵەتی بخورد كە هەندێكیان خۆشەویستیان ئەهێناو هەندێكیشیان خۆشبەختی وە هەندێكیشان كە پێیەوە بچێتە لای كاربەدەستان ئیتر خاوەنەكەی بەڕێزەوە داواكارییەكانی جێ بەجێ دەكران. گەنجان و ژنانی گوندەكە بەم دوو كتێبەیان زانی ئیتر هەموویان بە بەردەوامی ڕوویان ئەكردە ئەم هاوڕێ بچووكەمان ئەمەش لەبەر چەند هۆیەكی زۆر بوو!
لەوانەش ئەو كرێی وەرنەئەگرت بەرامبەر ئەو خزمەتەی كە پێشكەشی ئەكردو لەبەر منالیشی كە ئەڕۆشتە هەموو ماڵێكەوەو ژنان و كچان بەبێ هیچ شەرمێك چاویان پێی ئەكەوت وە ئەو پرسیارانەش نەئەوروژا وەك ئەوەی كە كەسێكی گەورە لەگەڵیاندا دابنیشتایێ وە لەو هۆكارانەش: ژنان و كچان بەبێ هیچ شەرمێك بەبێ هیچ ترسێك باسی نهێنی و ئارەزووەكانی خۆیان بۆ ئەم كوڕە ئەگێڕایەوە كە هێشتا پێی نەگەیشتووە تەمەنیشی هی ئەوە نەبوو كە شەرمی لێ بكرێ ئەم جۆرە شتانەش لە دەروونی زۆربەی گەنجاندا بوو كە زۆربەی كارەكانیان نهێنی بوون!
كاتێ كە ئەچووە قوتابخانە ئیتر زۆرێك داواكاری لە چەند ماڵێكەوە بەدەست دەگەشت هەندێكیشیان كەسێكیان دەنارد بەشوێنی دا تا



Scanned with CamScanner

بیهێنێتـەوە بـۆ ماڵـەوە بەتایبـەتی پـاش ئـەوەی کـە هـەموویان زانیـان سەرقاڵی ئەم کارانەیە.

شایەنی باسە کە هەستی بە چێژێکی سەیر ئەکرد بەهۆی ئەم داواکارییە زۆرانەوە بۆی و هەموو دەرگاکان لەسەر پشت بوون بۆی. ئەو زۆر منداڵ بـوو هێشتا هەستی سێکسی تیا نـەورووژا بـوو وە پـەروەردەی ماڵی جۆرێک لـە شـەرم و ڕێـزی پـێ بەخشی بـوو تەنانـەت ئەگـەر جۆرێک لـەم هەستەشی بووروژیایە... بەڵام سەبارەت بە جوانی هەست ناسک بوو وە ئـەم سـەردان و چـاوپێکەوتنانەش زۆربـەیان دەربـارەی خۆشەویـستی و هۆکارەکانی بوو کە ئەم هەستە کوێرەی ئەمیان ئاو ئەدا ئیتر حەزی بەم سەردان و چاوپێکەوتنانە دەکرد کە تام و چێژێکی سەیری تیا بوو!

ئەوەی شایەنی باسەو پێویستە دانی پێدا بنێین ئەوە بوو کە سەرپێچی نەئەکرد لە ئامۆژگارییەکانی (مام صالح)ـدا وە ئەو متمانەی پـێ ئەکرد بۆیە کتێبە ترسناکەکەی پێ ئەدا هەرگیز بەگوێی گەنجێکی نەئەکرد کە بیویستایە کـچێکی داپۆشـراو یـان ئـافرەتێکی پارێزگـار فریـو بـدات وە هەرگیز بە گوێی ئارەزوویەکی نەئەکرد کە زیانی بوێت بۆ کەسانی ترو تاڵکردنی هاوسەر. بەڵکو وەڵامی نامەی خۆشەویستی نێوان هاوسەران و کەسێکی ژن تەڵاقدراوی ئەدایـەوە بـۆ ئـەوەی بگاتـەوە بـە ژنەکـەی و هەروەها ئەو گەنجەی کە بیەوێ بچێتە پێشەوە بۆ خوازبێنی!

بەڵام زانینی بەخت بەپێی زانیاری کتێبە گەورەکەی شتێکی تیا نەبوو کە قەدەغە بێت لەوەی کە ئەستێرەکان ئاشکرایان ئەکرد!



Scanned with CamScanner

********************

لـەم ڕووانــەوە ڕازی بــوو لــەخۆی لەکتێبخانەکــەی و لەڕۆشنبیــرییە فراوانەکەی و هەروەها لە ناوبانگە گەورەکەیشی!

وە کتێبێکـی تـریش کـە تـەنیا یـەك نوسـخەی لەگوندەکـەدا هـەبوو هـی کوڕێکی تر بوو کە بە تەمەن لەو گەورەتر بوو ئەم کتێبەش بە ئاوات بوو بەدەستی بهێنـێ ئیتر پێـی مەشـخەڵی ڕۆشنبیری و ناوبانگی لە هـەموو گوندەکەدا بڵاودەبوویەوە بەڵام ئەم تاکە کتێبە بەردەوام لەبیرو هۆشی دا بوو وە ڕێگەیەکیش نەبوو بۆ بەدەست هێنانی.

ئەگەر ئەم کتێبە نوسخەی تری هەبووایە ئەوا بە پارە ئەیکڕی و داوای لە (مام صالح) دەکرد بۆی بهێنێ بە هەر نرخێك بووایە. بەڵام زۆر بە داخەوە بەدەســت و خــەتی پێغەمبــەر ســلێمان (علیــە الـسلام) نووســرابوو وە سلێمانیش مردووە وە وادیار بوو ئەو – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – تەنها یەك نوسخەی لەم کتێبە نووسی بوو هەر ئەو نوسخەیەی کە کەوتووەتە دەستی ئەم گەنجە نزیکەی کە پیاوێکی مەغریبی بۆی هێنابوو کە پاش ئەوە نەگەڕایەوەو نەش ئەگەڕایەوە!

کە بە دوو پێوانەی تەواو لە گەنم پێی فرۆشتبوو کە زۆر هەوڵی دا بوو تا ئەو دوو پێوانەیە لـە کۆگـای دانەوێڵەکـە بـدزێ ئەمـە سـەرەڕای ئـەو پارانەی کە باوکی پێی دابوو کە ئەم نرخەش شیاوی ئەم کتێبە دەگمەن و بەنرخە بوو!

ئەم کتێبەش کتێبی (کنوز) بوو!

هەموو ئەوەی لەسەر زەوی دا هەیە لە سەروەت و سامان و گەوهەر ئاکاتە دەیەکی پێکهاتەی گەنزی ژێر زەوی ... بەڵام ئەم گەنجینانە (گلسون) گەماروٚ درابوو تەنها بە کوشتنی نێچیرێك دەکرانەوە کە بە زوٚری کەڵەشێری سیحر لێ کراو بوو یان سەگ بوون وە یان خزمەتکاری جنی بوون وە ئەمانەش تەنها لەڕێی چەند ئەزموونێکەوە گیانیان دەردەچوو.

لەکاتێکدا کە (مەغریب)ـییەکان لەم بوارەدا تایبەتمەند بوون ئیتر نێردراویان یەك لەدوای یەك ئەنارد بوٚ گوندەکە - گوندەکەش پڕ بوو لە گەنجینەی ژێر زەوی - کەنزێکی تیا بوو بە درێژایی نێوان کلێساکەو دیرەکە درێژ بوو بوویەوە ئەم دیرەش لە پەنای چیاکەدا بوو کە بەرووبەرەکەی بەدرێژی زیاتر لە پێنج کیلوٚمەتر دەبوو کە هەمووی پڕ بوو لە گەنجینەی هەمەڕەنگ. ماڵی باپیریشی لە باوکییەوە کە نزێکی تیا بوو کە جارێکیان خەریك بوو پێی بگەن ئەگەر بخوری کابرا مەغریبییەکە تەواو نەبووایە هەمیشەش بخورەکە پێش تەواو بوونی کارەکە تەواو دەبوو پێویستی بە پارەیەکی زوٚر هەبوو تا بخوری لە وڵاتە دوورەکانەوە بوٚ بهێنێ کە ڕێگاش پڕ مەترسی بوو.

جا ئەگەر سەلامەتی لە چارەیدا بووایە ئەگەڕایەوە ئەگەر نا ئەو ئەو و پارەکانیشیان ئەدایە دەست خوا. وە هەمیشەش نەئەگەڕایەوە مەگەر کەمێ بخوری تری بهێنایەتەوە کە دووبارە تەواو دەبوویەوە..!!

ئەم گەنجینەیەش کە لەماڵی باپیری بوو گەماروٚ درابوو نێچیرەکەشی کەڵەشێرێك بوو ڕێگەی دەرهێنانەکەی ئاوا بوو کە ساحیرەکە لە

سووچێکی تاریکی دا دابنیشێ و بخورێکیش لەبەردەمیا بێ لەسەر بخورەکەش (جامێکی) مس هەبێ ئینجا (سیحری) ئەکردو جامەکەش هەڵئەفڕی لەم سووچ بۆ ئەو سووچ ئینجا ئەکەوتە خوارەوە ئیتر لەو کاتەدا زەوی درزی دەبردو کەڵەشێرەکەش دەرئەهات و باڵی ئەتەکاندو ئەی قوقاند ئیتر چوار دیواریماڵەکە ئەهاتە لەرزەو خەریك بوو بکەوێ بەسەر ئەوانەی کە تیایا بوون... لەو کاتەشدا کۆمەڵێك پیاوی چەك بەدەست ئامادە دەبوون لەکاتێکدا کە ساحیرەکە خەریکی سیحر بوو بە نوشتەو بەبخور ئەمانیش تەقەیان لە کەڵەشێرەکەدا دەکرد جا ئەگەر بیان پێکایە ئەوا گەنجینەکە ئەکرایەوە وە ئەگەر نەشیان پێکایە ئەوا ژیانیان ڕووبەڕووی مەترسی دەبوویەوە.

جارێکیان هەموو ئەم قۆناغانە تەواو بوون بێجگە لە هەنگاوی کۆتایی.

چەند پیاوێك سوێندیان خوارد کە جامەکە فڕی و زەویش درزی بردوو کەڵەشێریشیان بینی هاتە دەرەوە وە بیستیان کە قوقاندی ئیتر نیشانەیان تێ گرتبوو بەڵام بخورەکە تەواو بوو بوو کوژابوویەوە ئیتر شوێنەکە تاریك بوو بوو جا ئەگەر ساحیرەکە ناوی خوای نەبردایە ئەوا هەموویان دەمردن چونکە خۆیان ئەبوونە تەڵەوە!

ئیتر پیاوەکەش ڕۆشت تا بخور بهێنێ بەردەوام تا ئەمڕۆش چاوەڕێی ئەو یان (مەغریبییەکی) تر ئەکەن!

ئای بەس ئەگەر ئەم کتێبەی دەست ئەکەوت ئیتر هەموو شتێ لە ژیانیا ئەگۆڕدرا بەڵام ئەو کەسەی کە ئەم کتێبەی هەبوو زۆر ڕشت و چاوچنۆك



Scanned with CamScanner

بوو کتێبەکەش سەرچاوەی سامانێکی خەیاڵی فریو دەر بوو هەرچەند کە سامانەکە بنبڕ کرابوو چونکە بەخوری پێویست دەست نەئەکەوت هەر ئەبوو مەغریبییەك بەڕێی هەڵدێران و پڕ مەترسیدار بێت و بیهێنێ... ئەم کوڕەش کە کتێبەکەی هەبوو بەردەوام چاوەڕێی ئەکرد هەروەك بە بەردەوامی هەندێ ئەزموونی گونجاوی کتێبەکەشی تاقی ئەکردەوە ، تاوەکو بە یەك جگاری ئەم گەڕانەی تەواو بوو بەرەو دونیای ئازادو ڕەهاو بێ کۆت ڕۆشت لەوێ گەنجینەکانی بەبێ نوشتەو سیحر ئەدۆزرێتەوە نە بخور بەکار ئەهێنێ و نە کتێب ئێستا ئەو چێژ لەم دونیا جوان و ڕەهایە دەبا وە چێژ لەم گەنجینە گرانبەهاو بەنرخانە دەبات..!!!

بەڵام مناڵەکە ڕازی بوو بەکتێبەکانی بەردەوام بەکڕیارێکی دڵسۆزی مام صالح مایەوە بەرە بەرە کتێبخانەکەی بوو بە سەرچاوەی بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری بەردەوام بەوەی کە کۆمەڵێك کتێبی گرانبەهای تیا کۆبوویەوە بەدرێژایی ساڵ ئەخوێنران.! بەڵام لە دوو ساڵی کۆتایی مانەوەی لە گوندەکەدا پێشکەوتنێکی گەورە لە کتێبخانەکەیدا ڕووی دا کە بە خەیاڵی کەسدا نەئەهات!

ئەمەش لەکۆتایی جەنگی گەورەی ڕابردوودا بوو کە لە قوتابخانەدا مامۆستایەکی گەنج هەبوو هەستی نیشتمانی هەبوو ئەمە لەکاتێکیشدا کە باوکی مناڵەکە ئەندامی لیژنەی حیزبی نیشتمانی بوو وە هاوبەشیش بوو لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەدا وەماڵیشیان شوێنی کۆبوونەوەی پیاوە

ئیشتمانییەکانی گوندەکەو ماموٚستا گەنجەکە بوو کە هاوڕێیەتییەکی پتەوی لەگەڵ باوکی منداڵەکەدا هەبوو.

لەم کۆبوونەوانەشدا چەندین باس دەکرا هەندێکیان منداڵەکە بەشداری تێدا دەکردن و هەندێکیشیان نهێنی بون کە کەس پێی نەئەزانین وە هەمیشە ئەم ناوانەی بەرگوێ ئەکەوت: (عەبباس ئەفەندی) و (شێخ عبدالعزیز جاویش) و (موحەممەد فەرید) و (ئەنوەر پاشای تورکی) و (تەلعەت) و (ڕەئوف) خۆی و کەشتییەکەی (حەمیدیە) کە دوژەخی هێنابوویە بەرچاوی هاوپەیمانەکان! وە هەروەکو ئەفسانە جەنگەکانی ئەگێڕدرانەوە!

هەستی گوندەکە هەمووی بەرەو تورکیا بوو کە دەوڵەتی خەلافەت بوو دژی هاوپەیمانەکان کە نوێنەری (کوفر) بوون و بەر بەرەکانێی دەوڵەتی ئیسلامیان دەکرد!

وا دیار بوو کە هەستێکی دیاری کراو هەیە ئەشاردرایەوە ئەو ئێستا ئەوەی لە یادە بەو منالّییەی پێشبینی شتێکی ئەکرد – لەم پیاوانە – شتێکی پەنهان و نادیار بەڵام هەر شتێك ڕوو ئەداو تەواو. ئەو کۆبوونەوانەی کە بە نهێنی لەماڵی ئەماندا ئەگێڕان و دەرگاکان دائەخران و بەچرپە قسەیان ئەکرد شتێکی نادیاریان ئەخستە مێشکی ئەمەوە کە نەی ئەزانی چییە.

وردە وردە لەگەڵ گەورەکاندا بەشداری دەکرد بەهۆی ئەوەشەوە کە گەشتبووە پۆلی چوارەمی سەرەتایی ئیتر زۆرجار لە بری باوی ڕۆژنامەی

دەخوێنندەوە کە ژمارەیەکی زۆر لەماڵیاندا ئامادە دەبوون بۆ گوێ لێ گرتنی. بەهۆی ئەمەو سەرکەوتنی لەقوتابخانەدا سەرنجی ماموٚستاکەی بۆ خۆی ڕاکێشا بوو وە لە وانە عەرەبییەکاندا زۆر زیرەك بوو.... جگەی ئەمەوە دوو کتێبی گەورەی دابەلاوە بەلاَم بەلای منالەکەشەوە ئەم دوو کتێبە شتێکی ترن جیان لە کتێبخانە گەورەکەی ئەو بەو هەموو فرە ڕەنگییەیەوە . یەکێکیان دیوانی پیاوێك بوو ناوی (سابت جەرجاوی) بوو ئەوی تریشیان کتێبێکی مێژوویی بوو نووسەرەکەی موحەممەد بەگ خەزەری بوو کە وێنەی عەبباسی دووەم لە پێشەکییەکەیدا بوو کە بە شان و باڵی سەروەرییەکانیدا هەڵی ئەدا.

دیوانی یەکەم هۆنراوەی نیشتمان پەروەری لەخۆ دەگرت منالەکە ئێستا ئەزانێ کە ئەم هۆنراوانە لە لوتکەی لاوازی و سادەییدا بوون. بەلاَم لەو کاتەدا لەچاو ئەمدا ئەم هۆنراوانە موعجیزەی موعجیزە بوون باشترینی بڕگەکانی لێ لەبەر دەکرد وەکو:

اسلك بنى مناهج السادات

وتخلقن بأشرف العادات

یان:

احسن إلى الناس تستعبد قلوبهم

فطالما استعبد الأنسان إحسان



Scanned with CamScanner

یان: ذو ئەسبەعی عدوانی ئامۆژگاری کوڕەکەی ئەکات و ئەڵێ: (دەست بەماڵ و سامانەوە بگرە چونکە ماڵ و سامان ئامرازی ڕێزدارانە پشتیوانە بۆ کات و هێزی ئایینە،
وە خۆشەویستی نێوان برایانەو پشت و پەنایە بۆ ڕووداوەکانی زەمانە...) تاوەکو کۆتایی کە هیچ پەیوەندییەکیشی پێیەوە نەبوو تەنهاو تەنها قسەیەك بوو لەبەری دەکرد.
لەم دیوانەشدا چەند قسەیەکی بەدی دەکرد کە ئاوی گیانی نیشتمان پەروەری ئەدا لە ناخی دا ئەو گیانەی کە کەش و باری ئەو خێزانە هەڵی ساندبوو کە تیایدا ئەژیا هەروەها ئەو کەش و بارە گشتییەش کە پڕ بوو لە تەزووی کارەبایی شاراوەو ئامادەی تەقاندنەوە بوو.
ئێستاش چەند بڕگەیەکی لەیادە وەکو:

وطنی عزیز لا أروم سواه
مهما تسورت تاعدا مبناه!
امسی واحطوا من عناه علی نطی
یبدی نشیده للحلا معناه!
لەکۆتاییشدا:
ما ثابت الجرجاوی قال مؤرخا
وطنی عزیز لا اروم سواه!



Scanned with CamScanner

نرخی ئەم دیوانە لەبەر چاویدا زیادی کرد کاتێ کە زانی خاوەنەکەی زیندانی سیاسییە وە ئەم دیوانەش بۆ ئەو کاتە سەرچاوە بوو بۆ حوکم بەسەر دادان بە حوکمە عورفییەکان.
کتێبە مێژووییەکەش زۆر خۆشەویست بوو لەلای دا کە خاوەنەکەی لەکۆتایی پێشەکییەکەیدا نووسی بووی:
( لەوانەیە جارێکی تر ئەم کتێبە چاپ نەکرێتەوە تا ئەو کاتەی کە ئەم بڕگانەی تیا بسڕنەوە) مەبەستی ئەو بڕگانە بوو کە بە شان و باڵی (خدێو عەبباس حلمی دووەمی)دا هەڵئەدا.
کەواتە دوو کتێبی دەگمەن و بەنرخ لەبەر دەستیدان پێکهاتەیەکی نیشتمان پەروەریان تێدایە کە دەروونە تینووەکەی ئەم تامەزرۆی ئەم خۆراکەیە جا لەبەر ئەوەی کە بەلای ئەمەوە ئەم دوو کتێبە هاو وێنەیان نەبوو وە خاوەنەکەشیان دەست بەرداریان نەئەبوو ئیتر بەشێوازێکی تر پارێزگاری لێ کردن. لەو چەند ساڵەی ڕابردووی خوێندنیدا چەندین پەڕەی سپی کۆکردبووەوە ئیتر یەك دەفتەری گەورە لە پەڕەی سپی پێك هێنابوو بەلاّم قەڵەم و پاندان ئەوە بەردەوام دەستی ئەکەوتن... ئیتر زۆر بە ئارامی و تێکۆشانەوە دێڕ بە دێڕی ئەم دیوانەی لە دەفتەرەکەیدا نووسییەوە وە پێشەکی کتێبە مێژووییەکەشی نووسییەوە کە جارێکی تر چاپ نەئەکرایەوە تاوەکو ئەو بڕگانەی تیا نەمێنێ!
ئەو ئەمڕۆ سەرسامە بەخۆی کە چۆن توانی هەستێ بەم کارە وە لەوە سەیرتر هەموو دیوانەکەی دێڕ بە دێڕ لەبەر کردبوو کە تا چەند ساڵێکی



Scanned with CamScanner

دواتریش هەر لەیادی بوو! وە کاتێکیش کە بە گوندەکەدا ئەڕۆشت و باسی پارێزراوە تازەکانی ئەکرد بۆ هاوڕێکانی و شانازی ئەکردو ئەیوت کە ئەمە هۆنراوەی کەسێکی زیندووی ئەم ڕۆژگارەیە کەس باوەڕی پێ نەئەکرد... چونکە شیعر تایبەتمەندییەکی عەرەبییە بەدانیشتوانە یەکەمینەکانی جەزیرەی عەرەبییەوە وە کەسیش پاش ئەوان ناتوانێ یەك دێڕ شیعر بنووسێ.

ئەوان ئەوەیان نەئەزانی کە شاعیرانی تری زیندوو هەن و ناوی یەکێکیان شەوقی و ئەوی تریشیان حافز بوو - بەڵام منداڵەکە مامۆستا گەورەکەی ئەمەی پێ ڕاگەیاندبوو - ئیتر کەسێك نەبوو بەرپەرچی ئەوە نەداتەوە کە بانگەشەی بۆ دەکرد کە باوەڕ پێکردنیشی ئاسان نەبوو!

جا لەبەر ئەوەی کە ئەو زۆر سوور بوو لەسەر بەڕاست چەسپاندنی بانگەشەکەی ئیتر گرەویان کرد کە ئارام بگرن تاوەکو هەندێ کەس لە قاهیرەوە بێتەوە لەوانەی کە لە زانایانی ئەزهەرەوە فێر دەبن وە یان کەسێك قوتابی خانەی زانستە (دار العلوم) وە یان کەسێك کە قوتابی مافە ئیتر ئەو کاتە گوندەکە ڕاپەڕینێکی گەورەی ئەنجامداوە کە ڕاپرسی بکەن سەبارەت بەم کێشە ترسناکە تاوەکو بگەنە بڕیارێکی درووست!

بەڵام ئەو زۆر دڵنیا بوو کە لەم سەردەمەدا کەسانێك هەن کە شیعرو پەخشان دەنووسن هەروەك کە لە کتێبەکاندا دەیخوێنێتەوە بەڵگەشی لەسەر: وزنی شیعر ئەم دیوانەو ئەوەی کە مامۆستاکەی پێی وتبوو دەربارەی شەوقی و حافز. وە بەڵگەشی لەسەر پەخشان ئەو پارچە



Scanned with CamScanner

پەخشانە بوو کە لە تاقی کردنەوەدا بۆیان هاتبووەوە کە خودی ماموستاکەی خۆی داینابوو: (سەیری حوشتر بکە دەبینی ملی درێژەو سەری لاکێشە بۆیەش وا درووست کراون تاوەکو لەگەڵ لاشەیدا هاوسەنگ بن...) ئەمەش باشترین پەخشانە! وە دەستکردنی مرۆڤێکی هاوچەرخیشە! ئینجا پاشتریش بیستی کە ئەو پیاوەی لە مەڵبەنی زانست ئەخوێنێ و لە پشووی هاویناندا دێتەوە لە مزگەوتەکاندا وتار ئەداو وتارەکەش لەداتانی خۆیەتی و لەکتێبەوە دەری ناهێنێ. بەڵام بۆ ئەمەیان گومانی هەبوو هەرچەند کە خزم و کەس و کاری سوێندیان دەخوارد لەسەر درووستی ئەم موعجیزەیەو بینیویانە کە (لەمێشکی خۆیەوە دائەرێژێ) وە هیچ لەکتێبەو ناهێنێ!

وە کاتێکیش کە فوو بە کەرەنادا کرا بۆ شۆڕشی گەورەی میسری ئیتر ئەم ماموستایە لە بەرامبەر ریزەکانی قوتابیان وەستاو وتارێکی ئاگرینی نیشتمان پەروەرییانەی بۆ دان وە پێشی وتن: قوتابخانە تا کاتێکی دیاری نەکراو دادەخرێ چونکە ئەو و هاورێکانی بۆ کارکردن دەرۆن لەم شۆڕشەدا کە ئەمەش ئەرکی هەموو مرۆڤێکە!

وە موعجیزەش ڕووی دا کە هەندێ جار گومانی لێ دەکردو هەندێ جاریش باوەڕی پێ دەهێنا: موعجیزەکەش لەسەر دەستی ئەو ڕووی دا کە بە جۆش و خرۆشی شۆڕش گێرانەوە دەرئەچوو وتاری ئەنووسی و چەند دێرە شیعرێکی تێدەکرد – وای ئەزانی کە بە کێش و سەروان بەڵام بێ سەرو بەر بوون –لە مزگەوتەکاندا ئەیخوێندنەوە ئیتر هەموویان



Scanned with CamScanner

ووریان بەم شۆڕشە پیرۆزەدا دەکرد تا وایان لێ هات هەموویان گوێیان بۆ هەر هوتافێکی شۆڕش دەگرت هەرچەند ئەو منداڵێکی بچووك بوو تەمەنی نەگەشتبووە دە ساڵی.!
وە ناوی پیرۆزی ئەو کاتەش.... سەعد زەغلول بوو...

## ٨

## یاسای دزەکان

منداڵەکە توانی زاڵ بێت بەسەر ئەفسانەی خێوەکاندا و بەکووچەو کۆڵانە پێچاو پێچەکانی گوندەکەدا بەبێ ترس یان بەشێوەی نیمچە ترس ڕێ بکات.... بەڵام نەی ئەتوانی خۆی بەسەر ئەو ترس و بیمەدا زاڵ بکات کە باڵی کێشابوو بەسەر ناخی دا لەو کاتانەدا کە ڕووبەڕووی ئەو گیاندارە بەهێزو ترسناکە دەبوویەوە... کە ناوی حەرحور بوو!
لەگەڵ ئەوەشدا حەرحور ڕووی خۆش بوو لەگەڵی کاتێ کە بە بەردەم ماڵەکەی دا تێ ئەپەڕی و ئەڕۆشت بۆ ماڵی باپیری وە ژنەکەشی کە هەمیشە لە بەردەم دەرگا کراوەی ماڵەکەیاندا دائەنیشت و چاودێری هاتووچۆکەرانی دەکرد بەڵام پیاوەکەی لەسەر (شۆستەی) دەرەوەی ماڵەکە دائەنیشت و بەزۆری تێلاکەی و هەندێ جاریش گالۆکێکی بەدەستەوە دەگرت. لەگەڵ ئەوەشدا ژنی ئەم پیاوە چاوی بۆ ئەنووقاندو



Scanned with CamScanner

نهخهنییهوه بۆی و بانگی ئهکرد بۆ لای خۆی بهڵام ئهو ههر له حهرحور ئهترسا بهردهوام ڕاڵیشی له ژنهکه بوو. ئهنانهت پاش ئهوهی که کهمێك گهورهش بوو توانی بیر بکاتهوه!

جا ئهم حهرحوره دز بوو بهڵام تاقه دزی گوندهکه نهبوو بهڵام تهنها ئهو لهنێو ههموویاندا هۆکاری ترس و بیمی بوه و که ئاواته خواز بوو ڕووبهڕووی شهیتان ببێتهوه نهك نه به ڕۆژ نه به شهو چاوی بهم پیاوه بکهوێ.

ژنهکهی حهرحور خهڵکی گوندهکه نهبوو بهڵکو له بنهڕهتدا (قهرهج) بوو که به گهنجی عاشقی حهرحور بوو بوو (ئیتر ڕفاندبووی) ههروهك خهڵکی گوندهکه له دهمی ژنه عاشقهکانهوه ئاوا باسیان ئهکرد پاشتریش مارهی کردبوو. ئهم ژنه عاشقی بوو بوو چونکه ئهو یهکێك بووه له جهربهزهکان (کوڕانی شهو) ههروهك که دزه نهگریسهکانیان ئاوا ناو ئهنا ئهوانهی که له کوشتن سڵیان نهئهکردهوه ئهوانهی که له سهرچڵیهکانیاندا کوشتنیان کردبووه خۆشهیان . ئهم ژنه سێ کچی لێی بوو ههر ههموویان وهکو دایکیان پهروهرده دهکران ناوبانگی تایبهتیان فری بوو ئیتر ماڵهکهو ههموو ئهوانهی تیای بوون بوو بوونه سهرچاوهی ترسی ئهو دایکانهی که لێ ئهڕفاندن ! ئهم مناڵهش زڕبرایهکی ههبوو که نهوهیهکی تهواو لهم گهورهتر بوو بهڵام ئهم گهنج بوو وه پهیوهندیشی بهم ماڵهوه ههبوو وه ههموو خێزانهکهش بهترس و بیمهوه باسی ئهم پهیوهندییهیان دهکرد



Scanned with CamScanner

مناڵەکەش هەر ئەمەی بیستبوو سەبارەت بە درووستی کارەکە هیچی، نەئەزانی ئەو وا بیری ئەکردەوە کە ئەم ماڵە بەڕاستی گەنجەکان دەڕفێنێت و جارێکی تریش نایەنە دەرەوە. جا لەبەر ئەوەی کە ئەم برایەی خۆش نەویست ئیتر هەمیشە خەمی ئەوی لێ نیشتبوو لەم لانە نەفرەتییە!

پاشتر ڕاستییەکەی زانی. وە ئەم زانینەشی بێجگە لە ڕق و کینە هیچی تری زیاد نەکرد بۆ پاڵی ترس و بیمەکەی... ئیتر بەو جۆرە بەردەوام خۆی بە دوور دەگرت لەم لانە ترسناکە... تاوەکو گوندەکەی لە تەمەنی هەرزەکارییدا بەجێ هێشت... بەڵام تا ئێستاش دەرك بە شتێکی شاراوە ئەکات هەر کە بە لای ئەم ماڵەدا تێ ئەپەڕێ!

************

حەرحور بە تەنها هەر ئەو لە گوندەکەدا نەبوو.. بەڵکو دزی کردن لە گوندەکەدا پیشەیەکی دان پیانراو بوو لەزۆربەی کاتدا! پیشەیەك بوو کە پێشینەو ڕێوڕەسمی خۆی هەبوو بەڵکو یاسای زانراوی لای هەموویان هەبوو. ئینجا ئەمەش بوارێکی کراوە بوو بۆ گەنجانی هەموو چینێك – تەنانەت کوڕانی خاوەن سەرمایەکانیش ئەوانەی کە پێیان ناوترێ–لەبەر ئەوە دزی ئەکەن تا بژین – بەڵکو ئەمە سەرشێتییەك بوو کە گەنج هەر کە پێدەگەشت پیادەی دەکرد بۆ دەرخستنی ئەو هێزە شاراوەیەی کە لە لاشەیدا هەبوو کە بێجگە لەم چالاکییە قێزەونەی شەوە هیچی تری نەبوو تا هێزی خۆی پێ دەربخا. زۆربەی ئەمانە پەیوەندییان بە پێشەنگی دزەکانەوە دەکرد – کوڕانی شەو. سەر چڵەکان. پیاوەکان کە



Scanned with CamScanner

ئارەزوومەندی ئەو سەر چڵیانە بوون کە ئەیان بیست ئەو سەر چلییەی کە کەس لێی ناڕازی نەبوو بەڵکو مایەی سەرسوڕمان بوو لەبری ناڕازی بوون (ئەمەش پاشماوەی داب و نەریتی عەرەبە دەشتییەکان بوو کە لە ژینگەی میسریشدا پێی خۆی داکوتی بوو کە سەرچڵی و ماڵبڕین بە پاڵەوانێتی و ئازایەتی دائەنرا)!

تایبەتمەندی ئەم پێڕە ئەوە بوو کە شتی بەدەست هاتوویان بەش نەئەکرد ، بۆ ئەوە دەرنەئەچوون کە دزی بکەن بەڵکو دەرئەچوون بۆ ئەنجامدانی سەرەڕۆیی جا ئەگەر پێشەنگەکەیان شتێکی بەسەر بهاتایە ئەوا بەشەکەی خۆیان بەجێ ئەهێشت بۆ پێشەنگ یان ئەیاندا بەو کەسەی کە کەسێکی زۆرداری خێزانەکەی ڕێگرە لە بەردەمیدا کە بەشدار بێت وە یان ئەیاندا بەو کەسەی کە زیندانی بوو یان ئەو کەسەی کە لە ڕووداوێکی پێشووتردا بریندار بوو بوو. ئیتر بەردەوام بەشەکەی بۆ کەس و کاری ئەنێردرا کە ئەم بەخێوی کردبوون تاوەکو ئەگەڕایەوە بۆ ئەنجامدانی کارە بەرزو بەناموسەکەی!

ئەمەش یەکێك بوو لە یاسای دزەکان... یاسایەکی تریش (پیاو بۆ پیاو) بوو ڕاڤەی ئەم دەقەش واتە ماڵێك نابڕێت کە پیاوی تیا نەبێ یان پیاوی پەك کەوتەی تیا بێ... وە ئەو دزەی کە ماڵی بێوەژن یان کەسی پەککەوتەی ئەبڕی ئەو دزێکی (پیسکە) بوو هاوڕێکانی و خەڵکی گوندەکە هەمووی ڕقیان لێی بوو لەکاتێکدا دزە گەورەکان ئەوانە بوون



Scanned with CamScanner

کە ماڵی کەسانی بەهێزو خاوەن سەرمایەیان دەبڕی ئەوانەی کە جێی ڕێزی هەمووانن و ئەوانەی کە بە سام و هەیبەتن لە لای هەمووان!
یاسایەکی تری دزەکان ئەوە بو کە گوندەکەیان بەش کردبوو هەر بەشێك تایبەت بوو بە پێشەنگێك یان تاکێك ، بۆ پێشەنگێکی تر نەبو کە دەست درێژی بکاتە سەر بەشی تایبەتی هاوڕێکەی ئەگەرنا بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەم سووکایەتییە خوێن دەڕێژرا تاوەکو ئەم شەرمەزارییە بسڕڕێتەوە کە بوو بوویە دەنگۆ لای هەمووان کە نرخی ئەو پێشەنگە یان ئەو دزە گەورەیە نە لە گوندەکەو نە لە گوندەکانی دەورووبەردا نەئەما!
هەندێ جار دزێك یان پێشەنگێك سەرانەی لە هەندێ خەڵك وەرئەگرت لە بەرامبەر پارێزگارییەکی تەواو لە هەموو دزییەك جا هەر کە یەکێکی تر دەست درێژی بکردایەتە سەر ئەو کەسەی کە چێژ لەم پارێزگارییە دەبا ئەوا دەست درێژی بوو بۆ پارێزگارییەکەو بۆ خاوەنەکەی کە دەبوو شتە دزراوەکە بەبێ (شیرینی) بگێڕێتەوە یان خوێنی ئەڕژاند بۆ چاککردنەوە شەرەف و ڕێزی ! جا ئەم شیرینیە زۆر کارێکی سەیر بوو: کاتێك کە دزی لەماڵێك یان لە کێڵگەیەك دەکرا کە مەڕو ماڵات یان ئامێری ئاودێری ئەدزرا کە ئاوی زەوی و زاری پێ ئەدێرا لەڕۆژانی بێ ئاویدا. وە لە سەدا نەوەدی ئەم دزیانەش هەواڵی ئەگەیەنرایە لای کوێخای گوندەکە بە هەمان شێوەی ڕووداوەکانی کوشتن ئەویش بۆیە ئاگادار ئەکرایەوە تاوەکو لەڕێیەوە لەبری دزی پارێزگارییان بۆ دابنرێ. وە یان هەواڵ ئەدرایەی بنکەی پۆلیس وە زۆر بە کەمیش هەڵدەکەوت کە کەسێکی

هەڵخەڵەتاو کاری دزییەکە بگەیەنێتە پۆلیس ئیتر ئەو شتەی کە لێی دزرابوو بۆ هەتا هەتایی لەدەستی ئەچوو! بەزۆری ڕێگای بەکارهاتوو ئەوە بو کە بەیانی ئەبوویەوە ئیتر هەموو گوندەکە ئەیانزانی کە ماڵی فلان کەس یان کێڵگەکەی دزراوە... فلانە کەسی گوندەکە یان دزەکانی گوندی دراوسێ دزیویانە هەمووشیان ناسراو بوون. وە بۆ هەر تاقمێك لە دزەکان (سەرکردەیەکیان) هەبوو کە پیاوێك بوو لەماڵەوە دادەنیشت دزراوەکانی دابەش دەکرد بەبێ ئەوەی بەشداری بکات لەسەر چڵییەکەدا وە بەشی دیاری کراوی خۆیشی هەبوو...

جا کەسی خاوەن شتە دزراوەکە ئەچوو بۆ ماڵی ئەم سەرکردەیەو پرسیاری لێ ئەکرد: شتەکە لای تۆیە؟! جا ئەگەر لەلای ئەو بووایە زۆر بە دڵنیایی و بێ ترس بە بەڵێ وەڵامی ئەدیەوە. وە ئەگەر لای ئەم نەبووایە ئەوا بەخاوەن شتەکەی ئەوت لای فلانە کەس – سەکردەیەکی تر – یان ئەیوت (شتەکە ونی ون بووە) واتە تیا چووەو هیچ ڕێگە چارەیەکیش سوودی نییە... زۆر بە کەمی دزەکان ئەترسان کە مەڕو ماڵاتەکە سەر ببڕن و بەگۆشتی بیفرۆشن یان شتە دزراوەکە بفرۆشن بە تاقمێکی تر لەشوێنێکی دوور تا لە ئەستۆی بگرێ مەگەر بۆیان ڕوون ببوایەتەوە کە بواری شاردنەوەی لای خۆیان کەمە...

ئەگەر سەرکردەکە بیوتایە: شتەکەی لایە یان لە سنووری تایبەتییەکانی ئەودایە ئیتر دەست ئەکرا بە ڕێککەوتن لەسەر (شیرینیەکە) واتە ئەو کرێیەی کە خاوەنی شتەکە ئەیدا بۆ ئەوەی دزراوەکەی بۆ بگێڕێتەوە.



Scanned with CamScanner

کە بە زۆریش نیوەی نرخەکەی بوو پێکهاتنەکەش لەوێوە دەستی پێ ئەکرد کە سەکردەکە بڕی ویستراوی ئەوت ئیتر خاوەن شتەکە بە داماوییەوە وەڵامی ئەدایەوە بەهۆی زۆری سەپاندنەکەوە لەوانەشە لەم ستەم لێکردنەشدا بیوتایە کە ئەو کەسێکی هەژارەو شایەنی بەزەییە! بەزۆریش ئەم پاڕانەوەیە کاریگەری هەبوو لەسەر پێکهاتنەکەو ئیتر کەمێك شیرینییەکەی دائەبەزاند... ئەمە ئەگەر سەری بگرتایە بۆی... بەڵام ئەگەر سەرکەوتوو نەبووایە ئەڕۆشت و (ڕاسپێرێکی) بۆ دەنارد کە ئەیتوانی شیرینییەکە کەم بکاتەوە وە بیانووی سەرکردەکەش ئەوە بوو کە ئەیوت ئەم کارە هی خۆی نییە بەڵکو تەنها (ڕاسپێرراوی چاکەیە) لەوەڵامیشدا هەمیشە ئەمەیان دەوت: (نا فلانەکەس هەموو شتێ بەدەست تۆیە وە ئێمەش ناسراوین) ئا لەم جۆرە دەربڕینانە تاوەکو کۆتایی ئەهات بەوەی کە کرێکە بدەن و دزراوەکەش بگێڕنەوە وە بە دڵنیاییەوە ئەیانگێڕایەوە جا شەرەفمەندی – بەڵێ بەڕاستی شەرەفمەندی – ئەمەی جێ بەجێ دەکرد لەیاسای دزەکاندا!

وە ئەگەر شتە دزراوەکە بگێڕدرایەوە پاش پێدانی شیرینی یان بەخشش ئەوا یاسای دزەکان فەرمانی دەردەکرد کە ئەوەی گێڕدراوەتەوە ئەوا پارێزگاریان لێ ئەکرد لە دزینێکی تر شەرەفمەندی ڕێی نەئەدا بەدووجار دزینی شتێك! جاری وا هەبوو ئەم پارێزگاری کردنەش تایبەتی دەبوو وە جاری وەهاش هەبوو کە گشتگیر دەبوو. یەکەمیان واتای وابو کە تاقمەکە یان دزەکە جارێکی تر نەئەگەڕایەوە بۆ دزینی شتە گێڕدراوەکە. بەڵام



Scanned with CamScanner

دووەمیان واتای وابوو کە ئیتر ئەیپارێزیٚ لە هەموو دزەکانی تر وە دەست درێژیش بۆ سەر ئەمە بەدەست درێژی ئەزانی بۆ سەر نامووسی!

*************

بەڵام ئەگەر خاوەن شتەکە ڕێگا یاساییەکانی تری بگرتایەتە بەر ئەوا ئاغا بنکەی بۆ ئاگادار ئەکردەوە - چونکە ئیتر کەسێکی تر بەشەرەف بوو ..! - ئا لەم کاتەدا کارەکە کۆتایی ئەهات دزراوەکەش ون دەبوو وە خاوەنی شتە دزراوەکەش ئەبووایە خۆی ئامادە بکات بۆ دزییەکی تر کە کەس پارێزگاری لیٚ نەئەکرد... مەگەر چی چاوی بکەوتایە بە کەسێکی بە ئاگای خاوەن ماڵ یان پاسەوانێکی لەخواترس... کە ئەمانەش زۆر کەم بوون...!

***************

ماڵ بڕین یان کێڵگە بڕین هەمیشە بۆ دزی نەبوو بەڵکو ئەکرا بۆ تۆڵە سەندنەوە بێت ، کەسی نەگریس هێرشی ئەکردە سەر ماڵەکەو سکی مەڕو ماڵاتەکەی هەڵئەدڕی وە یان بە (شیشێک)ـی ژەهراوی یان پاك ناو سکی ئاژەڵەکانی کون ئەکرد بۆ ئەوەی تۆڵە لە خاوەنەکەیان بکاتەوە نەك بۆ دزینیان وە یان هێرشی دەبردو ئامێرەکانی ئاودانی تێك ئەشکاندو ئەسووتاند وە یان حەوزو کێڵگەکانی تێك ئەدا لەپێناو تۆڵەدا...
ئا لەم بارانەدا بواری (شیرینی) نەبوو بەڵکو تەنها تۆڵە بە تۆڵە بوو.. کە زۆربەی کات ئەمەش ڕووی ئەدا وە یان زۆر بە جوانی کێڵگەو مەڕو ماڵاتەکەی ئەگێڕایەوە بۆ دزەکە! - وە زۆربەی دزەکانیش کێڵگەو مەڕو



Scanned with CamScanner

ماڵاتیان هەبوو ئەوە بێ گومان ماڵیشیان هەبوو – وە یان بۆی دائەنیشت تا بە هەر ئامرازێک بێت بیکوژێت... وە زۆر بە دەگمەنیش بنکە لەم ڕووداوە ئاگادار دەکرایەوە بۆ بەدواداچوون کە نوێنەرو پزیشکی شەرعی ئامادە دەبوو کاتێ کە کارەکە دەکرا وە گوندەکەش ئەهاتە لەرزین بە ئامادەبوونی بەرپرسەکان.... وە ئەمەش زۆر بە کەمی ئەگەشتە ئەنجام چونکە بەزۆری کەسی بەرامبەر دیار نەبوو... ئەمەش یان بەهۆی ترسەوە بوو لە بکەری کارەکە وە یان خۆیان وایان دەویست تاوەکو بەتەنها کاری لەگەڵدا بکەن تا دەستەو سان نەبن لەتوڵە سەندنەوەی خۆیان چونکە تەنها کەسی لاوازو بێ دەسەڵات پەنای ئەبردە بەر حوکمەت!

ئا لەم جۆرە ڕووداوانەشدا کوشتن ڕووی ئەدا بۆ توڵە سەندنەوە... ئەم ڕووداوانەش هەمیشە دووبارە ئەبوونەوە وە ئاگریشیان نەوە دوای نەوە بەمیرات دەمایەوە وا ڕێک دەکەوت پیاوێک بکوژرێ کە یەک کوڕی بچووکی هەبێ ئیتر بەردەوام دایکی و خەڵکی گوندەکە چیرۆکی باوکە کوژراوەکەیان ئەدا بەگوێی دا تاوەکو ئامادەی توڵەسەندنەوە دەبوو تەنها بەوەی کە پشتی بەهێزی بازووی ئەبەست لەم کاتەشدا بۆ کوژراوەکە پرسە ئەگێڕدرا ئەگەر نا ئەوا کەس و کارەکەی شەرمەزار بوون لەگوندەکەداو سەریان بەرز نەئەکردەوە تا توڵە نەسێننەوە.

وە بە زۆریش وا ڕێک ئەکەوت کە تاوانی کوشتن ڕووی نەدا تاوەکو ئاغا چەند ڕۆژێک پێش ئەوە ئامادەگی نەبوو.



Scanned with CamScanner

وە خەڵکیش وا ئەم ڕێککەوتنانەی لێک ئەدایەوە کە لەم کارەدا نهێنییەکی دیار هەیە... جا هەموو جارێ ئاغا بەرپرس نییە نە لە تاوانی کوشتن و نە لە ئامادەکردنی شایەت و کەسانی کێشە چونکە ئەو نە لە پێش نە لە پاشی ئەم ڕووداوانە بە چەند ڕۆژێک ئامادە نەبووە.

*****************

دوو ڕووداو لــە ڕووداوە ترســناکەکان هێــشتا لــە خــەیاڵ و یادگــاری منداڵەکەدان:

یەکەمیان: ئەو ڕۆژە بوو کاتێ کە پووری و مێردەکەی و منداڵەکانی لەخەو هەستان بینیـان هـەموو ئاژەڵـەکانیان سـکیان دەرهـاتووە یـان هـەناویان دەرهاتووە وە یان ماددەیەکی ژەهراوی کراوە بەناو سکیاندا...

وە لەم ڕووداوەشدا دڵڕەقییەکی قێزەون بەدەر ئەکەوت ئەتبینی ئەم چوار پێیانە بەهۆی ئازارێکی کوشندەوە ئەتلانەوە هیچ تاوانێکیان نەبوو تـەنها ئـەوە نـەبێ کەسـێکی نەگریـسی ناپـاک ویـستوویەتی بـەم تۆڵـە ڕسـوایە تۆڵەی خۆی لە خاوەنەکەیان بکاتەوە!

ئەوەی کە لە یادییەتی نوێنەرو پزیشکی ڤێتەرنەری ئامادە بـوون هـەوڵی دا کـە ئـەم ئاژەڵانـە بـەپێی توانـا ڕزگـار بکـات بـەڵام نائومێـد بـوو تـەنها گوێرەکەیەکی بچووک نەبێ کە ناوسکی شۆرد ئیتر ژیا لەکاتێکدا هـەموو ئاژەڵـەکانی تـر پاش هاوارو تلانەوە تیا چوون کـە فرمێسکی بـە چاوی مرۆڤدا ئەهێنا.



Scanned with CamScanner

ئەم جارەیان (حەکیم) سەرچاوەی ترس و بیم نەبوو بەڵکو خەڵکی وا هەستی ئەکرد کە ئەو پەیامبەری سۆزو میهرەبانییە تەنانەت بۆ ئاژەڵانیش!

بەڵام ڕووداوی دووەم ئەو نەیبینی بوو بەڵام چیرۆکەکەی بیستبوو کە دەیەها جار ئەگێڕدرایەوە... بوو بوویە قسەو باسی گوندەکە بە ژن و پیاو و منالییەوە ، موچرکەی بە جەستەی دا ئەهێنا بەڵام هەر ئامادەی چیرۆکەکە ئەبوو وە خەیاڵیشی بەترس و لەرزەوە شوێن دیمەکانی دەکەوت! ئەو ڕووداوەش سێ گەنج بوون یەکێکیان کچی مامێکی خۆی هێنا بوو پاشان مامی ویستبووی بەزۆر کچەکەی پێ تەڵاق بدات (بەڵام ڕازی نەبوو) ئیتر لە دادگای شەرعی بە زۆر داوایەکی لەسەر تۆمار کردبوو. ڕۆژێك لەڕۆژی دانیشتنەکان ئەو گەنجە ڕۆشتبوو بۆ دادگا – لە بەندەر – دوو براکەشی لەگەڵدا بوو بوون ، نێوان گوندەکەو بەندەریش بە کێڵگەی سەوز داپۆشراوە ڕێگەکەش تەنگە لانە بۆ ئەوانەی کە بەسەر ئاژەڵەوە ڕێگەکە دەبڕن کە هێڵێکی ڕاست بوو بەنێو گژو گیا بەرزەکاندا کەسی پیادەی تیا دیار نەبوو مەگەر زۆر لە نزیکەوە نەبێت.

سێ براکە زوو لە خەو هەستان چونکە هەژار بوون و ئاژەڵیان نەبوو بەپێ ڕێگەکەیان لەگوندەکەوە بۆ شار ئەبڕی درێژی ڕێگەکەش نزیکەی دە کیلۆمەترێك دەبوو بۆیە هەر دەبوو زوو هەستن و پێش ئاژەڵ سوارەکان تا زوو لەکاتی دیاری کراودا بگەنە جێ... کاتی دیاری کراویش خۆرهەڵاتن بوو بەجۆرێك کە ئەڕۆشتنە دادگاو هێشتا دەرگاکانی والا

ئەکرابوون لە بەرامبەریدا دائەنیشتن داوایان لێ ئەکرا کە بچنە ژوورەوە.
ئەمەش هەمووی بەهۆی ترسیانەوە بوو لەدادگا... جا باشتر وابوو
کەپێش کاتی دانیشتن لەوێ بن بە چەند کاتژمێرێک!
مامە خوێنرێژەکەیان بەمەی زانی ئیتر پێش ئەوان هەستا دوو کەسی
ئەگریسی لەگەڵدا بوو بەکرێی گرتبوون و بۆ ئەم مەبەستەش پڕ چەك
بوون لە نیوەی ڕێگەدا دانیشتن بۆ ئەم سێ برا داماوە بێ ترسیش بوون
لە هاتووچۆ کەرانی ئاژەڵ سوار چەنکە ئەوان درەنگ دەگەشتن.
لەکاتی تێپەڕ بوونی براکانـدا دوو ئەگریسەکە لێیان هاتنە دەست و
خەنجەریان کرد بە سکی دووانیانداو یەکسەر کەوتن سێهەمیش بە ئاگا
هات و یەکسەر بۆی دەرچوو سێ کەسیش کەوتبوونە دوای ئەویش لە
تاو ترس هاواری ئەکردو کەسیش لەم کێڵگانەدا نییە بێت بە هانایانەوە
تا لە کۆتاییدا دەستگیریان کردو بردیانە ناو کێڵگەی پاقلەوە کە بە
نزیکی بالأی پیاوێك بەرز بوو دوو برا بریندارەکەی تریشیان ڕاکێشاو
دووریان خستنەوە لەڕێگەی هاتووچۆ لەوێ بە یەکجاری کوشتنیان برای
سێهەمیش هەر سەیری ئەکردو نەیئەتوانی هاواریش بکات.
ئینجا سەرەی ئەو هات لە مامە دڕندەکەی بەجۆرێك دەپاڕایەوە کە ئاسنی
نەرم دەکرد پێی دەوت: مامە گیان بۆ ئەمکوژی.؟ چ تاوانێکم بەرانبەرت
کردووە..؟! ئایا دوو براکەم بەس نییە.؟! ناحەزەکەی خۆتت کوشت ئیتر
ئازادم کە. دایکم تەنیایەو منیش دوای دوو براکەم خۆی و منالە



Scanned with CamScanner

بچووکەکەی کە کوڕی براکەتە بەخێویان ئەکەم لەبەر خاتری خوا ئازادم کە لەم ڕووداوەشت بێدەنگ ئەبم سوێندت بۆ ئەخۆم!
بەڵام مامی پیاو کوژ گوێی بە هەموو ئەمانە نەدا ترسا ئەگەر ئازادی بکا شکاتی ئەم و دوو هاوڕێکەی بکات....
ئەشوترا: برای سێهەمیان بۆ ماوەی نیو سەعات بەردەوام ئەپاڕایەوە مامیشی نەرم نەئەبوو.... ئینجا دوو نەگریسەکە بەر بوونە داماوی سێهەمیش .... تاوانبارەکان.کاری خۆیان کردو بۆی دەرچوون.... سێ لاشەکەش مانەوەو کەس هیچی لەبارەیانەوە نەئەزانی تا ڕۆژ تەواو بوو براکانیش نەگەڕانەوە بۆ لای دایکە چاوەڕووانەکەیان. بەیانی بوویەوەو ئێوارەی ڕۆژی دووەمیش داهات و ئەویش گەرمتر لە سکڵ چاوەڕێ بوو... بۆ ڕۆژی سێیەم بۆن بڵاوبوویەوە دەنگۆ دەنگ و باسیش داکەوت تا دەنگ و باس گەشتە مامە نەگریسەکەیان ئیتر بەسەر دەم و چاوە نەگریسەکەیا کەوت...
خوای گەورە بێ ئاگا نییە لە تاوانباران لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا دەستی پێ کرد... ئەشوترا کە بریکاری لێکۆڵەر هەندێ جار لە تاو پەرۆشی دا ئیشەکەی لە یاد نەئەما تەنانەت ئاواتی ئەخواست کە برای چوارەم ئەم هەڵە بقۆزێتەوەو لەبەرچاو لێکۆڵەرەکەدا هێرش بکاتە سەر مامە دڕندەکەی و خراپتری پێ بکردایە تاوەکو لە لێکۆڵینەوەکەیدا بینوسیایە کە ئەمە لە بارووددۆخی شێتی دا ڕووی داوە چونکە سێ براکەی تری



Scanned with CamScanner

سـکیان هەڵـدڕاوە! نـاو سـکیان پـەرت پـەرت کـراوە وە مامـە تاوانبـارە دڵڕەقەکەشی لەبەردەمیدایەو تاوانە قێزەونەکەی یاد ئەخاتەوە..!

بەڵام ساواکە نەینەتوانی ئەم هەوڵە بدات. خۆزگە خەیاڵی گوندەکە ... بووایە کە بریکارەکە وێنەی ئەکێشا یان خۆزگە بریکارەکە ئەوەی ئەکرد کە خەیاڵی گوندەکە دەربارەی تاوانە قێزەونەکە هەیانبوو. ئیتر ئەو هەر کە چیرۆکەکەی ئەبیست یەکسەر ئەم ئاواتەی دەخواست.

ئاواتی ئەخواست ئای خۆزگە برای چوارەم چەقۆکەی دەرئەهێناو سکی مامـە دڕندەکـەی هەڵئـەدڕی... لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەیزانی کـە ئەمـە ڕووی نەداوەو ڕوویشی نەئەدا بەڵام هەمیشە خەیاڵی بەم ئاواتەوە چیرۆکەکەی تەواو دەکرد!!

## ٩

# کۆکردنەوەی چەك

گوندەکە لە ترسانا لە خەو ڕاپەڕی بەهۆی حیللەی ئەسپ و تەق و هوڕی چەك و دەنگی پێی سەربازانەوە هەموو کێڵگەو زەوییەکانیان داپۆشی بوو بە ژاوە ژاو و دەنگە دەنگ قسەو باسیان دەکرد ئەم ژمارە زۆرو قیڕو هۆڕە شێوازێکی جیاواز بوو لە سەردانەکانی تری سەربازەکان.

یەکەم کەس کە بەم هەواڵەی زانی ئەوانە بوون کە کاریان هەبوو زوو لە بەرە بەیاندا لە خەو ڕائەپەڕین تا گوندەکە بەجێ بهێڵن و بەرەو کێڵگەکان

بکەونە ڕێ... ئەمانە سەربازەکان ڕێیان پێ گرتن کە هەموو زەوییەکانی گوندەکەیان داگیر کردبوو بەگوریس و زنجیر کۆتیان کردن کردنیان بە بارمتە بەلای خۆیانەوە تاوەکو نەگەڕێنەوەو هەواڵ بدەنە گوندەکەو پلانەکەیان لێ تێک بدەن تا لەکاتی خەودا هێرش بکەنە سەر خەڵکی.

خودی پلانەکەیان جێ بەجێ کرد لەگەڵ ئەوانەی کە بەرەو کێڵگەکان کەوتبوونە ڕێ دەستیان بردبوونە دواوە دەمیشیان بەستبوون بەجۆرێ نەیان ئەتوانی نە قسەو نە هاوار بکەن ئینجا هەموویان لە سەیارەیەکدا بران بۆ (ماڵی ئاغا) کە زوو لە خەو هەستێنرا لە ژوورێك لە ژوورەکانی ماڵەکەی دا بەند کران تاوەکو پێنج شێخەکەی گوندەکەش ئامادە بن کە سەربازەکان لەماڵەوە دەریان هێنابوون ئەوەی بە خەڵکەکەی تر کرابوو بەوانیش کرا...

هەموو گوندەکە لە ترسانا لە خەو هەستا چونکە حیللەی ئەسپ و خرمەی چەك و چرپە چرپی قسە ئەچووە هەموو ڕێگاو هەموو ماڵێکەوە خەڵکەکە ڕاچڵەکی و دڵیان پڕ بوو لە ترس و بیم.

چی.؟ چی.؟

ئەمە هەڵمەتێك بوو بۆ کۆکردنەوەی چەك؟!

هەڵمەتێکی دوو سەد سەربازی بوو ئەفسەرێك ڕێنوێنی ئەکردن کە بەڵێنی بەدەسەڵات دابوو بەکۆکردنەوەی چەك لە هەموو گوندەکانی بەڕێوەبەرایەتیدا وە ئەم ڕێگا ترسناکەی هەڵبژاردبوو بۆ ئەوەی پێی دەست بەکارەکەی بکات نە گوندەکەو نە ئاغاو نە شێخەکان نەیان ئەزانی کە



Scanned with CamScanner

ویستی چییە تا پاش ئەوەی کە بە دەیەها کەسیان لێ دەست بەسەر کران کە پێنج شێخی گوندەکەشیان تیابوو هەموویان دەستیان بەگوریس بەسترابوو ئەیاندا لە قاچ و دەستیان بەبێ ئەوەی کە بزانن چیان ئەوێ لێیان.... تەنها ئەوە نەبێ کە حوکمەت لێرەیەو حوکمەت ئەو ئەکات ئەوانەی لە سەردەمی حوکمی تورکی دا ژیان تا ئێستا هەندێکیان هەر ئەژین.

**************

دەسەلاّت فەرمانێکی سەربازی دەرکرد بوو بۆ کۆکردنەوەی چەك فەرمانی جێ بەجێ کردنیش گەیەنرایە پیاوانی کارگێڕی ئەمانیش جێ بەجێ کردنەکەیان گەیاندە ئاغایانی گوندەکە وەکو هەمیشە ئیتر ژمارەیەك پارچە چەك کۆکرایەوە هەروەك کە هەموو جارێ لەم جۆرە فرمانانەدا بەو جۆرە کۆ دەکرایەوە کە بە شێوەیەکی ئاسایی بڕێکی کەم لە دەستی گوندنشینەکاندا هەبوو.

بۆ ئەوە ڕاستی باروودۆخەکە ڕوون بێت پێویستە بزانین کە چەك لەگوندەکەدا بەدەست دوو گرووپە وە بوو: گرووپی یەکەم خاوەن کێڵگەو مەڕو مالاّت بوون کە پاسەوانی تایبەتیان هەبوو پاسەوانیان لە سەروەت و سامانیان دەکردن دەیان پاراستن لەدزەکان گرووپی دووەمیش ئەو دزە زۆرانە بوون کە ئەمە پیشەیان بوو – بەو هەموو مەترسییانەوە کە تیایدا بوو – لەڕێیەوە کارو ژیانیان پێ دەگوزەرا.

کەمی چەك لەدەستی خاوەن کێڵگەو مەڕو ماڵاتەکان واتای زیادبوونی تاوان و دەست درێژی کردنە سەر ماڵ کێڵگەو مەڕو ماڵاتیان بوو بەڵام کەمی چەك لەدەستی دزەکاندا واتای داماڵینیان بوو لە هەندێ هۆکاری بژێوی کە بۆ خۆیان لە ژیاندا هەڵیان بژاردبوو!

کەواتە هەردوو گرووپەکە پێداگر بوون لە سەر دەست گرتن بە چەکەوە.

جا ئاغای گوندەکە بەهۆی ئەوەی کە هەم لە گرووپی دووەم ئەترساو بەرژەوەندی تایبەتیشی لەگەڵیاندا هەبوو ئیتر هەموو جارێ تەڵەکە بەسەر گرووپی یەکەمدا دەتەقا!

بەڵام فەرمانەکان بە توندو تیژی بەڕێوە ئەچوون وە بەپێی فەرمانە فەرمییەکانیش نەبوو بەڵکو بەپێی خوو و داب و نەریت بوو ئاغا ڕێك دەیزانی کە چەند پارچە چەك لە هەر ماڵێکدا هەیە وە جۆری چەکەکەش چییە جا هەرکاتێ حوکمەت داوای کۆکردنەوەی چەکی بکردایە ئەوا ڕێك ئەکەوت لەگەڵ هەندێ لەوانەی کە چەکیان هەیە تا چەکە کۆنەکان بهێنن جا بۆ ئەوەی کارەکەش ئاشکرا نەبێ هەندێ چەکی تازەیشیان تێکەڵ ئەکرد ئینجا وەکو کۆتا هەوڵی ئاغا کە هەر ئەمەی پێ کۆکرابێتەوە ئەنێردران بۆ دەسەڵات.

جا ئەمەش بەخۆڕایی نەئەکرا بێگومان بۆ هەر شتێك نرخێك هەیە بۆ هەر خزمەتێکدا لە لادێ دا بەرانبەرێك هەیە جا هەر کە دەسەڵات نیازی بووایە هێز بنێرێ ئەوا ئەفسەرێك سەرپەرشتیاری کارەکەی ئەکرد کەسی سەرەکیش ئاغا بوو کە هەر بە ئاماژەیەکی هەموو شتێك تەواو دەبوو.



Scanned with CamScanner

قاولتییەكی گەورە بە گۆشتی (قاز) و هەندێ لە كەڵەشێرو مریشك و كۆتر لەگەڵ هەندێ شتی تر بەس بوو بۆ ڕێك و پێك كردنی هەموو شتێ! بەڵام ئەم ڕێگە نوێیە لەداهێنانی ئەم ئەفسەرە بلیمەتە بوو كە بەڵێنی بەدەسەڵات دابوو بە شێوەیەكی ڕاستەقینە چەك لە هەموو گوندەكانی سەر بە بەڕێوەبەرێتی كۆ بكاتەوە ئیتر ئەم شێوازە داهێنراوە كت و پڕەی گرتبووە بەر كە لە جەرگەی تاریكی دا ترس و بیمی خستە گوندەكەوە.

*************

ئەگەڕێینەوە بۆ لای پێنج شێخەكە كە دەستیان لەدواوە بەسترا بوو دەم و چاویشیان نووسێنرابوو بە دیوارەكەوە بەبێ ئەوەی بزانن كە چیان لێ داوا ئەكرێ لەكارەكانی حوكمەت كە لەسەری ڕاهاتبوون جار نا جارێك ئەنجامیان ئەدا وەكو كۆكردنەوەی خەڵكی بەبێگاری بۆ چاككردنەوەی پردەكان و لابردنی كرم لە كێڵگە گشتییەكاندا وە یان بۆ كوشتنی کوللە تیایاندا بەبێ ئەوەی كرێی لەسەر وەربگرن چونكە كرێكانیان – ئەگەر بۆشیان دابین بكرایە – ئەڕۆشت بۆ گیرفانی تر پەنجە مۆریان لەسەر كاغەز پێ ئەكرا بەبێ ئەوەی بزانن كە چییە ئەڕۆشتن و وایان ئەزانی بزگارییان بووە ئەمە پاش ئەوەی كە لە ماڵەوە خواردنیان لەگەڵ خۆیاندا ئەهێنا بەدرێژایی بێگارییەكە كە هەندێ جار زیادو هەندێ جار كەمی ئەكرد! ئەم جارەیان كەس داوای كارە داواكراوەكەی لێ نەكردن بەڵكو قامچی داوای لێ كردن كە بەدەستی سەربازەكانەوە بوو پشتی ئەتەزاندن



Scanned with CamScanner

ئەمڕۆ وەکـو ڕۆژەکـانی تـر نییـە بـەڵکو سـزایەکی بەچێژە کـە نـاتوانن وەڵامیش بدەنەوە چونکە بەند کراون !

ئینجا دەسـتیان کـرد بـە تەقـەکردن کـە گیـزەی گوللـە ئـەهات بەسـەر سەریانەوە ئەمانـەش کـە گیرابـوون پاسـەوانەکانی شـەو و ئـەو خەڵکانـە بـوون کـە لەسـەر زەوی و زارو ڕێگاکـانی گوندەکـە دەسـتگیر کرابـوون بەجۆرێ کە حەوشەی ماڵی ئاغایان پڕ کردبوو!

ئەم تەقەکردنـەش بـۆ ترسـاندن و تێکـدانی بـیرو هـۆش و شـڵەژاندنیان بوو... لەکاتێکدا کە ئەم ترسە گەورەیە باڵی بەسەردا کێشابوون خەریك بوو عەقڵیان لەدەست بدەن فەرمان کرا بەسەر هەریەك لە شێخەکاندا کە (لیستێك) ناوی دوو سەد سەرۆك خێزانی تیا بنووسێت لەوانەی کە لە گوندەکەدا چەکیان هەیە وە جۆری ئەو چەکەش دیاری بکەن کە هەیانە!

تا ئێستا ئەوەندە عەقڵ و هۆشیان پێ مابوو کە ناوەکان بنووسن وە هەر کە ساتێك ئەوەستا بۆ ئەوەی بیری بکەوێتەوە ئەوا قامچی بەسەر پشت و لاشانی دا دائەباری ئیتر ژماردنەکەی زیادی ئەکردو هەروەکو شێت ناوی ئەنووسی ! ئیشەکە تەواو بوو هەر سەر گروبانێکت ئەبینی و لیستێکی دوو سـەد خێزانـی پـێ بـوو کـە چەکیان هەیە وە لـە بەرامبـەر هـەر ناوێك جۆری چەکەکەش نووسرابوو کە سەرۆك خێزانەکە هەیبوو.

پێویستمان بەوە نییە کە بڵێین: کە ئەم لیستە چۆن بوو وە چەند لەگەڵ واقیعـدا یـەکانگیر بـوو جـا شـێخی پـڕ شـەق کـراو بـە قامـچی و هەڕەشـە لێکـراو بـە مـەرگ بـە تەقـەکردن بـە سـەری دا لـەم بارووдۆخـەدا داوای لێ



Scanned with CamScanner

ناکرێ کە پشکنین بکا.... بەڵام ئەتوانین لەوە دڵنیا بین یەکێك لە پیاوە ترسناکەکان ناوی لە لیستەکەدا نەبوو لەگەڵ ئەوەشدا ناوی هەندێك نووسرابوو کە لە چەتوونە بچووکەکان بوون هیچ دەسەڵات و توانایەکیان نەبوو لە گوندەکەدا!

ئەم قۆناغە کۆتایی هات هەر پێنج شێخەکە وەستابوون و لە تاو ماندوێتی و ترس و ئازار زمانیان دەرهێنابوو... بەڵام ئاغا هەر لە سەرەتای کارەکە خۆی و کەرامەتی کڕییەوە ئەو دانابوو... هەر کە چاوی سووری بینی ئیتر بەدوای ئامرازێکدا گەڕا بۆ ڕازی کردنی دەسەڵاتداران ئەزموونە دوورو درێژەکەی و زیرەکییە مەیدانییەکەی توانای بەسەر کاروبارەکاندا ڕێنوێنی کرد!

ئینجا قۆناغی دووەم دەستی پێکرد سەربازەکان بە خۆیان و پاسەوانەکانی گوندەکەوە کە دەستیان بەستبوون ڕۆشتنە دەرەوە بەگوندەکەدا ئەیانگەڕاندن و پرسیاریان لێ ئەکردن بۆ ئەوەی ماڵەکانینان پێ پیشان بدەن و لەدەرگا بدەن و سەرۆك خێزانەکان بانگ بکەن پێداگریان ئەکرد لەسەر ئامادەبوونی گەورەترین کەسیان لە تەمەندا هەر کە کۆمەڵێ کەسیان ئامادە دەکرد یەکسەر ئەیانبردن بۆ ماڵی ئاغا....

لەوێش پێش ئەوەی پرسیاریان لێ بکرێ و وەڵام بداتەوە چیان بە شێخ و پاسەوانەکان کردبوو بەوانیشان دەکرد پاش ئەوەی کە تێر لێدانیان ئەکردن و ئەیانترساندن و سووکایەتیان پێدەکردن ئیتر بەپێی لیستەکە داوای چەکەکانیان لێ دەکردن.



Scanned with CamScanner

جا ئەگەر وا ڕێک کەوتایە کە ئەو پارچەیەی داوایان کردووە لای کەسێکیان بووایە ئەوا هەستی بە ڕزگار بوون دەکردو ڕێی پێ ئەدرا کە بڕوا بیهێنێ.... بەڵام ئەو خۆی وەڵامی نەئەدایەوە بەڵکو یەکێك لە کوڕەکانی یان ئەندامێکی خێزانەکەیان بانگ ئەکردو ئەوا ئەوی ئەبینی و ئینجا ئەویشیان ئەدایە بەر بۆکس و پالەقەو پاشان داوای لێ ئەکرا بڕوا پارچە چەکی داواکراو بهێنێ ئیتر بەڕاکردن ئەڕۆشت تا بیهێنێ ئیتر بەراوردیان ئەکرد لەگەڵ لیستەکەداو کە وەکو یەك ئەبوون ئیتر خۆی و کوڕەکەی یان کەسە نزیکەکەیان ئازاد ئەکردن و بەهۆی ئەو لێدانە زۆرە و بەهۆی ترسی زۆرییانەوە بەرچاویان تاریك بوو بوو ڕووناکیان نەئەبینی ئیتر کەس و کارەکە دەستیان ئەکرد بە چارەسەری برین و ئاوساوییەکانی بە زەیت و دەرمانی ئارام بەخش!

بەڵام ئەگەر وا ڕێك کەوتایە ئەو چەکەی کە هەیەتی جیاوازە لەگەڵ لیستەکەدا وە یان هەرچەکی نەبووایە ئەوا هاوارو ماڵ وێرانی بۆ ئەو.... ئەوا دووبارە بەهۆی نکوڵی کردنییەوە ئەدرایەوە بەر بۆکس و پالەقە یان دانی ئەنا بە چەکێکی تردا جیا لە چەکی داواکراو ئیتر لەم بارەشدا ئەو چەکەی ئەهێنا کە هەیەتی و بەردەوام بەو ترس و ئازارەوە داوایان لە چەکەکەی تریش ئەکرد کە شێخ نووسی بووی!

ئیتر لەم کاتەدا داماوە ناچار ئەبوو کە دان بنێ بەوەشدا کە نییەتی و داوای کات بکات تا لە حەشارگەیەکی دوور بیهێنێ... لەم ڕێگە پێدانەشدا کوڕەکانی و کەس و کاری ئەگەڕان بەدوای چەکێکدا وەکو



Scanned with CamScanner

چه‌كی لیسته‌كه وه‌ها بێت تاوه‌كو هه‌ر چۆنێك بێت بیكڕن ئه‌گه‌ر له گونده‌كه‌دا ده‌ستیان نه‌كه‌وتایه به‌خێرایی سواری ولاغه‌كانیان ئه‌بوون بۆ ئه‌وه‌ی له گونده‌كانی ده‌وروبه‌ر په‌یدای بكه‌ن سه‌بارزه‌كانیش ڕێیان پێ ئه‌دان كه بچنه ده‌ره‌وه به‌و بیانووه‌ی كه چه‌كه‌كانیان لای كه‌س و كاریان له‌و گوندانه‌ی تر وه دڵنیاش بوون لێیان چونكه سه‌رۆك خێزانه‌كانیان له‌لایه‌ن بارمته بوون وه سزایه‌كی سه‌ختیان ئه‌دان تاوه‌كو دێننه‌وه!

وه كاتێكیش كه پارچه‌ی داواكراویان ئه‌دۆزییه‌وه نرخه‌كه‌یان ئه‌دا به خاوه‌نه‌كه‌ی هه‌رچه‌ند به‌رز بووایه. هه‌ندێكی زۆریان ئه‌م هه‌له‌یان قۆسته‌وه‌و نرخی پارچه‌ی داواكراویان به‌رز ئه‌كرده‌وه هه‌روه‌ك زۆرێكی تریشیان سنگ فراوانیان ئاشكرا ئه‌بوو بۆ ڕزگاركردنی لێقه‌وماوان هه‌رزان ترین نرخیان داوا ئه‌كرد.

له‌و كاته‌دا ئه‌فسه‌ره بلیمه‌ته‌كه پێ ئه‌كه‌نی و سه‌یری پارچه چه‌كه‌كانی ئه‌كرد كه پاش نكوڵی كردنیش ئاماده ئه‌كران ئه‌مه‌شی ئه‌گه‌ڕانده‌وه بۆ بلیمه‌تییه بێ وێنه‌كه‌ی خۆی كه ڕێنوێنی كرد باشترین ڕێگه هه‌ڵبژێرێ.

*************

له‌كۆتایی ڕۆژدا چه‌كه كۆكراوه‌كان كۆمه‌ڵ كۆمه‌ڵ پۆلێن ئه‌كران ئه‌مانه تفه‌نگ و ئه‌مانه‌ش ساچمه زه‌نگ و ئه‌مانه‌ش ده‌مانچه‌و ئه‌مانه‌ش شمشێرو ئه‌مانه‌ش چه‌قۆی گه‌وره‌و وه هه‌ر (ماركه‌یه‌كیش) له‌م جۆرانه به جیا ڕێك خرابوون. ئه‌فسه‌ره گه‌وره‌كه‌ش به ئاسووده‌یی و وه‌كو كه‌ڵه‌شێر



Scanned with CamScanner

باڵی فش کردبووه‌وه سه‌یری ئه‌م لادێییه نه‌فره‌تییانه‌ی ئه‌کرد بۆ ئه‌م سه‌رکه‌وتنه گه‌وره‌یه‌ی....

هه‌ر ماڵێك له ماڵه‌کانی گونده‌که ماته‌مینییه‌کی بێده‌نگی تیا بوو ئه‌وه سه‌ری شکاوه‌و ئه‌وه‌شیان شان و باڵی کوتراوه ئه‌وه‌یان پێستی بریندار بووه‌و ئه‌وه‌شیان قاچ و قولی بریندار بووه.... ژن و منداڵیش ئه‌هاتن و ئه‌چوون و زه‌یت و جه‌وه‌نه‌ی ئاوی گه‌رم و ساردیان ئه‌هێناو برینداره‌کانیان چاره‌سه‌ر ئه‌کرد.

زۆرێك له خه‌ڵکی گونده‌که مه‌ڕو ماڵات و خواردنی منداڵه‌کانی و ئاڵتونی ژنه‌کانیان فرۆشت تاوه‌کو ئه‌و پارچه چه‌که بکڕن که پێیان وترابوو هه‌یانه له‌کاتێکدا که له ژیانیاندا چه‌کیشیان هه‌ڵنه‌گرتبوو.

ئه‌مانه‌ش کۆمه‌ڵێ خه‌ڵکی هه‌ژار بوون که شێخه‌کان ژماره‌که‌یان پێ ته‌واو کردبوون تا ترس له‌سه‌ر خۆیان لابه‌ن به کاره‌که‌یان ئه‌گه‌ر نا ئه‌مانه نه وه‌ك نه‌گریسه‌کان هێزیان هه‌بوو نه وه‌ك ده‌وڵه‌مه‌نده‌کانیش پله‌و پایه....!!!

زیاتر له چاره‌که سه‌ده‌یه‌ك به‌سه‌ر ئه‌م ڕووداوه‌دا تێ ئه‌په‌ڕێ منداڵه‌که‌ش وه‌ها بیریه‌تی که‌وا ئه‌زانی هه‌ر دوێنێ ڕوویداوه ئه‌ویش هه‌روه‌ك هه‌موو منداڵێك و هه‌موو پیاوێك و هه‌موو ژنێك ته‌واو ترس و بیمی لێ نیشتبوو.

له‌ماوه‌ی ئه‌م ساڵانه‌دا بیستی که ئه‌م ئه‌فسه‌ره دڕنده‌یه به‌رز بووه‌ته‌وه‌و کراوه به بریکاری به‌ڕێوه‌به‌ری ئاسایشی گشتی چونکه دانی پیانراوه که ئاسایش و ڕێسا پارێزه ئیتر له‌ناخییه‌وه هه‌ستی به ناخۆشییه‌کی تاڵ



Scanned with CamScanner

ئەکرد. ئینجا دواتر بیستی کە بە مەرگی خۆی گەیشتوە ئێسکی قورسی لەبەر چاو نەماوە ئیتر وا هەستی ئەکرد کە دێوەزمەیەکی گەورە لەسەر سنگی لابراوەو زۆر بە ئاسوودەیی هەناسەی ئەدا!

## ١٠

## دروێنە

سێ وەرز لە ساڵێکدا ڕووی گوندەکەی تیا ئەگۆڕا ئیتر ئەو لەگەڵ دەرکەوتنیاندا بە هەست و دەروونێکی نوێوە ئەژیا ئەو و هەموو منالآنی گوندەکە بۆ ساڵێکی تر چاوەڕێی ئەم وەرزانەیان دەکرد: وەرزی تەڕو تووشی و وەرزی دروێنەو وەرزی چنینەوەی لۆکە. وەرزی دووەم و سێیەم ئاشنان لای هەمووان بەلآم وەرزی یەکەم تەنها دانیشتووانی ئەو گوندانە ئەیانزانی کە بە لافاو ئەو ئەدێررا ئەو زەوییانەی کە بە درێژایی ساڵ بە دەرەوە بوون تاوەکو کاتی لافاو ئەهات لە هەر دوو مانگی (سێپتەمبەر) و (ئۆکتۆبەر)ی هەموو ساڵێکدا ئیتر ئاوی لافاو هەڵئەچو و هەموو زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەگرتەوە وەها ئاو زۆر دەبوو کە مەترێك زیاتریش.... ئیتر لەو کاتەدا گوندە کەناراوییەکان ئەکەوتنە ناوەڕاستی ئاوەکەوە کە هەندێکیان بە هەندێکی تریان نەئەگەشتن مەگەر (بە کەشتی



Scanned with CamScanner

بچووك و بەڵەمی بچووك نەبێ) هەروەکو عەمری کوڕی عاص لە پەیامەکەیدا ئەیوت و مناڵەکەش لە قوتابخانەی سەرەتایی دا لەبەری دەکرد وە ئەمیش ڕاستی ئەمەی بۆ دەردەکەوت کاتێك کە هەموو ساڵێك بەچاوی خۆی دەیبینی..

بەڕاستی دیمەنی ئاوەکە لەم شاخ بۆ ئەو شاخ دیمەنێکی ئەفسووناوی بێ وێنەی هەبوو شیوەکە کە هەمووی دووگرد لەملاو لەولای بوو خەڵکی گوندەکە ناویان لێ نابوو شاخ هەمووی ئەبوو بە یەك پارچە ئاو کە نیل بەربەستەکانی ئەبەزاندو پیایدا گوزەری ئەکرد بەربەستەکانی پردەکەشی ئەبەزاندو دەستی ئەکردە ملی زەوییە خۆشەویستەکە کە ساڵانە یەك جار سەردانی ئەکرد.

ئا ئەوەتا ئێستا کاتی ماڵئاوایی کردنە ڕۆژ بەڕۆژ لافاوەکە کەمی دەکرد خەڵکی بە غەم و پەژارەی ماڵئاواییەوە سەیری نیلیان ئەکرد تەنانەت مناڵەکە گوێی لە گوند نشینێکی ساویلکە بوو کە بەداخ و پەژارەوە سەیری نیلی ئەکرد کە شەپۆلە بەرزەکانی ئەنیشتنەوە وەکو حەسیر ئاوەکەی ئەنیشتەوەو ڕائەخرا ئیتر ئەیوت: (داماو. تەواو بێدەنگ بووی) پیاوەکە ئەمەی ئەوت هەروەك ئەوەی کە لەگەڵ کەسێکدا قسە بکات کە پەیوەندییەکی نزیکی خێزانی و خۆشەویستییەکی هاوڕێیانە پێکەوەیان ببەستێ ! تاڕۆژێك ئەتبینی ئاوی گوندەکە ڕۆچووە و زەوییە ڕەشەکەی بەدەر کەوتووە هەندێکیشی چینێکی قاوەیی کاڵ بوو لەشیوەکەدا ڕووبەرێکی فراوانی ئاڵتوونی لێ ئەڕوا جا ئیتر زەوی کاتی ئەوەی بوو

داوای دانەوێڵە بکات بۆ ئەوەی هەم بۆ خەڵکی و هەم بۆ ئاژەڵەکان خواردنی ساڵێک بروێنێ. جا ئیتر خەڵکی دەرئەچوون و پێیان ئەخستە قوڕەکەوەو تۆویان ئەچاند کە بەسەر کۆڵییانەوە بوو ئینجا بە چینێك لە قوڕ دایان ئەپۆشی و بە (تەختەیەك) تەختیان ئەکرد.... ئەمەش کاری (تەرو تووشی) بوو یەکێك لە سێ وەرزی گوندە لافاوییەکان.

* * * * * * * * * * * * * * * * *

سەرکارەکانی زەوی گوندەکە زۆرتر بوون لەژمارەی دەستی کار تێیدا ، گوندێکی سەرمایەدار بوو بە بەراورد بە گوندەکانی دەورووبەری... ئەو جۆرە موڵکدارییەی تیا نەبوو کە لە شێوەی دەرەبەگایەتی بچێ هەر بۆیە گەورەترین موڵکی کشتوکاڵی لە دووسەد دۆنم زیاتر نەبوو زۆر بە کەمی کەسێك یان ماڵێك لەگوندەکەدا هەبوو کە پارچە زەوییەکی بچووك یان گەورەی نەبێ...

دابەش بوونی زەوییە کشت و کاڵییەکان بەم جۆرە جیاوازی چینایەتی کەم کردبووەوە ئەمەش بارێکی بەدی هێنابوو لە پەیوەندی پتەوی نێوان کەسەکانیدا لەوێ کەسێك نەبوو کە بە واتای خزمەتکار بێت وەکو ئەوەی کە لە شارو هەندێ شوێنی تردا هەیە کە پلەی خزمەتکار تێیدا دائەبەزێ بۆ پلەی کۆیلایەتی .... لەگوندەکەدا خزمەتکار کەسێکی هەژارو پێویستی بەکار بوو بەڵام وشەی بێزراوی (گەورەم)ـی بەکار نەدەهێنا بەڵکو لەبری ئەوە بۆ پیاوی ماڵ وشەی (مامە)ی بەکار دەهێناو بۆ ژنی ماڵیش وشەی (مامە ژن)ـی بەکار دەهێنا... ئینجا ئەو هەموو ڕۆژێ



Scanned with CamScanner

لەماڵ و لە کێڵگە و لە بەخێو کردنی ئاژەڵەکاندا کاری دەکرد جا ئەگەر شەو دابهاتایە ئەوا هەروەك هەر گەورەیەك دەگەڕایەوە بۆ ماڵ و بۆ لای کەس و کاری. هەموو خێزانێك ماڵێکی بچووك یان گەورەی هەبوو گرنگ ماڵی هەبوو. بەڵام ماڵی قوڕ لەگوندەکەدا بوونی نەبوو.... زیاتر لە نیوەی ماڵەکان بە خشتی سوورو ئەوانی تریش بە خشتی کاڵ (زەرد) درووست کرابوون. زۆربەی ماڵەکانیش پێك هاتبوون لە دوو یان سێ قات هەندێکیشان ئەگەشتنە چوار قات زۆر بە دەگمەن لە یەك قات پێك هاتبوو تەنانەت ماڵە هەژارەکانیش.

بەڵام ئاستی بژێوی بە بەراورد بە زۆرێك لە شوێنەکانی تر ئاستێکی زۆر باش بوو – ئەمەش بەهۆی تا ڕادەیەك بە باش دابەش بوونی زەوییە کشت و کاڵییەکانەوە بوو – هەژارترین ماڵ هەر دوو هەفتە جارێك بەزۆریش هەموو هەفتەیەك گۆشتی ئەخوارد. وە هەر کەسێکیش نەیتوانیایە گۆشت بکڕێ ئەوا دڵ و جەرك و ناو سك و سەروپێی دەکڕی – ئەمانەش بە بەراورد بە گۆشتی لاشە زۆر هەرزان بوون هەروەها بەزیش لە هەموو ماڵەکاندا هەبوو هەندێکیان تێکەڵ بە ڕۆنیان دەکرد وە هەندێکی کەمیشان لە مەسیحییەکانی گوندەکە لەگەڵ زەیتدا تێکەڵیان دەکرد بەشێوەیەکی گشتی بەکار دەهات بۆ خواردن.

وە میوەش هەر لە کاڵەك و شەمامەو هەنارو گوێزو میوەی وشك و ترۆزی و خەیارو سێو... بە بڕی جیاواز ئەچوویە هەموو ماڵەکان.



Scanned with CamScanner

ئا بەم جۆرە گوندەکە سەرمایەداری ناسراو بوو هەروەك بەپێی جۆری ماڵـــەکانیان ناســـراو بـــوو بەخۆشـــگوزەرانی و پـــاك و خـــاوێنی دانیشتووانەکەی بە بەراورد بەگوندەکانی دەورووبەری ئەگەر چی ئەم پاك و خاوێنییە بەچاوی شارەوە سەیر بکرێ ئەوا بەپیس و پۆخڵییەکی بێزراو ئەهاتە پێش چاو بەڵام هەموو شتێك لەم ژیانەدا ڕێژەییە (نسبی)! جا لەبەر ئەوەی کە دەستی کار کەمتر بوو لەسەر کارانی کار بەتایبەتی لەم سێ وەرزەدا ئیتر هەموو ساڵێك بە کۆمەڵ بێگانەی بۆ ئەهات بۆ کـــارکردن لەگـــەڵ ســـەرکارەکاندا. ئـــەو بێگانانـــە لـــە شـــوێنە دوورە دەستەکانەوە ئەهاتن: لە قەناو لە ئەسوانەوە... لە گوندە بێ پیتەکانی ئەم دوو بەڕێوەبەرێتییەوە کە زەوییەکی بەرتەسکیان هەبوو دوو شاخ زەوییەکەیان هێنابوویەوە یەك و زۆر تەسکیان کردبوویەوە وە چەند کەسێکی کەم دەستیان گرتبوو بەسەر ئەم زەوییانەدا وە زەوییە وشك و بێ پیت و فەڕەکانیشیان دابوو بەوانی تر! ئەو بێگانانە هەستیان بە دەوڵەمەندی گوندەکەو خەڵکەکەی دەکرد لەگەڵ ئەو نازو نیعمەتەی کە خوای گەورە بەسەریاندا ڕژاندبووی... ئەوان (نامۆ بوون) نەك بەو وڵاتەی کە بۆی هاتبوون بەڵکو ڕووخساریان جیاواز بوو لەگەڵ ڕووخساری خەڵکی گوندەکە وە جل وبەرگیشیان – ئەگەر بە جل و بەرگ دابنرایە – وە بە زمانیشیان کە تەواو خوار بوو هەروەها بە گۆرانییەکانیشیان کە زۆر دڵگیرو پەژارە ئامێز بوون.... بەو هەموو ڕووخسارانەی ژیان جیاواز بوون کە لەچاوی دانیشتووانی گوندەکەدا (نامۆ) بوون کە بێجگە لە ئاین



Scanned with CamScanner

هیچی تر بەیەکەوەی نەئەبەستنەوە.... ئەو گەل و ڕەگەزە کەلێنێکی گەورەی تێ کەوتبوو ئەوان دوو ڕەگەزی جیاواز بوون..!

ئەوان کۆمەڵ کۆمەڵ ئەهاتن هەر کۆمەڵەش پێی ئەوترا (گەل) هەر کۆمەڵەیەکیش (سەرۆك)ێکیان هەبوو ئەیهێنان بۆ کار لەسەر کرێکەیان ڕێك ئەکەوت چاودێری کارەکەشیانی دەکرد لە بەرامبەر ئەمەشدا کرێی کەسێکی وەردەگرت بەبێ ئەوەی ئەوە بکات کە ئەوان ئەیکەن!

ئەم هاوڕێیەشمان (گەلەیەکی) پێك هێنابوو بەشێوەیەکی تایبەتی سەرۆکێکی پێکهێنابوو ئەم گەلەیش هەموو وەرزێك ئەهات بۆماڵیان ژمارەیشیان لەنێوان دە تا پانزە کەس بوو... ئەمەش ئەو گەلە سەرەکییە بوو کە باوکی لە کشتوکاڵدا پشتی پێ دەبەست ئینجا لەڕۆژە قەرەباڵغەکاندا بۆ چەند ڕۆژێك گەلەی لە تریان ئەهێنا بۆ کارکردن پاشان ئەم گەلەیەش تەنها ئەبوویەوە بۆ کارکردن بەدرێژایی وەرزەکە.... ئەمە گەلەی ماڵەکە بوو بەڕاستی پەیوەندییان پێکەوە گرێ دابوو بە یەکتر ڕازی بوون لەگەڵ ماڵەکەو ئەوانەی تیای بوون پەیوەندییەکی شێوە خێزانیان بۆ درووست بووبوو.

گۆرانی ئەو خەڵکانە پەژارە ئامێز بوو باسی تاڵی و ناخۆشی ئەباراند لە پیاوەتی‌دا ، هەست و دەروونی مناڵەکەیان ئەهێنایە جۆش لەشێوەی نیمچە تەلیسماوییەك گوێی بۆ دەگرتن دەروونە بچووکەکەی دەورووژاو نەیئەزانی چۆن دەری ببڕێ... بەڵام سۆزی بۆ ئەجۆشان و  ساڵ بۆ ساڵ چاوەڕێی ئەکردن.



Scanned with CamScanner

هەرچەند کە ئەو خەڵکە لە تاو شەکەتی و ماندوویی بێدەنگ ئەبوون بەڵام پێی زیاتر ئەکردن و گۆرانیان بۆ ئەچڕی.... ئەوانە هەمیشە وەڵامی داواکەیان ئەدایەوە: چونکە ئەو کوڕی سەرۆك ماڵەکە بوو ئینجا ئەمی هاوڕێی تاکە تاکەیان بوو وە بەشێوەیەکی تایبەتیش سەرۆکیان بوو... هەموو داخوازییەکەیان لەماڵەکەو لە کەس و کارەکەی ئەڕێگەی ئەمەوە دەکرا وە ئەویش زۆر سوور بوو کە هەموو داوایەکیان وەڵام بداتەوە دەمە دەمەی لەگەڵ هەر کەس دەکرد کە نە داواکەیاندا قسە بکات هەستی بە ئاسوودەیی هەرە گەورە دەکرد کاتێ کە داواکەیانی دەگەیاندە ماڵ وە دونیاش خەریك بوو یەکپارچە ببێتە خۆشی بە جێ بەجێ بوونی وەڵامی هاوڕێی گەورەکانی ! ئینجا ئەو سکرتێری تایبەتیان بوو پاش ئەوەی کە ڕۆشتن بۆ قوتابخانە وای لێ هات کە نامەیان بۆ بنووسێ بۆ گوندە دوورەکەیان وە ئەو نامانەش بخوێنێتەوە کە دەهاتن و هەواڵی منداڵ و کەس و کاریانی تیا بوو. ئەمەش سەرچاوەی هاوڕێیەتییەکی نوێ بوو.

جا هەموو نهێنییەکانیان – کە نهێنی سادەو سنووردار بوون – بۆ ئەو ئاشکرا بوون وە ئەو جێی متمانەیان بوو بۆ ئەم نهێنییانە کە لە نامە ڕۆشتوو و هاتووەکاندا ئەیخوێندنەوە یان بەهۆی ئەوەوە بوو کە دڵنیا بوون لە پاکێتی منالی ئەو بۆیە ئەم نهێنییانەیان پێ ئەدا....

دە یان دوانزە یان پانزە کەس لە یەك نامەدا بەشدار دەبوون و دەیان نارد بۆ شێخ (محمد ئەبو عولەیم) شێخ و ڕێپێدراوی گوندی (کەلحی خۆرئاوا)...

هه‌موو ناوه‌کانیان له‌گوێی مناڵه‌که‌دا نامۆ بوون سه‌یر نه‌بوو که ئه‌وان (نامۆ) بوون هه‌موو شتێك که په‌یوه‌ندی به‌وانه‌وه بوو نامۆ بوو!
ئه‌و پاره‌یه‌یان کۆ ئه‌کرده‌وه که ئه‌یان ویست بینێرن داواشیان له مناڵه‌که ئه‌کرد ڕوونکردنه‌وه‌یه‌ك بنووسێ: هه‌ریه‌که‌یان و له‌به‌رامبه‌ریشیدا بڕی ئه‌و پاره‌یه‌ی که ده‌یویست بینێرێ ئینجا بڕێکی له هه‌موویان کۆئه‌کرده‌وه‌و بۆ ئه‌وه‌ی حه‌واڵه‌یه‌کی پۆسته‌یان به‌ناوی شێخ موحه‌ممه‌ده‌وه بۆ بکرێ له‌سه‌ر زمانی ئه‌وانه‌وه بۆی ئه‌نووسی که هه‌ستێ به دابه‌ش کردنی ئه‌م بڕه پارانه به‌سه‌ر خێزانه‌کانیاندا به‌پێی ئه‌م ڕوونکردنه‌وه‌یه. به‌بیری دا نایه‌ت که ڕۆژێك له‌ڕۆژان ئه‌م بڕه پاره‌یه گه‌شتبێته دوو جونه‌یه.
ئه‌گه‌ر یه‌کێکیان هه‌شت یان ده یان به‌لای زۆره‌وه بیست قروشی بۆ که‌س و کاری بناردایه... ئه‌وا زۆر خۆشحاڵ و ئاسووده ده‌بوو وا هه‌ستی ئه‌کرد که ئه‌وه‌ی ناردووه بۆ که‌س و کاره‌که‌ی له‌وێ که پێویستیان پڕ بکاته‌وه ناڕه‌حه‌تیان لابات و درێژه به ژیانیان بدات!!
جارێکیان وا به خه‌یاڵی مناڵه‌که‌دا هات که بپرسێ: ته‌نها ئه‌مه؟ جا ئه‌م قرووشانه چی ئه‌کات..؟ به زه‌رده‌خه‌نه‌یه‌که له‌وانه‌وه وه‌ڵام درایه‌وه که پڕ بوو له جوانی باری سه‌ختیان وه خۆشییه‌کی ساویلکانه‌ی پاکی تیا بوو... ئینجا یه‌کێکیان یان زیاترین به‌شێوازه‌ره سه‌عیدییه تایبه‌تییه‌که‌یان وه‌ڵامی دایه‌وه:



Scanned with CamScanner

(ئـۆ هـۆو. ئـەم هـەموو پارەیـە..؟ بـۆ وا ئـەزانی هـەموو کـەس باوکـە مورتاحەکەی تۆیـە..؟). – واتـە باوکـە دەوڵەمەندەکـەت کـە دەوڵەمەندیان بەمورتاحی دەرئەبڕی – کە ئەم دەربڕینەش درووست ترە بەڵام نە لە ناوچییانداو وە نە لە شێوازارەکەیاندا ئێرەیی نە ئەدرەوشایەوە وە هیچ ڕق و کینێکیش لەو وشە ساویلکانەدا نەبوو کە دەریان ئەبڕین!

بەڵام ڕێسای کارو کرێ لە گوندەکەدا بەم جۆرە بوو:

کرێـی ڕۆژانـە لـەنێوان دوو قـرووش بـۆ دوو قرووشـو نیـو بـوو – بـەپێی گرانی و هەرزانی هەورەها بەپێی زۆر و کەمی پێویستی بەدەستی کار – واتە بەپێی یاسای خستنە ڕوو داخوازی بەڵام ئەم کرێیە بەدەر بوو لە خەوتن و خواردن وە بە تایبەتی ژەمی ئێوارە.

خاوەن ماڵ خـواردنی ئێوارەیـان ئـەدا بـەکرێکارەکان وە هەنـدێ جاریش هەندێ ژەمـی تریـشیان پـێ ئـەدا ژەمـی ئێـوارە بـەزۆری پێـك هـاتبوو لـە تریتی گۆشت[3] وە ئەم تریتەش (تێگوشە) یان پێك هاتبوو لە شلەی سپی یان شلەیەك کە پیازی تیابێ وە یان شلەی دۆینە لەگەڵ نانـدا خواردنێکی چەوری خـۆش بـوو جیـاوازی بـڕی چـەورییەتی خواردنەکـەش بـەپێی جیاوازی ماڵـەکان و سنگ فراوانیـان یان ڕەزیلیـان لەمیوانداریـدا جیاواز بووە وە گوندەکەش بەزۆری وا هەڵسو کەوتی دەکرد کە ئەمانە میوانی بێگانەن... وە پێغەمبەریش ئامۆژگاری کردووە کە لەگەڵ بێگانەدا باش

3 تریت (ثرید) خواردنێکی سەرەکی عەرەبە، کە نان نەگوشنە شلەوە.



Scanned with CamScanner

بی ! وە هەندێ ماڵیش نانی بەیانیان ئەدا بەم (ئاوارانە) بەتایبەتی لە وەرزی تەڕو تووشیدا چونکە کارکردن لە قوڕدا بو کە تا ئەژنۆ قاچ ئەچەقی وە کەسی ئاوارەش (غەریب) دوو پێوانە لەتۆوی ئەخستە سەر شانی و لەگەڵ ئەوەشدا بەدرێژایی ڕۆژ بە تەختە قوڕەکەی تەخت ئەکرد بۆ ئەوەی تۆوەکە دابپۆشێ... چونکە کارکردن بەم جۆرە لەگەڵ خواردنێکی باشدا نەبووایە نەئەکرا... ئەم نانەی بەیانیش بەزۆری پێک هاتبوو لە نانی گەنم لەگەڵ خورماو پیاز.... یان پێک هاتبوو لە لەواشەی تایبەتی کە پێی ئەوترا (هەڵئەوسا) کە دروست ئەکرا لەئاردی گەنم و ڕۆن و ماست پاش ئەوەی کە هەویرەکەی ئەترشا... ئەمەش خواردنێکی زیادە بۆ لەگەڵ نان و خورماکەدا.... ئەمەش تەنها لەماڵە سنگ فراوانەکاندا ڕووی ئەدا...!

وە ئەم هاوڕێیەشمان بەیانیان زوو هەڵئەسا بۆ ئەوەی زۆرترین بڕ لەم لەواشە هەڵئاوسە بۆ بێگانەکان دەستەبەر بکا ئەیکردە باخەڵی و گیرفانییەوە ئینجا ئەڕۆشت بۆ لایان ئەمە سەرەڕای بەشی خۆیان کە وەریان گرتبوو. بەڵام ژەمی نیوەڕۆ بە زۆری لەسەر حسابی کرێکارەکان بوو... بەزۆریش پێکهاتبوو لە نانە زبرە وشکەکەی خۆیان کە ئەم ماوە دوورو درێژە لەناو گونیدا هەڵیان گرتبوو یان لەناو دشداشە کۆنەکانیاندا کە سەرەکانیان گرێ دابوو وەکو توورەکەی لێ هاتبوو بۆ کەل و پەل و توێشیان سەموو کەل و پەلەکەش تەنها ئەو توێشووە بوو لەنانە زبرو وشکەکەیان. توێشووەکەیان پێکهاتبوو لەو نانە یان ئەو نانەی کە لە



Scanned with CamScanner

گوندەکەدا ئەیانکرد لەگەڵ پیازو خوێدا یان لە زۆربەی کاتەکاندا تەنها لەگەڵ خوێدا. لەکوێ لەگوندەکەدا نانیان ئەکڕی؟ نان فرۆشتن تیایدا شتێکی ئاشنا نەبوو. بەڵکو شەرمەزاری و سەرشۆڕییە. هەموو خێزانێک ماڵێکی هەبوو وە لەو ماڵەوەش فڕنێکی خۆماڵی تایبەت هەبوو... کە خەڵەو دانەوێڵەیان ئەکڕی – بەزۆری زەڕات بوو – ئەیان بێژایەوەو پاکیان ئەکردەوەو ئەیانهاڕی... بەبێژنگی دەستی بچووك ئەیانبێژایەوە ژنانی ماڵ کۆ ئەبوونەوە لەگەڵ ئەو دراوسێیانەی کە ئەهاتن بۆ یارمەتیان. گرووپێك لەپێژینەوەکەدا تەرخان ئەکرا بۆ لابردنی قوڕی زبرو ماددەی تر... وە گرووپێکیش تەرخان ئەکران بۆ (پاککردنەوە) کە ئەمیش پاککردنەوەی خەڵەکە بوو لە خۆڵی بچووك و ئەو ماددانەی کە بێژنگەکە گلی نەدابوونەوە ئەمەش لەخێزانەکەدا ڕۆژێکی بەرچاو بوو هەموو ئەوانەی کە لەماڵەکە بوون ئیشیان تیا ئەکرد سەرەڕای هاوکاری دراوسێکان. ئینجا ئەهاڕرا... لەم ئاردەش نان دروست ئەکرا تۆزێك ئاردی شادانەی تێ ئەکرا بۆ ئەوەی کەمێك خۆی بگرێت و تامێکی تایبەتی باشی پێ بدات.... ئیتر پێویستی بەنان فرۆشتن نەبوو چونکە تەنها بێگانەکان نانیان ئەکڕی! وە ئەگەر داواشیان بکردایە ئەوا ماڵەکان پێیان ئەدان جا چ شەرمەزارییەك لەوە گەورەتر هەیە کە نان بفرۆشی هەروەك خەڵکی بەندەر ئەیانفرۆشت کە بوو بوونە بنێشتە خۆشەی سەرزمان چونکە نانیان بە خەڵکی ئەفرۆشت!



Scanned with CamScanner

بەڵام ئەگەر نان لە بازاڕدا نەئەفرۆشرا ئەوا دراوێکی دان پیانراو بوو لەم بازاڕەدا!! دراوی ڕۆشتوو لە گوندەکەدا تەنها پارەی کاغەز یان پارەی زیوی و کانزایی نەبوو بەڵکو چەند جۆرێك دراوی تریش هەبوو لەپێش هەمووشیانەوە... (بەتاو) بوو بەتاویش نانی پەتی زەڕات یان زەڕاتی تێکەڵ بە گەنم بوو بۆ ئەوەی جیا بکرێتەوە لەنانی پەتی گەنم کەپێی ئەوترا لەواشە هەرچەند هەندێ جار لەسەر شێوەی (بەتاو) درووست ئەکرا.

جا کە مناڵەکان لەماڵە هەژارو مام ناوەندییەکاندا کە ڕۆژانە بەزۆری پارەی ڕۆژانەیان نەبوو. ئەمەش مانای وا نەبوو کە پێیان نەئەدان چونکە ئەم بەتاوە بچووکە دراوێکی دان پیانراو بوو لەگوندەکەدا ئیتر مناڵەکە (بەتاوێکی ڕائەکێشاو بۆی دەرئەچوو بۆ بازاڕچەکە ئیتر چەند جۆرێك میوەی وشکی پێ ئەکڕی هەروەك هەنارو گوێژیشی پێ ئەکڕی وە یان دار قەسەبیان پێ ئەکڕی کە پێی ئەوترا (دەقلە) وە یان بەپێی ئارەزوویان ئەم میوە بچووکانەیان ئەکڕی وە یان دەرئەچوو بۆ لای فرۆشیاری بەلیلە – واتە گەنمی خووساو بە ئاو و خوێ – بەتاویش لەم هەموو بوارانەدا دراوێکی بەنرخ بوو نرخەکەی بەرزو نزمی ئەکرد بەپێی گرانی خەلەی گشتی و بەپێی قەبارەکەی و ڕێژەی تێکەڵەکەی هەروەها بەپێی کوالیتی درووست کردنەکەی جا بەم بۆنەیەوە (بەتاوی) هەندێ ماڵ لەم بوارانەدا ناوبانگی تایبەتی هەبوو هەروەك دراوی هەندێ وڵاتی پشت پێ بەستراو نرخ و بایەخی خۆی هەبوو لە بازاڕدا.



Scanned with CamScanner

ئیتر فرۆشیارەکان لە هەوڵی وەرگرتنیدا بوون و لە بەرامبەریدا بڕێکی زۆر لە شتومەکە هەرزانەکانیان پێ ئەدا!

وە تەنها (بەتاو) دراوی سەربارە نەبوو لەبازاڕی گوندەکەدا بەڵکو چەند جۆرە دراوێکی تریش هەبوو بێجگە لە فەرمییەکان ئەوانیش: خەلەو سۆس و (پەیینی) مریشك یان کۆتر واتە ڕیقنەکەیان... هەموو ئەمانە پڕ بە گیرفانێ شتیان پێ ئەکڕا یان پڕ بە کڵاوی منداڵێك یان پڕی قاپێکی دیاری کراو لەمیوەو پیازو توور وە لەو هەموو شتانەی کە لە (بازارچەکە)یان دووکانەکاندا دائەنرا!

وە تەنها منداڵەکان لەگەڵ ئەم دراوەدا هەڵس و کەوتیان نەئەکرد بەڵکو گەورەکانیش... جا پارە لە ڕاستی دا تەنها دراوێکی سەرەڕایی بوو لە چاو دراوە باوەکانی گوندەکەدا بەتایبەتی لەکڕینی شتە بچووکەکاندا!

(بێگانەکان) ئەگەر بیانویستایە خواردنیان بەم نانە دەکڕی کە لای فرۆشیارەکان کۆ دەبوویەوە هەرچەند ئەگەر داوای نانیان بکردایە بەخۆڕایی پێیان ئەدان هەروەك پێشتر باسمان کرد بەڵام ئەمە سواڵ و پاڕانەوەیە وە ئەوانیش سواڵکەرو دەست پان کەرەوە نەبوون... بەڵکو ئەوان کەسانی بەڕێزو بەشەرەف بوون.

*******************

ئینجا ڕووداوێك ڕووی دا کە ئەم هاوڕێیەمان هەر چەند بژی ناتوانێ لە بیری بکات.ماڵیان خواردنی ئەدا بە (گەلەکە) وە دایکیشی خۆی خواردنەکەی ئامادە دەکرد هەروەك چۆن کە خۆشی خواردنی بۆ



Scanned with CamScanner

خێزانەکە ئامادە دەکرد ئەمەش ئەو ئارەزووەی بوو کە حەزی دەکرد پاداشتی خوایی وەرگرێ کە بەدەستی خۆی خواردن چاک دەکات بۆ ئاوارەکان... وە باوکیشی خۆی هەڵدەستا بە کڕینی گۆشت لەلای گۆشت فرۆش وە هەمان ئەو جۆرەشی ئەکڕی کە بۆ خێزانەکەشی هەڵی ئەبژارد چونکە قەسابەکان ئەم هەلەیان دەقۆستەوەو مەڕو مالآتی لەڕو لاوازیان سەر ئەبڕی و کەمێك نرخەکەیان هەرزان ئەکرد ئیتر زۆرێك لەوانەی کە حەزیان ئەکرد دەستیان بکەوێ ڕوویان تێ کردن... وە (ئاوارەکانیش) هیچ کەم و کورتییەکیان لەهیچ جۆرە گۆشتێکدا بەدی نەئەکرد!

وە ئەم بڕە خواردنانەش کە پێشکەشبەم گەلەیە ئەکران بڕی پێویست بوو لە هەر خواردنێك لەنان و گۆشت و لە پێخۆر.

بۆ ئەمەش باوکی سەرسام بوو کاتێ کە سەرۆکی گەلەکە هات و داوای لێ کرد تا لەسەر حسایی خۆیان نانی ئێوارە بخۆن لە بەرامبەردا نیو قرشیان بۆ زیاد بکات لەبری نانی ئێوارە.

نیو قرش؟ ئایا ئەم هەموو خواردنە لەلای ئەوان نیو قرش ناهێنێ..؟ ئیتر دەستی کرد بە تووڕە بوون بەهۆی ئەوەی کە بەو خزمەتە نازانن کە پێشکەشیان دەکرێ بەڵام سەرۆکی گەلەکە دەسپێشخەری کرد کە ئەوە لە دەروونیا لابات کە بۆی دروست بووە تێیگەیاند کە پارەکە بۆ ئەوان و بۆ خێزانەکانیان بەرژەوەندی ترە بەڵام چێشتەکە هەموو خواردنێك هەر چێشتە..! وا دیار بوو باوکی هەر تووڕە بوو بەڵام بەبێ قسە پێشنیارەکەی قبووڵ کردو گفتووگۆکەی واز لێهێنا. چوار ڕۆژ ئاوا



Scanned with CamScanner

مانەوە لە دەرەوەی ماڵەکە نانیان ئەخوارد ئینجا بۆ خەوتن ڕوویان لەوێ دەکردەوە بەبێ ئەوەی خەڵکی ماڵەکە شتێك لە ژیان و گوزەرانیان بزانێ... ڕۆژی پێنج شەممەش زوو بۆی دەرچوون بۆ ئەوەی کاری یەکێك لە کێڵگەکان تەواو بکەن و ئامادەبن بۆ دەست بەکار بوون لە کێڵگەیەکی نوێدا هەر لە بەیانییەوە.

لەم ڕۆژەدا سەرۆکی گەلەکە لەڕێی منداڵە هاوڕێکەیانەوە داوای لە ماڵەکە کرد کە مەنجەڵێکی مسیان بدەن بەلاوە بۆ چێشت لێنان (بۆ جارێك)، داواکەیان جێ بەجێ کرا ئینجا ڕووخسەتیان خواست کە ئاگردانی ژێر خانەکە بەکاربهێنن ئیتر ڕێیان پێدرا (ئەم ئاگردانە لە خشت درووستکرابوو لەسێ لاوە گیرابوو تەنها یەك لای کرابوویەوە. مەنجەڵیش لەسەر سێ پاکەی دائەنراو لەلا کراوەکەیەوە سووتەمەنی تێ ئەکرا ئاگرەکە پێ ئەکرا تا خواردنەکە پێ ئەگەشت یان ئاوەکە گەرم ئەبوو... چونکە خەڵوز بە دەگمەن بەکار ئەهات و تەباخی نەوتیش زۆر بە کەمی لەگوندەکەدا هەبوو وە بڕواش وەها بوو کە ئەو خواردنەی بەهێواشی پێ ئەگەشت لەسەر سووتەمەنی (پەین)و داری زەڕات و لۆکە باشترە لەو خواردنەی کە بە خێرایی پێ ئەگات لەسەر تەباخی نەوت.



Scanned with CamScanner

گەلەکە ئاگرەکەیان پێ کردو ئاویان کردە مەنجەڵەکەوە ئەیانویست چێشت لێ بنێن... ئینجا داوای کەمێك مولوخیەی[4] وشك و کەمێك خوێیان کرد ئیتر پێیاندان...

خەڵکی ماڵەکە بێگومان بوون لەوەی کە گەلەکە بڕێك لە گۆشت و چەوریيان ئامادە کردووە لەگەڵ کەمێك پیاز یان سیر.... ئەگەر نا ئەوا ڕۆن و پیازو هەروەها سیریشیان پێ ئەدان...

بەلأم چی..؟

ئا ئەوەتا ئاوەکە ئەکوڵێ وە خوێ و مولوخییەکەی تێ ئەکەن ئینجا یەکێکیان دارێکی وشکی زەڕاتی هەڵگرت و توێکڵەکەی لابردو کەمێك خواردنی ناو مەنجەڵەکەی ڕاژەنی ئینجا لەسەر ئاگرەکە دایگرت ئیتر هەموویان بەخێرایی جامی مسی بچووکیان ئەژەنییە مەنجەڵە گەورەکەوە هەندێکیان بە چڵێسییەکی ئاشکرا مولوخییەکەی ئەنۆشی هەندێکی تریشیان جامەکەیان لار ئەکردەوەو نانە وشك و زبرەکەیان تێ ئەگوشی وە بە دەستیان و بە پەلە ئەیان خوارد....

منالەکە نەی ئەتوانی بڕوا بە چاوی بکات.... ئەو بەدرێژایی کردارەکە ئامادە بوو. بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا بڕوای نەئەکرد خواردن بەبێ گۆشت و بەبێ ڕۆن و بەبێ سیر و پیاز تەنانەت بەبێ بیبەر. ئینجا ئەم خەڵکەش ئەتوانن بیخۆن سەرەڕای ئەمەش ئاوەها هەڵمەتی بۆ دەبەن و دێنە پێش

---

[4] مولوخیە: جۆرە ڕووەکێکە، لێ دەنرێت.

بۆی..؟! ڕای کردە سەرەوە بۆ قاتی دووەم کە باوک و دایک و خوشکەکانی لەوێ بوون هەواڵەکەی پێ ڕاگەیاندن هەروەک ئەوەی کە ئەفسانەیەک بگێڕێتەوە کە جێی بڕوا نەبێ... بەدڵنیاییشەوە لای ئەوان ئەفسانە بوو.
هیچ کەس لەوە گومانی نەبوو کە ئەمە سوعبەت ئەکا.

بەڵام ئەو سوێندی ئەخوارد ئیتر هەموویان دوو دڵ بوون لە نێوان ئەفسانەی سەیرو ئەم دووپاتکردنەوەیەی بە سوێندەکانی. ئینجا پێیان وت: لەوانەیە ئەو ورد نەبووبێتەوە لە گۆشت و ڕۆنەکە لەوانەیە ئەوان بەڕێگایەکی تر خواردنەکەیان لێ بنێن کە جیاواز بێت لەڕێگەو شێوازی لێنانی ماڵەکە لەوانەیە ئەو ئاگای لە شتەکانی چێشتەکە نەبووبێ لەکاتی خۆی دا.... بەڵام ئەو چاوی درۆ ناکات... لە باوکی پاڕایەوە کە لەگەڵی بێت و تا لەبەر چاوی خۆی پرسیاریان لێ بکات و هەواڵە ڕاستەکە بزانێ لەگەڵ ئەوەشدا کە باوکی پیاوێکی بەسام و هەیبەت بوو بەڵام سەیری ڕوداوەکە ترساندی ئیتر کەوتە شوێن منداڵە بچووکەکەو بە قادرمەکاندا بەخێرایی و بە پەلە دابەزی بۆ دڵنیا بوون لەم کارە ترسناکە...... باوکی ڕاستی هەواڵەکەی زانی ئیتر لە تاو سەرسامی و دوو دڵی لەکاری ئەو خەڵکانە دەستەکانی ئەپرواند ئیتر پێی ڕاگەیاندن کە هەر لە سبەیەوە لەماڵەوە نانە دیاری کراوەکەی پێشووی خۆیان ئەخۆن و لەگەڵ مانەوەی ئەو نیو قرشەی کە داوایان کردبوو... ئیتر بۆ ئەم پیاوە گەورەو دڵ فراوانە هەموویان ڕوویان کردە خواو دەستیان بەسوپاسەوە بۆی بەرز کردبووەوەو لێی ئەپاڕانەوە!



Scanned with CamScanner

باوکی ڕۆشت پێش ئەوەی نزاکانیان تەواو بکەن کە داوای خۆشبەختی و تەمەن درێژیان بۆ ئەکرد وە داوای ژیان و لەش ساغیان بۆ منداڵەکەی و نەوەکانی ئەکرد.... بەڵام منداڵەکە نەڕۆشت. کاری هاوڕێکانی سەخڵەتی کردبوو وە زۆر حەزی ئەکرد شتێکی زیاتر سەبارەت بە ڕاستییەتی ژیانیان بزانێ لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ کە ئەیان نارد بۆ کارێك زۆر پرسیاری نەئەکرد تەنها یەك پرسیاری ئەکردو هەموو جارێکیش یەك وەڵامی وەرئەگرتەوە... ئیتر جارێکی تر ئەو پرسیارەی نەئەکردەوە....

ئەو شەوە زۆر شتی زانی... زانی کە گۆشت لە ژیانی ئەواندا میوەیەکی دەگمەنەو لە جەژنی قوربانندا ساڵەو ساڵ ئەیچێژن زانی کە ڕۆن لەجیهانی ئەواندا بوونی نییە وە زەیت - بەتایبەتی زەیتی کاهو تا ڕادەیەك لای هەندێ کەسیان هەیە - شوێنی ڕۆنی گرتبووەوە بۆ چێشت. دەزانی کە گەنم ماوەیەکە پەیوەندی بەوانەوە نییە تەنها زەڕاتیان بەسە کە خوای گەورە بە میهرەبانی خۆی ئەم نانە زبرەی زەڕاتی پێ بەخشیون کە ئێستا پێیانە. زانی کە شەکر ماددەیەکە دەربارەی شت ئەبیستن لەماڵە دەوڵەمەندەکانیانەوە....

وەکو شێخ (موحەممەد عولەیم) ئەو پیاوە کە متمانەی پێ ئەکەن کە ماڵ و منداڵیان بدەنە دەستی کاتێ کە خۆیان لەوێ نین.... کە بەجۆرێ خوای گەورە نیعمەتی پێ بەخشیوە کە هەموو مانگێك (یەك کەلە شەکر) لەماڵەکەی ئەبەخشێ وە خەڵکێکی زۆریش کە ئەهاتنە ئەم ماڵە قاوەیان دەخواردەوە! وە زانی کە ئەم قرووشە کەمانە کە ساڵانە پێنج تا شەش



Scanned with CamScanner

جارێك ئەیان ناردەوە بۆ کەس و کاریان بودجەی خێزانیان بوو بۆ هەموو ساڵەکە زۆر بە ئارامییەوە چاوەڕێیان دەکرد مەگەر کەسانێك نەبێ کە ئەڕۆشتن بۆ قاهیـرەو شوێنەکانی تر ئەوانە بودجەیان زیاتر بوو چونکە هەریـەك لەوانـە سـاڵانە جونـەیهێك تـا دوو جونـەیهی بـۆ خێزانەکـەی دەنـاردەوە ! زۆر شـت و شـتی تـریش فێـر بـوو کاریگـەری قـوڵی لەسـەر دەروونی و قورسی ڕووداوەکە لەسەر هەستی دیار نەبوو تەنها ئەوە نەبێ ئێـستا هـەر کـات بـۆ کاتێـك بـەبیری خۆیـدا ئەیهێنێتـەوە لـەناخی دڵـەوە هەست بە شـەرمەزاری ئەکات هەست بە شـەرمەندەیی خـۆی و گەلەکەی ئەکات..

ئـەو دزە... دزی ئـەو (ئاوارانـە) ملیۆنـەهای وەکـو ئـەوان کـە ئـاڵتوون لـە شیوەکەی ئەودا ئەڕوێو ئەوانیش برسی ... دزە دز...!

ئەگەر یاسایەکی دادپەروەرانە هەبووایە ئەوا پێش ئەوانەی کە یاسا بە دزو جەردەیان ئەزانی ئەمی ڕاپێچی زیندان دەکرد..!

ئەمە ئەو هەستەی بوو کە هەمیشە بە مێشکیا ئەهات هەرکات دابنیشتایە و خـواردنێکی چـەور یـان میوەیـەکی بـەتام یـان شـیرینییەکی خۆشـی بخواردایە وە یان هەرکات چێژی لە سادەترین خۆشییەکانی ژیان ببردایە لەنێوان ملیۆنەها کەسی بەش خوراودا..!

## ١١



Scanned with CamScanner

# غەم و پەژارەی گوندەکە

دڵە بچووکەکەی هەر زوو هەستی بەتاڵی غەم و پەژارە کرد... ئەو ڕۆژە لە قوتابخانە گەڕایەوە وەکو هەمیشە ڕۆشتە لای دایکی بینی بەدەم چڕینی باڵۆرەوە بەدەنگێکی کز خەم و پەژارەی دەرئەبڕی کە لە چاوەکانیا بەکوڵ فرمێسک دائەباری – وە کاتێ کە چاویشی پێ کەوت – گریانەکەی زیادی کردو خۆی پێ نەگیـرا.

ئەمە یەکەمجار بوو ببینێ کە دایکی دەگری تەمەنی لە دە ساڵی تێپەڕی نەکردبوو. پێشتـر بە دڵتەنگی بینی بووی بەڵام هەر کە پرسیاری لێ بکردایە: دایە گیان چیتە..؟! یەکسەر بە زەردەخەنەوە وەڵامی ئەدایەوە بەسۆزەوە لە باوەشی ئەگرت و ئەیوت: هیچ گیان! هیچم نییە تەنها کەمێك ماندووم .... بەڵام ئەمجارە بە ئاشکرا دەگری.. ئەم جارە فرمێسك بە چاوەکانیا دائەباری و زەردەخەنەی نەبو تا دڵنەوایی ژان و ئازاری بداتەوە. بە واق و وڕماوی بەرامبەری ڕاوەستابوو هەروەك ئەوەی بەڵایەکی بەسەردا هاتبێ هیچ هەنگاوی نەئەنا بەڵام بەبێ دەنگی ڕوبەڕووی وەستابوو.. ئیتر بەبوونی کوڕەکەی و وەستانی لە بەرامبەریدا بە ئاگا هاتەوە بەڵام لە تاو گریان خۆی پێ نەئەگیرا پاشان خۆی ڕاگرت و لە باوەشی نا سەری خستە باوەشی خۆیەوە ئیتر خەم و پەژارەی دایکی گوازرایەوە بۆ دڵە بچووکەکەی و بەبێ ئەوەی هۆیەك بۆ گریانی خۆی و دایکی بزانێ..!



Scanned with CamScanner

لێرەدا دڵی دایکی بە ئاگا هات لەخۆشی کوڕە تاقانەکەی دا... ئاخر ئەو کاتە تاقانەی ئەو بوو لەگەڵ دوو خوشکی دا کە یەکێکیان سێ ساڵ لەو گەورەترو ئەوی تریشیان هەر بەو ئەندازەیە لێی بچووکتر بوو.... هێشتا برا بچووکەکەی و دوو خوشکەکەی تری نەبوو بوون. تا ببنە خێزانێك ترسی تیاچوونی نەبێت، دایکی بە سۆزو خۆشەویستییەوە توند بەخۆی دا ئەگوشی ئەویش هێشتا هەر ئەگریا.... کاتێ دایکی پێی وت کە نەگریێ ئەویش پێی وت کە جارێکی تر نەگریێ.

بۆ ئەوەی ترسی ئەو و خۆیشی لاببات وتی:

– کوڕم هەتا تۆ مابی ناگریم... خۆشی لە تۆ و ژیانتاندایە – مەبەستی لە دوو خوشەکەی بوو – ئێوە و باوکتان بەسن بۆ من!

منداڵەکە بێدەنگ بو و سەیری دەم و چاوی دایکی کرد بینی فرمێسکەکانی وشك بوونەتەوە و دەم و چاوی مژدە دەبەخشێ ئیتر ئەویش خۆشحاڵ بوو پرسی: دایەگیان چیتە..؟!

سەیری چاوی کوڕەکەی کرد هەروەك ئەوە ی هەست بکات کە منداڵەکەی بووە بە پیاو وە ئێستاش ئیتر کاتی ئەوەیە کە هەندێ لە دەردە دڵییەکانی خۆی بۆ بکا و پێی وت:

– کوڕم فلانە کەس پێت ئەڵێم بەلام بەڵێنم پێ ئەدەی کە ببیتە پیاو..؟

ئەو وشەی (پیاوە) هێنایە لەرز چونکە زۆر زۆر حەزی ئەکرد کە بە خێرایی گەورە ببێت وتی:

– بە دڵنیاییەوە.



Scanned with CamScanner

- دایکیشی وتی: ئەمڕۆ باوکت پارچە زەوییەکی فرۆشت.
تا ئەو کاتە بە شێوەیەکی پراکتیزی نەیئەزانی واتای ئەمە چییە... هەر بە بچووکی کە نرایە قوتابخانە ئیتر سەرقاڵی ژیانی قوتابخانە بوو گوێی بە کاروباری کشتوکاڵ نەئەدا وەکو ئەوەی کە هاوتەمەنەکانی ئەو لەگوندەکە گرنگیان پێ ئەدا تەنانەت ئەگەر ئەم ڕستەیە بە یەکێکیان بوترایە یەکسەر واتای ئەزانی.؟!

ئیتر دەستی کرد بە پرسیار کردن دەربارەی واتای ئەم هەواڵە و پەیوەندیشی بە گریانەوە دایکیشی وەڵامی دایەوەو وتی:

- واتای ئەمەش ئەوەیە کە زەوی و زارەکەمان کەم ئەکات. پێشتریش چەند جارێک بەم جۆرە فرۆشتنانە کەمی کردووە. باوکت ساڵ بۆ ساڵێک برێک لە زەوییەکان ئەفرۆشێ... ئەگەر ئاوا بەردەوام بێت ڕۆژێک دێت نە زەویمان دەمێنێت و نە ماڵ و نە ئاژەڵ و نە شتێک لەمانەی کە ئەیانبینی.

ئێستا تێ گەیشت – یان هەستی بەو مەترسییە کرد کە هەڕەشەی لێ کرد – هەڕەشەی لە خودی ئەو ئەکرد.... ئایا ئیتر ئەو (زەوی و زارە) لەدەست ئەدا کە ڕۆژانی هەینی بۆی ئەڕۆشت و بازی ئەداو یاری ئەکرد و گاڵتەی لەگەڵ ئەوانەدا ئەکرد کە ئیشیان تیا ئەکرد و ئاژەڵەکانی ئەوانیان تیا ئەلەوەڕاند..؟! ئاژەڵەکانی ئەوان! ئایا ئەم ئاژەڵانە لەدەست ئەدات..؟! بەتایبەتی ئایا ئەو مانگایە لەدەست ئەدا کە شانازی پێوە ئەکا کە هەرچەند ئاژەڵەکانیان بگۆڕن ئەو هەر ئەمێنێتەوەو نایفرۆشن بەهۆی ئەو خەسڵەتە تایبەتییەی لەشیردانی و زۆری کەرێی... گرنگتر لەمەش:



Scanned with CamScanner

ئەو هاوڕێیەتییە پتەوەی کە لەگەڵی هەیەتی پەیوەستە پێوەی هەروەك چۆن پەیوەستە بە دوو خوشکەکەی و بەدایکییەوە لەڕاستی دا تا ڕادەیەك هاودەمی ژیانی ئەو و دوو خوشکەی بوو بەجۆرێك بوو بوویە (کەسایەتییەکی) خۆشەویست لای ئەو و هەموو ئەندامانی ماڵەکە!

ئینجا ماڵەکەیان.... ئایا ئەم ماڵەش لە دەست ئەدا..؟ .... لێرەوە هەستی بە غەم و پەژارە کرد کە پێشتر هەرگیز ئاوا هەستی پێ نەکردبوو. ماڵە جوان و فراوانەکەیان و بیرە تایبەتییەکەی.... ئەو بیرەی کە مەڕو ماڵاتی خۆیان و مەڕو ماڵاتی هەموو کۆڵانەکە ئاویان تیا ئەخواردەوە ئەو بیرەیان کە فیزی پێوە ئەکرد کە لە ماڵیاندا هەیەو خەڵکی ناچار ئەبوون بەخۆی و ئاژەڵەکانیانەوە بێن و ماستاویان بۆ بکەن تا لە حەوزەکەدا ئاو بخۆنەوە ئەویش خودی خۆی ڕێنوێنی ئەکردن و پێش ئاژەڵەکانیان ئەکەوت و هەستی بە خۆشییەکی زۆر ئەکرد کە ماڵیان ئەم تایبەتمەندییە گەورەیەی هەیە.... ئەو تایبەتمەندییەی کە مانگاکەیان و ئاژەڵەکانیان لەماڵ دەرنەچوون بۆ ئاو خواردنەوە هەروەك ئاژەڵی خەڵکی دەرئەچوو..!!

ئینجا (هۆڵی فرنەکە) ئەو ژوورەی کە تایبەت بوو بە فڕن لە ماڵەکەی تریان. ئەمەش ئەو فڕنە نەبوو کە لە ماڵی یەکەمیاندا بوو... ئەمەش خەسڵەتێکی تر بوو کە خەڵکی یەك فڕنیان هەبوو بەهۆی بەرتەسکی ماڵەکانیانەوە بەڵام ئەم خانووەیان کە هەڕەشەی لە دەستدانی لەسەرە دوو فڕنی تێدایە: یەکێکیان زستانان بۆ گەرم کردنەوە بەکاردێت کە لە ماڵی یەکەمیاندا بوو یەکێکی تریشیان تەنها هاوینان بەکار ئەهات بۆ نان



Scanned with CamScanner

کردن لەوهۆڵەدا بوو کە سەقفەکەی کلاوڕۆژنەیەکی تیا بوو بۆ دەرچوونی دووکەڵ دیوارەکەشی بۆ هەمان مەبەست کون کون درووست کرابوو کە ئەمەش وای کردبوو کە ئەو و خوشکە گەورەکەی بتوانن لەم دیوارەوە باز بدەنە سەر بانەکە لەکاتێکدا خوشکە بچووکەکەی هەوڵی ئەدا بەلاّم نەیئەتوانی ئیتر کەمێك گاڵتەیان لەگەڵ ئەکردو ئەویش ئەیقیژاند ئینجا لەنێوان خۆیاندا یەکێکیان لەملاوە ئەوی تریان لەولاوە هەڵیان دەگرت!

ئینجا (کادانە)کە کە ژوورێکی تەواو درێژ بوو لە تەنیشت خانووەکەیانەوە بوو سەقفی نەبوو کاو داری وشکی زەڕات و پەلاّشی لۆکەی تیا هەڵئەگیرا تاوەکو تووشی سووتان نەبێ ئەگەر لەسەر بان هەڵبگیرێ وەکو خەڵکی گوندەکە – چونکە فراوانی زەوی و زاریان ئەم خەسڵەتەیان بۆ ماڵەکەیان ڕەخساندبوو – ئەم کادانە هێندە کای تیا بوو کە نزیکی سەربانی ماڵی یەکەم بوو بوویەوە ئیتر بۆ ئەو و خوشکە گەورەکەی ئاسان بوو کە لەسەر بانەکەوە خۆیان هەڵبەنە سەر کاکە بەبێ ئەوەی تووشی مەترسی بن ئینجا ئەڕۆشتن و لە پەیژەی خانووەکەیانەوە کە لەلایەکی تریەوە بوو سەر ئەکەوتنەوە بۆ ئەوەی سەر لە نوێ باز بدەنەوە ئاوا پێشبڕکێیان ئەکرد.

ئینجا ڕێگە تایبەتەکەی بەردەم ماڵیان کە شوێنی یاری کردنی بوو لەگەڵ هاوڕێ بچووکەکانی کە تۆپ تۆپێن و چەند یارییەکی ساویلکانەی لادێیانەیان تیا ئەکرد...



Scanned with CamScanner

لە چاو ترووسکانێکدا خەیاڵی ئەم هەموو وێنە شیرینانەی نمایش کرد حەزی ئەکرد بەدەست وێنەکانی بگرێت و بیانگوشێ لەترسی لەدەست چوون...

ئایا ئەمانە هەموویان هەڕەشەی تیا چوونیان لێ ئەکرێ..؟! بڕوای بە شتێك لەمانە نەئەکرد کە ئەوترا. ئینجا بە نیمچە تووڕە بوونەوە ڕووی کردە دایکی و وتی:

- بەڵام بۆچی باوکم ئەم زەوییە دەفرۆشێت..؟

وتی:

- ئاخر پارەی خەڵکی بەلاوە بووە ئەبێ بۆیان بگێڕێتەوە.

ئەمە وەڵامێکی تێرو تەسەل نەبوو. بۆچی ئەبێ پارەی خەڵکی بەلاوە بێت..؟ وە چۆن ئەمەش ڕوو ئەدا کە هەمیشە ئەبینێ توورەکە سپییە درێژەکەی پڕ لە پارەیەو هەموو شتێکیش بەم پارانە دەکڕێ..؟

هەستی کرد کە لەم ساتەیا هەڵەی کردووەو پەلەی کردووە کە کاتی هاتبێت و شت لای منداڵە بچووکەکەی بدرکێنێ ویستی گفتووگۆکە کۆتایی پێ بهێنێ و بەجێی بهێڵێ.... بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بزانێ ئیتر بەدرێژی بۆی باس کرد تا تێگەیشت کە باوکی ساڵانە زیاتر لە داهاتی خۆی خەرج دەکات بۆیە پێویست دەبوو کە بۆ ئەو جیاوازییە هەندێ لە زەوییەکان بفرۆشێ..!



Scanned with CamScanner

لێرەدا تەواوی کارەکەی زانی هەستی بە مەترسی ڕاستەقینە کرد بەڵام بیرو هۆشی بچووکی بەرگەی ئەوەی نەئەگرت کە درێژە بە خەیاڵی بدات تا بگاتە ئەو ڕۆژە دوورە..... وتی:

– نا دایەگیان نەماڵەکەمان دەفرۆشین وە نە کێڵگەکەشمان. وە ئەم ئاژەڵانەو ئەم مانگا گەورەیەش نافرۆشین! هەروەك ئەوەی کە دایکی ئاسوودە بووبێت و بەم وشە سادانەی مناڵەکەی هیوای گەشابێتەوە....

وتی:

– خوا لێت ببیسێ کوڕەکەم!

ئینجا باوەشی پیا کرد پاشان کەمێك لەخۆی دووری خستەوەو چاوی بڕیە چاوی وە گەرمای هەموو باوەڕی لەدەنگی وشەکانیدا کۆکردەوەو وتی:

– ئەی فلاَن کەس گوێ بگرە. لەسەر تۆ پێویستە ئەوە بگێڕێتەوە کە باوکت لەدەستی داوە!

لەگەڵ ئەوەشدا کە گەرمایی باوەڕی دایکی لەدڵیدا جێگیر بوو بەڵام تێ نەئەگەشت کە چۆن ئەتوانێ – کە لە ژێر چاودێری ئەودایە – هەستێ بەم کارە سەرنج ڕاکێشە. لە تێڕووانینەکانی دا هەموو واتاکانی زانین دەستی پێ کرد!!

دایکی وتی:

– کاتێ کە گەورە ئەبی ئەڕۆی بۆ میسر – لای خاڵت – لەوێ فێر دەبی وە ئەبی بە مامۆستا (ئەفەندی) پلەو پایەیەکت دەست ئەکەوێ..... لەو

لە گوندەکە بەهۆی زەوییەکانمان کاتەدا بە بیرت دێتەوە کە زەوییەکانمان لە گوندەکە بەهۆی خەرجییەکانی باوکتەوە ئەفرۆشران ئیتر پارە کۆ دەکەیتەوە وە وەکو برا گەورەکەشت[5] پارە بە فیڕۆ نادەیت بەڵکو تەنها لە پێویستی دا خەرجی ئەکەیت.... ئەو کاتەش پارەیەکی زۆر لە گیرفانتدا کۆ ئەبێتەوە و ئەو زەوییانەی پێ دەکڕیتەوە کە لە دەستیان دەدەین.

لەکاتێکا کە دایکی هەموو ئاواتە جوانەکانی بەمناڵە بچووکەکەیەوە ئەبەستەوە ئەویش خەیاڵی مەلەی ئەکرد لە گەشت کردنیدا بۆ میسر و بوون بە (ئەفەند) کە دەوڵەمەندی ئەکات ئیتر گوێی بە قسەکانی تر نەئەدا....

بەڵام لە پڕ ڕاچڵەکی ، بە پەستییەوە دەم و چاوی هەڵبڕی بینی دایکی سەیری ئەکاو وتی:

– هەروەها پێویستە وەکو خاڵەکانت دەست بڵاو نەبیت. ئەوانیش لە دەست بڵاوی دا وەك باوکت وەهان یان زیاتریش... وە تۆش دەزانی کە هەموو زەوییە فراوانەکان و گەورەکانیان فرۆشت تەنها یەك ماڵی بچووك نەبێ.

لێرەدا بە ئاگا هاتەوە لەڕاستی دا ئەمە یادەوەرییەکی تاڵ بوو لە دەروونی دا... ئەو ناخۆشی نەبینیوە بەڵام هەرکاتێ بە گوندەکەدا تێ ئەپەڕی هەستی پێ ئەکرد کە لە دەمی ژنان و هەندێ لە پیاوان

---

[5] برای دایکی نەبوو.



Scanned with CamScanner

دەیبیـست هـەروەك هەمیـشە بـە تاڵییـەوە لـەدایکی دەبیـست باپیری لە دایکییەوە زۆر دەوڵەمەند بووە چوار خاڵەکەی گەورە بوون و دووانیان ڕۆشتوون بۆ ئەزھەرو دووانیشیان ماونەتەوە بۆ کەشتیاری هـەموویان بە دەست بڵاوییەوە خەرجیان کردووە تا باپیـری مردووە هەموو سەروەت و سـامانەکە بـەلای ڕاسـت و چـەپدا پـەرش و بـڵاو بووەتـەوە کۆتـایی هـاتووە..... تـەنها یـەکێکیان ژیـانی لـە هـەموویان باشـتر بـوو ئـەویش ئەوەیان کە سەرقاڵی خوێندن و ڕۆژنامەگەری بوو لە قاهیـرەدا کە لەگەڵ داپیـرەی دا (داپیـرەی منداڵەکە) دەژی کە تا پلەی پەرستش خۆشی ئەوێ و ناو ناوەش دەیبینێ.

کاتێ کە دایکـی وێنـای ئـەم چارەنووسـەی بـۆ کێشا کە چاوەڕێی ماڵی باوکییەتی – ئەگەر لەسـەر ئـەم ڕێچکەیە بڕوات – ئیتر تـوانی هەست بە قووڵی کارەساتەکە بکات یەکەم تۆوی بەرپرسیارییەتی ڕاستەقینەی لە ناخی دا چێنرا وە زانی بۆچی دایکی هەمیشە پەلەی فێر بوونی دەکات وە بۆچـی پێـداگرە لەسـەر ئـەوەی کـە لـە قوتابخانـەدا بخـوێنێ نـەك لـە حوجرەدا. لەسەری پێویست بوو کە فریای ساختمانەکە بکەوێ پێش ئەوەی بڕووخێ.

**************

زۆرێك لە ژنانی گوندەکە هـەروەك دایکـی ئـەو ژان و ئازاریـان لـە ناخیانا هـەڵگرتبوو وە هـەمان ئـەو ترسـەش کـە ئـەم هـەڵی گرتبـوو هەرچـەند هیوایـەکی لـەم جۆرەیـان نـەبوو بـە منالـەکانیان چـونکە برایـان نـەبوو لـە



Scanned with CamScanner

قامیرەدا وە قامرەش هەمیشە لە خەیاڵی گوند نشینەکاندا پەیوەست ئەکرایەوە بەرزگار بوونی گەورەوەو گۆڕانی ژیان لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر! چونکە سەروەت و سامان لە گوندەکەدا زۆر سنووردار بوو لەلای زۆرێک لە خێزانە مامناوەندەکان ، ئەویش ئەوە دوای ئەوە بە میـرات دەبرا تا دەگەشتە نەوەی سێیەم یان چوارەم تەواو کەمی دەکرد ئەگەر کارێکی نوێ نەدۆزنەوە ئەوا ئەم خێزانە باشانە خۆیان لەباری خراپ و هەندێ جار هەژاری وێران بوونی ماڵەکانیاندا ئەبینییەوە ئەم یادگارییە تاڵە لە ناخی هەموو تاکێکدا بوو وە بە تایبەتیش لەلایەن ئافرەتان ئیتر غەم و پەژارە باڵ بەسەر ماڵدا دەکێشێ و تاریکی خێوەتی خۆی بەسەریدا ڕائەخا ئەگەر ئاسۆی ئومێدێکی نوێ هەڵنەیە...

غەم و پەژارەی گوندەکە مەنگ و درێژ خایەن بوون چونکە کات هاوشێوەی جووڵەو بزووتنەکانیان بەهێواشی هەنگاوی ئەنا.... چونکە مەرگ کە یەک دوای یەک یەخەی ئەندامانی خێزانی دەگرت هەمیشە تاریکاییەکی ڕەشی لەگەڵ خۆی هەڵئەگرت و سەرسنگی هەموانی قورس ئەکردو یەکسەر لە هەموو دەم و چاوێکدا دیار بوو.... ئەم گوندنشینانەش بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ پارێزگارییان لە غەم و پەژارەکانیان دەکرد چونکە خۆراکی دەروونی ئەدان و لە هەموو لایەکەوە نائومێدی دایپۆشی بوون:

دڵتەنگی هەژاری پاش دەوڵەمەندی – کە تاڵە – ناخۆشی هەژاری پشتاوپشت ماوە – کە بە ژانە – ناخۆشی مەرگ و یادگارییەکانی.



Scanned with CamScanner

مردنـەکانیش لەگوندەکـەدا زۆر بـوون پێویـستی بـە نـەژادی زۆر بـوو تـا شوێنی بگرێتەوە. بەڵام هەر مەرگێك یادگارییەکی هەمیشەیی بوو لە دڵی دایك یـان هاوسـەر یـان خوشـك دا بـەردەوام هـەر کـە پرسـەك ببوایە یان ڕووداوێك ڕووی بدایە دووبارە ژان و پەژارەکان نوێ دەبوونەوە. ئیتر پـەنا دەبرایە بەر نائومێدی و خەفەت بەدەم چرینی (بالۆرەوە).

بەهۆی ئەوەی کە پیاوەکان خۆیان لەکێڵگەکاندا دەبینیـەوە ئەیان تـوانی لە بیـر بکەن ئاسۆی ڕووناکی دەرووني ڕووناك دەکردنـەوەو ئومێدی پـێ دەبەخشین کشتوکاڵ سەری دەرئەهێنا پاش ئەوەی کە زەوییەکە ڕووتەڵی و ڕەشایی بوو ئیتر دڵیان پڕ دەبوو لە ئومێدی شاراوە کە ساویلکەییە قووڵەکەیان هەستی پێ نەئەکرد .... بەڵام بەزۆری ژنـەکان ماڵیـان بەجێ نەئەهێـشت – تـەنها ئەوانـە نـەبن کـە زۆر هـەژار بـوون و ئەڕۆشـتنە کێڵگەکانەوە – ئەو ژنانە چی خەم و پەژارەکەیان لە یاد ئەکا ماڵەکانیان تاریك و هۆڵەکانیان دڵتەنگ بە تایبەتی کە شەو دادەهات تـەنها ئەو چرا کزانە نەبێت هیچ ماڵەکانیانی ڕووناك نەئەکردەوە چرای بچووکی نـەوت کـە ڕووناکییـە کزەکـەی بەسـەر دیـوارە تاریکەکانـەوە ئەدرەوشـایەوە سێبەرەکانیان لەسەرییەوە وەکو خێو سەمای دەکرد هەستی خەمباری لە ژان و ناسۆری خێوەتی بەسەر ماڵەکان و ئەوانەی تیایدا بوون هەڵئەدا.

ئینجا ڕەنگە تاریکەکان لە جل و بەرگدا. تەنها بووك لە ساڵانی یەکەمی دا ڕێی پـێ ئەدار کـەمێك خۆی برازێنێتـەوە و دڵخۆش بێت و جل و بـەرگی دڵخۆشـکەر لەبـەر بکات جا هـەر کـە چەند ساڵێکی پـێ دەچوو تەمـەنی



Scanned with CamScanner

بەرەو پێش دەچوو دەگەشتە سی ساڵی ئیتر لەسەری پێویست بوو کە (خۆپارێز) بێت وە ئەگەر بەردەوام بووایە لەڕازاندنەوەو جل و بەرگی جوان و دڵخۆشی خۆی ئەوا زمانەکان ژیانیان ئەخوێندەوەو ئەبوویە جێی ڕەخنە لە هەموو لایەکەوە ئەمە لە تەمەنێکدا کە کچە هاوڕێکەی لە شاردا ژیانی ڕاستەقینەی خۆشبەختانەی دەستی پێ دەکرد!

هۆکاری ئابووریش لەپشت هەموو ئەمانەوە بوو جل و بەرگی جوان گران بوو پاك و خاوێنی بەردەوام پارەی تێ ئەچوو وە جل و بەرگی تاریکیش بەرگەی ئەگرت و چڵکی پێوە دیار نەدەبوو کە بۆ ئەم مەبەستە کرابوون.... بەلأم خەڵکەکە حەزیان نەئەکرد دان بنێن بەوەدا کە لایەنی ئابووری ڕێگای هەڵس و کەوتیان دیاری دەکات. ئیتر پەیوەستیان دەکردەوە بە ڕەوشتەوە جا ئەگەر کچ یان ژن خۆی نەڕازاندایەتەوە و پاکوخاوێنی خۆی نەکردایە ئەوا نموونەی ڕەوشتی ویستراو بوو!

*************

تەنها یەك مانگ لە هەموو ساڵێکدا گوندەکە دڵخۆش دەبوو غەم و پەژارەکانی لەیاد دەکرد .... ئەویش مانگی ڕەمەزان بوو. نهێنی ئەم دڵخۆشییەش بریتی بوو لە: یەکەم ڕووناکی کە لە زۆرێك لە ماڵەکاندا بلأو دەبوویەوە کە (دادەنیشتن) واتە دەرگاکانیان دەکرایەوە بۆ سەردان و قورئان خوێنەکانیش بەدرێژی مانگی ڕەمەزانیش قورئانیان دەخوێند ئینجا چراکانیش لەسەر هەندێ دەرگا هەڵدەواسران و ڕێگای زۆرێك لە هاتووچۆکەرانیان ڕووناك دەکردەوە و دادەنیشتن لە شەونخوونی دوا



Scanned with CamScanner

دەکەوتن و بێ ترس بوون لە (خێوەکانیش) چونکە هەروەك سەردەمی کۆنیان لەگەڵ پێغەمبەر سولەیماندا کۆت کرابوون لە مانگی ڕەمەزاندا..!

وە تەنها ڕووناکی لە مانگی ڕەمەزاندا گوندەکەی دڵخۆش نەدەکرد بەڵکو بە هەمان شێوە خواردنیش ! گوندەکە بە یەکسانی هەژارو دەوڵەمەندی خۆی ئامادە دەکرد بۆ ئەم مانگە پیــرۆزە بەخواردنی تایبەتی باش بۆ هەردوو ژەمی بەربانگ و پارشێو ڕۆژانە تا ڕادەیەك وەکو یەك خواردنیان لێ دەنا گۆشت و میوە بە بڕی دیاری کراو دەخورا جووڵەیەکی ئاشکرای بۆ ئەم ئامادەکارییە تیا بەدی ئەکرا... وە کاتێ کە گوندەکە ڕووناکی و خواردنی هەبوو لە مانگی ڕەمەزاندا ئیتر غەم و پەژارە شاراوەکانی لە یاد دەکرد و بەدەم ژیانەوە پێ دەکەنی!

لە بۆنەو جەژنە دووبارە بووەکاندا ئەم دیاردەیە سەری هەڵئەدایەوە بەتایبەتی لە مەولوودی پێغەمبەردا بەهۆی بوونی دوو مادده سەرەکییەکەی دڵخۆش بوون . پاشان ئەم جووڵە لەپڕە دائەمرکایەوە و گوندەکەش دەگەڕایەوە بۆ تاریکییە نوتەکەکەی ، دەگەڕایەوە بۆ بێبەشییە بۆ ماوەکەی و غەم و خەفەتە چاولێکەرییەکەی ، غەم و پەژارەکەی ئەگیەڕایەوە کە ناویان لێ نابوو (نەگبەتییەکانی زەمانە).

نەگبەتییەکانی زەمانەش: نەگبەتی هەژاری و بێ بەش بوون.... نەگبەتی ستەمی دەسەڵاتداران گوندنشینیش هەمیشە ڕقی لە دەسەڵاتداران بوو: ڕقی لە دانی باج بوو بۆ زەوییە کەمەکانی ڕقی لە داواکارییەکانی ئاغا بوو کە دەستبەرداری داواکارییەکانی حوکمەت نەئەبوو: بلیتی کۆمەڵەی



Scanned with CamScanner

خێرخوازی کە نرخی باجەکانی لەو خەڵکانە دەسەند کە زۆر پێویست تر بوون لەوەی کە هاوکاری کۆمەڵەی خێر خوازی بکەن هەروەها بلیتی مانگی سووررو بلیتی فریاکەوتن... ئینجا بە زۆرە ملێ بردنیان بۆ پرد چاککردنەوە هەروەها زۆرە ملێی پاککردنەوەی کێڵگەی سەرمایەدارەکان لەکرم و گەڕانیان لە دەرەوەی گوندەکەداو لەناوبردنی کوللە.....

ئا لەم جۆرە (فەرمانانە) کە لە ژماردن نەئەهاتن گوندنشین وا هەستی ئەکرد و وا خۆی ئەماتە پێش چاو کە ئاژەڵ یان (کەری کارە)!

ئینجا نەگبەتی کوێرەوەری بەردەوام لەزەوی و زاردا بۆ بەدەست هێنانی قوتی لە زەڕات ئای خۆزگە بە درێژایی ساڵ هەبووایە.

ئینجا نەگبەتی چاولێکەری - بەتایبەتی بۆ ئافرەت - کە لە دیدی پیاواندا لە شت و مەك زیاتر نەبوو.... وە هەتا ماڵە باوکانی ئاوەدان بووایە ئەوا تا ڕادەیەك پێخدار بوو چونکە سەروەت و سامانێك چاوەڕێی ئەکرد بەلاّم ماڵە باوانی وێران بووایە - وە زۆرێك لە ماڵانیش وێران دەبوون هەروەك باسمان کرد - ئیتر لێرەوە بەدەست سەرشۆڕی و کلۆڵییەوە ئەیناڵاند کە ژیانی یەك پارچە دەبوویە تاریکی.

**************

لەنێوان ئەم غەم و پەژارەو نائومێدی و وە لە نێوان (نەگبەتییەکانی زەمانەدا) ژیان بە یەك بزە پەوی ئەگەشایەوە: ئەویش ئەو منالاّنە بوو کە گەمەو گاڵتەو گەپیان ئەکرد بەدرێژایی ساڵ ئازاد بوون لە کارکردن و کوێرەوەری تا تەمەنێکی دیاری کراو کە لە دەساڵ تێپەڕی دەکرد.



Scanned with CamScanner

ئەمە پێش چارەکە سەدەیەك بوو. وە کاتێ کە گەڕایەوە بۆ گوندەکە خۆشەویستەکە تامەزرۆی ئەم يارييانە بوو پرسیاری دەربارەی خۆشی منالان کرد..... پێی وترا: هەموو شتێ کۆتایی هاتووەو کۆتا زەردەخەنەش لەڕووی ئەم زەمانە پڕ ژانەدا کوژاوەتەوە ژیان تەواو سەخت بووە ئیتر ڕێ بە منالان نادرێ یاری بکەن و پێ بکەنن و خۆشحاڵ بن... هەر لە کاتژمێر حەوت یان شەشەوە بەرەو کێڵگەکان بەڕێ دەکەون بۆ کارکردن – کۆبوونەوە پاکەکانیان و یارییە جوانەکانیان لەگوندەکەدا بە یەکجاری دیار نەمان. کات دووبارە ڕقیان هەڵدەسێنێ و پشتیان دەشکێنێ و سەر لەنوێ تووشی چەرمەسەرییان دەکاتەوە...... نەگبەتییەکانی زەمانە هەموویان دەستێکیانی لوول کرد و دەستەکەی تریش یاسای بە زۆر فێرکردن منالانی لەکارکردن دابڕی بەمەش پارووی دەمییانی لێ گرتەوە ئینجا نەزانستی پێدان و نە خواردن!



Scanned with CamScanner

# ١٢

## کۆچ

کاتی ئەوەی هاتووە کە گوندەکە بەجێ بهێڵێ و ئیتر چیتر تێیدا نەمێنێتەوە.کارێکی گرنگ چاوەڕێی ئەکا. خۆی پڕ چەك کردووەو ئامادەی بەرەنگاربوونەوەیە.... پڕچەکە بۆ ئەم کارە گرنگە کە دایکی ئامادەی کردبوو بۆی و لەمی شاردبوویەوە هەر لەو ڕۆژەوەی کە چوویە قوتابخانە ئینجا ئەو ڕۆژە بۆی ئاشکرا کرد کە چووە لای بینی ئەگری..! ئەو لەسەری پێویستە ئەو شکۆمەندی و سامانە بۆ خێزانەکە بگێڕێتەوە کە لەدەستی ئەدا. ئەمە ئەو شتانە بوون کە لەدایکی بیستنی و بەڵێنی پێ ئەدا بەکۆچ کردن... بۆ ئەوەی گەشت بکات بۆ قاهیرە بۆ لای خاڵی تا فێر ببێ. ئیتر وردە وردە گەورە بوو دوو ساڵیشە قوتابخانەی گوندی بەجێ هێشتووە جا ئەگەر شۆڕش و پچڕانی هاتووچۆ و تێکچوونی بارووددۆخ نەبوایە هەر ئەو کاتە گەشتی ئەکرد.

بەڵام ئەوەتا بارووددۆخەکە هێور دەبێتەوە ئەمەش یارمەتی ئەدا کە گەرمتر بێ وە ئەو کارەش کە پڕ چەك کراوە لەپێناوی دا پەلەی لێ دەکات تاوەکو بە پشتیوانی خوا گەشت بکات !

هەندێ لە هاوڕێیانی دایکی لە گوندەکەدا هەواڵەکەیان بیست ئیتر ئامادە بون هەروەك پێشتر لەسەر شتێك ڕێك کەوتبن.... زمانی هەموویانی وشەی لە یەك نزیکیان ئەدرکاند.

پیرۆزە خوشکم پیـرۆزە، ئەم بچووکە ئەوە دەگێڕێتەوە کە لە دەست چووە، بە پشتیوانی خوا ئەمیش هەروەکو... فلأنەکەس دەبێ ئەم پیاوە نموونە بوو لە گوندەکەدا، باوکی زۆر بە دڵفراوانییەوە خەرجی بۆ ئەکرد تاوەکو شەهادەی باڵای بەدەست هێنا کە خەریك بوو سامانەکەی باوکی تەواو بێت پاشان (خوا دەرووی خێری لێ کردەوە) هەروەك لە گوندەکەدا ئەیان وت: ناوبانگی فڕی و خۆشبەخت بوو سامانە لە دەست چووەکەی گەڕاندەوە وە چەند قاتیش زیاد بوو... بۆ گوندەکەو گوندەکانی دەورووبەری بوو بە نموونەی خۆشی پاش ناخۆشی و ئاوەدان کردنەوەی ماڵ پاش داڕمان. هەموو شتێ دەربارەی گەشتی منالەکە ئەوەی دەر ئەخست کە کارێکی گەورەی لە پێشە هەروەك ئەوە کە بڕوات بۆ ئازاد کردنی عەکاء.! بەلأم هەموو ئەمە لەلایەك و ئاهو حەسرەتی دایك و باوکیشی بۆ کۆچکردنی لەلایەك....

دایکی بەڕاستی هەستی کرد – ئەو دایکەی کە پەلەی گەشتەکەی بوو خۆی بۆ ئامادە دەکردو بە خەونەکانیش گەمارۆ درابوو – ئێستا بەڕاستی هەستی کرد کۆچی ڕاستەقینە جیایە لە کۆچی خەیاڵ.

بەلأم باوکی هەر بە خۆڕاگری و بێدەنگی مایەوە جا کاتێ کە قسەی ئەکرد وشەکان لە قوڕگیا ئەخنکێنران ئیتر بێدەنگ بوو نەوەك بۆی تەواو نەبێت و ئابڕووی بچێت.

دایکی نانی بەیانی بۆ ئامادە کرد لەو خواردنە شیرییەی کە حەزی لێ ئەکرد و خەڵکی گوندەکە پێیان ئەوت (ڕشتە) کە هەویری لوول دراو بوو



Scanned with CamScanner

لە هەویری گەنم ئینجا ئەدرانە پاڵ یەك و پاشان بە چەقۆ و بەڕێکەیەکی تایبەتی ڕێك دەبڕرا ئیتر ئەبوویە تاڵی باریك و درێژ ئەکێشرا بەناو شیرو شەکردا لە بەیانیانیشدا ڕۆن یان کەرێی بەسەردا ئەکرا!

ئەم خواردنەی بۆ ئامادە کرد تاوەکو نانی بەیانی بخوا و هەموانیش لەگەڵیدا نان بخۆن.... وا ڕێك خرابوو کە لەگەڵ ئەو ئەفەندییە گەشت بکات بۆ قاهیرە کە لە ماف دەخوێنێ و کۆتا ساڵییەتی. کە پەیوەندی ژن و ژن خوازی بە یەکییانەوە دەبەستێتەوە تاوەکو بە خاڵی ڕایبسپێرێ ئەمەش بۆ ئەوەی زیاتر لێی دڵنیا بن لەگەشتەکەیدا وە ئەم ئەفەندییەش لەگەڵ قوتابییەکی ئەزهەر ڕێك کەوتبوون تا پێکەوە لە یەك کاتدا گەشت بکەن بۆ بڕینی ئەو ڕێگا دوورو درێژە کە شەمەندەفەر ئەیبڕی.

لەو کاتەیا – کە نزیك بوو – ئەو دوو کەسە لە دەرگا بدەن و داوای بکەن و بڕۆن ئەمیش کەل و پەلەکانی ڕێك دەخست ئیتر کاتی ئەوە بو کە بە شەمەندەفەرەکەدا ڕا بگەن.

مناڵەکەش دوو دڵ و ڕاڕاو هەستی شپرزە و بیری ڕۆشتبوو نەیئەزانی ئایا مژدەی پێ ئەدرێ کە بەڕاستی گەشت بکات بۆ قاهیرە کە چەندین ساڵە خەونی پێوە دەبینێ وە یان نائومێد دەبێ لە بەجێ هێشتنی ئەم جیهانە بچووکەی کە چەندین ساڵە هاوڕێیەتی ئەکا....

هەر کە بانگیان کرد ڕزگاری بوو لەم شپرزییە ئیتر یەك یەك خوا حافیزی لێ ئەکردن دایکی باوەشی پیا کرد توند بە سنگییەوە نووساندی هەروەك ئەوەی بە دڵێکی پڕ ئاهەوە ماڵئاوایی لێ بکات هەر بەری نەئەدا تا باوکی



Scanned with CamScanner

بە میواشی لێی سەندو وشەکانیش لە قورگیا خنکا بوون چونکە بەردەوام لە دەرگایان ئەداو بانگیان ئەکرد.

ئینجا چووە دەرەوە.... باوکیشی چووە دەرەوە بۆ خواحافیزی و پەلەی لە خواحافیزییەکە دەکرد بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لە خۆی و ئەو ئازارەی کە لە ناخیا حەشاری داوە تا بە ئازادی دەری ببڕێ.

دایکی و دوو خوشکەکەی سەیری قاپەکەیان کرد کە نانی بەیانی تیا بوو ... وا سەیریان ئەکرد هەروەك ئەوەی کە ئەمە یادگاری کوڕە گەشتیارەکە بێت ... هەر سەیریان ئەکردو واقیان وڕما بوو....

ئەمە یادگارییەکی پیرۆز یان گەوهەرێکی ڕاوکراوە!

باوکی لە ماڵئاواییەکە گەڕایەوە.

دایکی کە وشەکان لەسەر زمانی ئەلەرزین وتی:

- گەشتی کرد..؟

باوکیشی وتی:

- بە پشتیوانی خوا!

ئیتر هەروەك و منداڵ دایە پرمەی گریان دایکە ئازاکەشی ژان و ئازاری لەیادکردو دڵنەوایی ئەدایەوە! پاشان بە تەنهایی بەجێی هێشت بۆ ئەوەی بۆ خۆی بداتە پرمەی گریان!



Scanned with CamScanner

# ناوه‌ڕۆك


پێشه‌كی ........ 5
دێوانه ........ 6
ئه‌فسه‌ری جومباز ........ 16
قوتابخانه پیرۆزه‌كه ........ 28
نێرده‌یه‌كی پزیشكی ........ 55
سه‌یید حه‌كیم ........ 69
خێوه‌كان ........ 92
بزووتنه‌وه‌یه‌كی ڕۆشنبیری ........ 120
یاسای دزه‌كان ........ 147
كۆكردنه‌وه‌ی چه‌ك ........ 160
درووێنه ........ 170
غه‌م و په‌ژاره‌ی گونده‌كه ........ 188
كۆچ ........ 204




Scanned with CamScanner



ئەم وێنانەی ژیانی گوندلە ماوەی
چارەکە سەدەیەکدا لەگەڵ
مناڵیمدا ژیان، بێجگە لە
گواستنەوەلە پەڕەی یادگاوە بۆ
پەڕەی تیانوس هیچی ترم
نەکردوەونەنوسیوە، ئێستاکەمێک
لەم وێنانە لاچونووێنەی نوێ
شوێنی گرتونەتەوە،
تۆمارکردنیشیان لێرەدا
پارێزگاری کردنە لەژیانی جڤات
ومێژوی نوێ لەتۆمارگەی هونەردا

Scanned with CamScanner